# ژن و
# ئابووریی سەربەخۆ

نەرمین عوسمان

٢٠٢٥

ناوی کتێب:

# ژن و ئابووریی سەربەخۆ

نووسەر: نەرمین عوسمان

بابەت: کۆمەڵەوتار

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد

هەڵەچن: هێرش حەمەسەلیم

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢٥

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٤٠٠٠ دینار

چاپ: چاپخانەی کارۆ- سلێمانی

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی (١٨٢٨)ی ساڵی ٢٠٢٥ پێدراوە

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

لە بڵاوکراوەکانی ئینستتیوتی نارین
بۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە
ژمارە (٦٦)

# ژن و
# ئابووریی سەربەخۆ

نەرمین عوسمان

٢٠٢٥

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

## ئینستتیوتی نارین

ئینستتیوتێکی کوردستانی، توێژینەوەیی قازانج نەویستە. کاری سەرەکیی ئەنجامدانی توێژینەوە و بەدواداچوونی پرسە هەنووکەیی و نیشتمانییە گرنگەکانە. هەروەها چاپ و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکان و سازکردنی کۆڕ و سمینار و کردنەوەی خولی زانستی لەو بوارانەی کۆمەڵگەی کوردستانی پێویستی پێیەتی.

ئینستتیوتی نارین ساڵی ٢٠١٣ لە شاری سلێمانی دامەزرێنراوە.

# پێڕست


گرنگیی کاری ژن لەناو خێزاندا........................................ ١١

گرنگیی ژن لە شوێنی کاردا............................................ ١٥

ئەو بەربەست و کێشانەی رووبەڕووی ژن دەبنەوە بۆ کارکردن........... ١٩

ئەو کێشانەی رووبەڕووی ژن دەبنەوە لە شوێنی کاردا............ ٢٥

خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ژنان لە شوێنی کاردا................ ٢٩

خاڵە لاوازەکانی ژن لە کاتی کار، یاخود گەڕان بە دوای کاردا.......... ٣٣

کارکردنی ژن و کەرتی تایبەت و گشتی........................... ٣٧

هەندێک رێنمایی پێش دەستپێکردنی کار، یاخود پرۆژە......... ٤١

توندوتیژیی دژ بە ژنان لە سیستمی ئابووریدا................. ٤٥

بەهێزکردنی تواناکانی ژن.............................................. ٤٩

سیاسەتی ئابووریی فێمینیستی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا............................................................... ٥٥

ژن و ئابووریی کشتوکاڵی.............................................. ٥٩

رۆڵی ژنانی گوندنشین لە بواری کشتوکاڵیدا.................. ٦٥

ژن لە کەرتی پیشەسازیدا............................................... ٧١

کارکردنی ژنان لە کەرتی پەروەردەدا.............................. ٧٥

کارکردنی ژنان لە بوارەکانی پزیشکیدا ............................. ٨١

ژن لە بواری پەرستاریدا................................................. ٨٧

ژن و کارکردن لە تاقیگەکانی پزیشکیدا............................ ٩١

ژن لە بوارەکانی ڤێتێرنەریدا........................................... ٩٥

ژن لە بوارەکانی ئەندازیاریدا ........................................ ١٠١
ژن و بازرگانیی ئەلکترۆنی ........................................ ١٠٩
ژنانی یاساناس و پارێزەر ........................................ ١١٧
ژنان لە پۆستە باڵاکانی ئابووریدا ........................................ ١٢٥
ژن لە کاری میدیایی و رۆژنامەوانیدا ........................................ ١٣١
ژنان لە کاری فڕۆکەوانیدا ........................................ ١٣٧
ژن و خزمەتی سەربازی ........................................ ١٤٥
ژن و وەرزش ........................................ ١٥٣
ژن و هونەر ........................................ ١٥٩
ژن و هەندێک پرۆژەی دۆستی ژینگە ........................................ ١٦٥
ژن و پیشە خۆژێنییەکان ........................................ ١٦٩

## پێشەکی

جیهان بەگشتی لە گۆڕانکارییەکی خێرادایە، ئابوورییش یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکییەکانی ئەو گۆڕانکارییانە لە بنیاتنان و داڕشتنی سیاسەتدا، بۆیەدا دەبێت بە روانگەیەکی نوێ و گشتگیر بڕوانینە سیاسەتی ئابووری بە بەشداریی ژن و پیاو. با واز لە بیرکردنەوەی تەسک بهێنین و چیتر دابونەریت و کۆسپەکان نەکەین بە بیانوو بۆ رێگریکردن لە بەشداریی ژنان.

راستە سەربەخۆیی ئابووریی ژن گرنگە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی و بەرەنگاربوونەوەی رۆژانی سەخت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە گەشەی بەردەوامی وڵات و گەشەی ئابووریدا دەتوانن رۆڵێکی گرنگ بگێڕن. لەم سەردەمە جەنجاڵەدا چیتر بە یەک دەست ناتوانرێت پێشکەوتوو بین، ناتوانین ئاڵنگارییەکان کەم بکەینەوە، ناتوانرێت ئابووریی ماڵ جێگیر بکرێت.

ئەم کتێبە جگە لە شیکردنەوەیەکی قۆناغەکانی مێژوو، رۆڵی ژن لە ئابووریی سەردەمە جیاوازەکان لەخۆ دەگرێت، باس لە گرنگییەکان دەکەم و پێشنیاری چارەسەرکردن بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداریی ژنان و جۆرەکانی کار و پۆلێنکردنیان بەپێی ئارەزوو و ئاسانکاریی دۆزینەوەی کار.

ژنــان بەشـێکی گرنگن لـە بـەرهـەمـهێـنان و بەکاربردنی بەرهەمەکاندا، بۆیە گرنگە بەشدار بن هەم لە بەرهەمهێناندا و هەمیش لە دارشتنی سیاسەتی بـەرهـەمـەکـانـدا، دواتـریـش سیاسەتی ئابووریی وڵات.

سـەربـەخـۆیـی ئـابـووریـی ژنـــان گـرنـگـە و کـاریـگـەرییـەکی راسـتـەوخـۆی دەبـێـت لـەسـەر پـەروەردە و تەندروستی و داهـاتووی خێزان و کۆمەڵگە بەگشتی.

**نەرمین عوسمان**

# گرنگیی کاری ژن
# لەناو خێزاندا

کارکردنی ژن، یەکێکە لە پێداویستییە هەرە سەرەکییەکانی ژیان، خاڵێکی جەوهەریی بۆ هەردوو رەگەز پێک دەهێنێت و پێگەی کۆمەڵایەتیی زیاتر بە ژن دەبەخشێت. پرستیژێکە تاک دەتوانێت ئارەزوو و پێداویستییەکانی خۆی دابین بکات و لە رێگەیەوە توانا و بەهرە و ئاواتەکانی جێبەجێ بکات و پەرەیان پێ بدات. هەروەها دووری دەخاتەوە لەو کێشە رووکەشانەی کە بەهۆی بەتاڵی و تەنیایی و گۆشەگیریی ماڵەوە بۆی دروست دەبن، لەجیاتی ئەوە بیر لە بابەتی گرنگ و دارشتنی پلانی داهاتووی دەکاتەوە. یارمەتی دەدات زاڵ بێت بەسەر بۆچوونی جیاوازیی نێوان ژن و پیاودا.

ئەو ژنانەی کار دەکەن، زیاتر گرنگی بە پرسە مرۆییەکان و دامەزراوە خێرخوازییەکان دەدەن، هاوکاریی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان دەکەن، هەروەها تواناى رادەربڕین و گواستنەوە و گەیاندنی زانیارییە ئاڵۆزەکانیان بەشێوەیەکی سادە و ئاسانتر هەیە، ئەمەش رەنگدانەوەیەکی ئەرێنی لەسەر پەیوەندیی نێوان خۆی و ئەندامانی خێزانەکەی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەیە.

ژنی خاوەن کار، کەسایەتییەکی هاوسەنگی دەبێت و کاریگەریی گرنگ دروست دەکات لەسەر هۆشیاریی منداڵەکانی، کەسایەتیی سەربەخۆ بنیات دەنێت و ئەوەندە وابەستەی دایکیان نابن.

کاتێک ژن کار دەکات، لە رووی داراییەوە سەربەخۆ دەبێت و رۆڵی سەرەکی لە بەرزکردنەوەی داهاتی خێزاندا وازی دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی باشترکردنی بارودۆخی ژیانیان، لەوانە: باشترکردنی خۆراک و فەراهەمکردنی خوێندنی باش بۆ منداڵەکانیان و بەدەستهێنانی دواڕۆژێکی پرشنگدارتر، دەتوانن سووڕی هەژاریی خێزان تێکبشکێنن، رووبەڕووی بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا و پێداویستییەکانی ژیان ببنەوە، چونکە ساڵانی رابردوو بەهۆی شەڕە دژوارەکان و بڵاوبوونەوەی کۆرۆناوە، هەڵاوسانی ئابووری دروست بوو و بووە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک و کاڵا و سووتەمەنی. هەروەها هەموو خێزانێک هەوڵ دەدەن ژیانێکی شایستە و بەرزتر لە ئاستی ناوەند فەراهەم بکەن، هەروەک ئەوەی ببنە خاوەن ماڵێکی باش و دابینکردنی خوێندنی ئاستبەرز بۆ منداڵەکانیان و خۆیان و ژیانێکی شایستە، ئەوەش بە یەک کەس و یەک مووچە و داهات ئەستەمە دابین بکرێت.

ئەو ژنانەی کاریان هەیە، دەتوانن ئاسانتر رووبەڕووی کێشە نائاسایی و نەخوازراوەکان ببنەوە و بکەونە سەرپێی خۆیان و ژیانیان بەردەوامی پێ بدەن. ئەگەر پیاو بەتەنیا بژێویی خێزان دابین بکات، تووشی دڵەڕاوکێی زۆر دەبێت، بەتایبەتی لە کاتی روودانی کێشە کوتوپڕەکان، وەک: دەرکردنی لە

کار، نەخۆشکەوتنی... بۆیە گرنگە ژنەکەشی کاری هەبێت، یاخود بە پێچەوانەوەش هەر گرنگە.

ئـەگـەر ژن خـاوەنـکـار بـێـت، هـەسـت بە بەرپرسیارێتییەکی زیاتر دەکات؛ مۆراڵی بەرزتر دەبێتەوە و لە زۆر لایەنەوە پشت بە خۆی دەبەستێت، ئەمەش وا دەکات توانای رووبەڕووبوونەوەی کێشە و فشارەکانی ژیانیان بە متمانەیەکی زۆرەوە هەبێت، بەڵام ئەو ژنانەی بێکارن و پشت بە کەسانی تر دەبەستن بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان، ئەگەری کاردانەوەی خراپی دەبێت لەسەر باری دەروونییان و هەستی لاوازی و بێدەسەڵاتییان لا زیاتر گەشە دەکات، بەناچاری دەبنە پاشکۆی ئەو یارمەتیدەرەی کەوا پشتی پێ دەبەستن و لە دەرەوەی ئەو کەسە ناتوانن خاوەن بیرکردنەوەی سەربەخۆی خۆیان بن.

کارکردنی ژنان، هاوکات دەبێتە سەرچاوەیەکی ئیلهامبەخش بۆ کچانی گەنجتر لە خۆیان و هاندەری خواستی کارکردنیان، هەوڵەکانیان چڕتر دەکەنەوە بە مەبەستی گەیشتن بە ئابووریی خۆیان کاتێک گەورە دەبن، بەتایبەت ئەگەر ژنەکە لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بێت.

سەلمێندراوە کەوا ژنان لەو پارەی کارکردنەی دەستیان دەکەوێت، لە سەدا شەستی بۆ خێزانەکانیان خـەرج دەکـەن، بـەڵام پیاوان لە سـەدا چلی خەرج دەکەن.

# گرنگیی ژن
# لە شوێنی کاردا

بوونی ژن لە کاردا، تەنیا سوودەکەی بۆ ژن نییە، بەڵکوو بۆ کارەکەش گرنگە. بوونی ژن لە شوێنی کاردا، دەرفەتی داهێنان و کاری ناوازە زیاتر دەکات. لێکۆڵینەوەکان سەلماندوویانە کاتێک فرەچەشنیی رەگەزەکان لە ژینگەی کاردا دەبن، دەرگای داهێنان و تواناکان والآ دەکات و بەرز دەبێتەوە، ئەزموون و شارەزایی جیاواز بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی کار بە شێوازی جیاواز و نوێتر ئەنجام دەدرێن، ئەمەش وای کردووە کۆمپانیا گەورەکان لەسەر ئاستی جیهان، هەمەچەشنی و هەمەجۆری لە نێوان کارمەندەکانیاندا دروست بکەن لە رووی رەگەز و تەمەن و کولتوور و... هتد. هەروەها ئەو کۆمپانیایانەی ژنان لە پۆستە باڵاکاندا دادەمەزرێنن، کەمتر جیاکاری لەسەر بنەمای رەگەزی تیایاندا هەیە و بە تێپەڕبوونی کات رێژەی ژنانی کرێکار و کارمەند لە کۆمپانیاکەدا بەرز دەبێتەوە و جیاوازیی رەگەزیی تا ئاستی نەبوون کەم دەبێتەوە.

بە شێوەیەکی سروشتی، ژنان دەتوانن لە هەمان کاتدا چەندین کار پێکەوە بکەن. بۆ نموونە؛ لەو کاتەی منداڵەکەی بەدەستەوەیە، دەتوانێت وەڵامی پەیوەندییەکی تەلەفۆنی بداتەوە و لە هەمان کاتیشدا خەریکی چێشتلێنان بێت، بۆیە دەتوانێت چەندین ئەرک لە هەمان کاتدا ئەنجام بدات، ئەمەش وا

دەکات بەرهەمهێنان خێراتر بکەن، کە لەدواییدا دەبێتە هۆی پاشەکەوتکردنی بەشێک لە دارایی دامەزراوەکە و داهێنانیش زیاتر دەبێت.

توێژینەوەکان دەریان خستووە؛ ئەو دامەزراوانەی بایەخیان بە هەمەجۆری و هەمەچەشنی لە دامەزراندندا داوە، فرۆشیان زیاتر دەبێت، کە ئەوەش دەبێتە هۆی قازانجی زیاتر. لە کەرتی گشتیشدا توانیویانە وەکوو کەسی لێهاتوو خۆیان بسەلمێنن.

توێژینەوەکان ئەوەشیان خستووەتە روو، کە ژنان بەهۆی رۆڵ و کاریگەرییانەوە، دەتوانن خۆشەویستی و دڵسۆزیی بۆ کار بەرزتر بکەنەوە لای کارمەندەکان. سەرەڕای ئەوانە، ژنان ئاسانتر لە پیاوان توانای چارەسەرکردنی کێشەی ناو دامەزراوەکانیان هەیە، هەروەها لە شوێنی کاردا وەکوو مامۆستا بە سروشتی خۆی توانای دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی هەیە و دەشتوانێت ببێتە هۆی بەرزکردنەوەی توانای کەسە نەشارەزاکان و دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکان بۆ ئەوەی بە ڕێگەی جیاواز بەهێزی بکەنەوە.

لەو شوێنانەی ڕێژەی ژنی کارکەر زۆر بێت، هەلی کاری زیاتریش دەڕەخسێت. بۆ نموونە؛ زۆربەی جار خاوەن کارگە و دامەزراوەکان

بـۆ پێشـکـەشـکـردنـی کـارئـاسـانـی بـۆ ژنــان و هاوسەنگکردنی بەرپرسیارێتیی خێزان و کارەکەی، باخچەی ساوایان لەناو دامەزراوە یان کارگەکەیدا دروست دەکات، ئەوەش دەرفەتێکی باش دەبێت بۆ کارکردنی چەندین ژنی تر تیایدا.

# ئەو بەربەست و کێشانەی ڕووبەڕووی ژن دەبنەوە بۆ کارکردن

ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییانەی لە سـەدەی بیستەمدا روویـانـداوە، لە واقیعدا لە بەرژەوەندیی ژناندا بوون، چونکە رێخۆشکەر بوون بەرەو خوێندن و کار بچن. ئەو گۆڕانکارییانە بوونەتە هۆی کەمکردنەوەی بەربەست و ئاستەنگەکان کە رێگر بوون لە پەیوەندیکردنی ژنان بە کارەوە. ژنان لە هەموو ئاستەکانی ژیاندا هاتوونەتە پێشەوە، کە پێشتر تەنیا قۆرخ و سنووردار بوون بۆ پیاوان. زۆرێک لەو خانمانەی کە دەرفەتیان بۆ رەخسابێت، چوونەتە دەرەوەی ماڵەکانیان و کار دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەو پێشکەوتنانەش، هێشتا قۆناغی زۆر و بەربەستی چارەسەرنەکراوی زۆر هەن لەبەردەم ژناندا بۆ کارکردن و بەدەستهێنانی پلە باڵاکان لەو بوارەدا.

لـە تـوێـژینـەوەیـەکدا کـە لـە لایـەن کـۆڕبـەنـدی ئابووریی جیهانیی کۆمپانیای زەبەلاحی (ئێرنست و یۆنگ – Ernst & young)ەوە کراوە و بڵاو کـراوەتـەوە؛ ئاماژەیان بـەوە کـردووە کە جیهان پێویستی بە ١١٧ ساڵ هەیە بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی یەکسانیی ئابووریی نێوان ژن و پیاو. هەروەها ئـامـاژەیـان بـەوەش کـردووە کە ئـەو مووچەیەی ئەمڕۆ ژنان وەریدەگرن، هەمان بڕە کە پیاوان ١٠ ساڵ لەمەوبەر وەریانگرتووە.

له ئامارێکی تریاندا ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئەگەر سەیر بکەین دەبینین جیهان پێشکەوتنی بەدەست هێناوە لە رووی پڕکردنەوەی بۆشایی و جیاوازیی جێندەری لە پۆستە باڵاکاندا، بەڵام تەنیا بە ڕێژەی لە سەدا چوار لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لە سەدا سێ لەسەر ئاستی ئابووری. ئەم جیاوازییانە و ئەستەمیی گەیشتن بە یەکسانیی ئابووریی کاری ژن، دەگەڕێنەوە بۆ چەندین بابەتی گرنگ، لەوانە:

– دابونەریتەکان: لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکانی وڵاتە تازەگەشەسەندووەکان، بەتایبەتییش رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا، دابونەریتەکان وایان سەپاندووە ژنان پێویست ناکات لە دەرەوەی ماڵ کار بکەن و کارەکانیشیان سنووردار کراوە، ئەویش تەنیا لە نێو ماڵدایە و پەیوەستە بە بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵەوە. هەروەها بێبەشکردنی کچان لە خوێندن، ئەویش بەهۆی دابونەریتەوەیە و دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی هەلی بەدەستهێنانی کار لەسەر بنەمای بڕوانامە، کە یەکێکە لە ڕێگرە سەرەکییەکان بۆ بەشداریکردنیان لە بازاڕی کاردا.

– دیدی کۆمەڵگە بۆ ژنانی کرێکار: هەندێک کۆمەڵگە بە چاوێکی نەرێنی و پڕ لە گومانەوە سەیری ژنانی کرێکار دەکەن، تا ئەو رادەیەی

هەندێک جار بە چاوێکی نزم سەریریان دەکەن.

– کێشەی خێزان کە رووبەڕووی ژنانی کرێکار و کارمەند دەبنەوە: ئاستەنگ و کێشەکانی کارکردنی ژنـان، تەنیا بەهۆی فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان و دابونەریتەوە نین، ئەمانە بە هەندێک ئیرادە و بە کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتەکان دەتوانرێت تێپەڕێنرێن، بـەڵام ئـەوەی زۆرتـریـن ئارامیی ژنـی (کرێکار و کارمەند) تێک دەدات؛ ئەو ئاستەنگانەن کە بەهۆی باری خێزانییەوە دروست دەبن، جار هاوسەر بێت، یاخود منداڵ، یان کەسوکار... ئەم گرفتانەش بریتین لە:

١- هـاوسـەرەکـە کـاری ژنـەکـەی لا پەسەند نییە؛ هەندێک لە پیاوان کارکردنی ژنەکانیان لە دەرەوەی ماڵ لا پەسەند نییە و دژی دەوەستنەوە، بەهۆی کۆمەڵێک فاکتەرەوە، وەک: کۆنەپەرستی و پابەندبوون بە دابونەریتێکی نەخوازراوی دژ بە ژن، یاخود بەبیانووی ئەوەی کە ئەگەر ژن کاری دەرەوە بکات، ناتوانێت ئەرکی ماڵەوە بە رێکوپێکی ئەنجام بدات و کەمتەرخەم دەبێت لە چاودێریی خێزاندا.

٢- ئاستەنگەکان لـەبـەردەم پـەروەردەکـردنـی منداڵ: لە کۆمەڵگەکانی وڵاتانی جیهانی سێ بەگشتی و وڵاتـانـی رۆژهـەڵاتـی نـاوەڕاسـت و بـاکووری

ئەفریقا بەتایبەتی، پەروەردەکردن و چاودێریکردنی منداڵ ئەرکی سەرەکیی دایکە، ئەگەر هاوکاریی ناو ماڵ و دەرەوەی ماڵ نەبێت بۆ پەروەردەکردنی و چاودێری لە کاتی کارکردنیان، ئەوا بێگومان دەبێتە بەربەستێکی گەورە و ناتوانێت هاوسەنگیی لە نێوان ئەو دوو ئەرکەدا بکات.

٣- راگرتنی هاوسەنگیی ئەرکی ماڵەوە و دەرەوە: ئەرکی کارکردن لە دەرەوەی ماڵ و ناو ماڵ، قورساییەکی جەستەیی و دەروونیی لەسەر ژن دروست دەکات و ئەستەم دەبێت بتوانێت هەردووکیان بەیەکەوە بەو قورسییە ئەنجام بدات ئەگەر هاوکاری نەبێت.

٤- دووگیانی و منداڵبوون: لە کاتی دووگیانبوونی ژن، لە شوێنی کارەکانیان تووشی ئاستەنگ دەبنەوە، سترێس و قورسیی کارەکەی، ئەگەری هەیە ببێتە هۆی لەبارچوون، یاخود کاریگەریی لەسەر تەندروستیی جەستەیی و دەروونییان دەبێت، بەتایبەتییش ئەگەر یاسایەک نەبێت پارێزگارییان لێ بکات.

٥- کێشەی پەیوەندیی خێزانی: ڕەنگە ژنی خاوەن پیشەی دەرەوەی ماڵ نەتوانێت کاتێکی تەواو بدۆزێتەوە تا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ماڵ و هاوسەرەکەی و کەسوکاری ئەنجام

بدات، ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خێزان لەگەڵ دەوروبەریان، دواتریش دەبێتە هۆی پەیدابوونی گلەیی و نارەزایی، دواتریش دەبێتە بەربەست لەبەردەم کارکردنی.

# ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی ژن دەبنەوە لە شوێنی کاردا

ژنـان هـەوڵ دەدەن لە شوێنێک کـار بکەن کە لەگەڵ پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان بگونجێت و ئارامی و ئاسوودەییان پێ ببەخشێت، بەڵام بەشێک لەو ژنانە لەم جۆرە شوێنانە کاریان دەست ناکەوێت و تووشی ئاستەنگ دەبنەوە.

هەراسانکردن و دەستدرێژی لە شوێنی کاردا:

هەندێک لە ژنـان لـە شوێنی کـار و لـە لایـەن هاوپیشەکانیانەوە رووبـەڕووی هەراسانکردن و دەستدرێژی دەبنەوە، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر باری دەروونییان دەکات؛ دەبێتە هۆکار بۆ کەمتەرخەمی لە کارەکەیاندا. یەکێک لەو شتانەی لێی دەتـرسـن، نـاوزڕانـدن و تێکدانی پەیوەندیی خێزانییە. زۆربەی جار ئەو ژنانە زانیارییان نییە چۆن پارێزگاری لە خۆیان بکەن، یاخود شارەزای یـاسـاکـانـی کـار نـیـن، بـۆیـە ئـەگـەری هـەیـە هیچ چارەسەرێکیان لە لا نەبێت و واز لە کارەکە بهێنن، بەم شێوەیە ماف و دەرفەتی کارەکەیان لە دەست دەدەن.

بەپێی راپۆرتێکی کۆمپانیای (مەکەنزی)، ئەو ژنانەی بەهۆی دەستدرێژی و هەراسانکردنەوە لە کارەکانیان واز دەهێنن، زۆر زیاترن لەوانەی بەهۆی هۆکارێکی دیکەوە وازیان هێناوە.

جگە لە هەراسانکردن و گێچەڵپێکردنی سێکسی، کە کاریگەرترینیانە، چەندین هۆکاری دیکەش هەن، لەوانە:

- شوێنی کار: ئەگەر شوێنی کارەکەی لە ماڵەکەیەوە دوور بێت و هیچ ئامرازێکی گواستنەوەی تایبەت و شیاو نەبێت، یاخود بەردەست نەبێت، تێچوو و وزەیەکی زۆری پێویست دەبێت، بەناچاری واز لە کارەکەی دەهێنێت، بەتایبەتییش ئەگەر شوێنی نیشتەجێبوونی، یاخود بە پێچەوانەوە شوێنی کارەکەی لە دەرەوەی شار بێت.

- نایەکسانی لە مووچەدا: لە زۆر وڵات و لە زۆربەی کارەکاندا بە بیانووی جیاوازەوە مووچەی ژنان یەکسان نییە لەگەڵ مووچەی پیاوان، جیاوازییەکانیش لە نێوان لە سەدا دە بۆ لە سەدا سییە بۆ هەمان کار.

- تەشەر و قسەی نابەجێ: ئەگەری ئەوە هەیە زۆر جار بەهۆی ئیرەییەوە قسەوقسەڵۆکی نەشیاو لە شوێنی کاردا بۆ ژنان هەڵببەسترێت و خاڵە لاوازەکانی هاوپیشەکان بکرێتە دەرفەت بۆ ئەوەی زیان بە یەکتری بگەیەنن، یاخود درۆ و بوختان بکرێت بۆ ئەوەی کەسایەتی بشکێنن و وێنەی راستەقینەی بشێوێنن و شوێنی کارەکەی پێ لەق بکەن.

– سروشتی بەرپرس، یاخود بەڕێوەبەری کار: هەندێک جار ئەگەری ئەوە هەیە بەڕێوەبەرەکە ببێتە مایەی سەرئێشە و دروستکردنی کێشە و ناڕەحەتی، بەتایبەتییش ئەگەر کەسێکی نێرسالار بێت، یاخود باوەڕی وابێت کە ژنان کەمتواناترن لە پیاوان، یان لە سروشتی پێکهاتەی جەستەی ژن و کێشە تەندروستییەکانی شارەزا نەبێت، یاخود بیەوێت بە مەبەست شوێنی کارەکەی پێ چۆڵ بکات. بۆ ئەوەش، کاری قورستر لە توانای ژنەکە دەخاتە ئەستۆی.

– جیاکاریی رەگەزی لە شوێنی کار: هەندێک خاوەنکار پێیان باشە پیاو دابمەزرێنن نەک ژن، پێوەرەکانی لێهاتوویی و ئەزموون و بڕوانامە پشتگوێ دەخەن، بەشێوەیەک تەنیا بە دیدی نێرسالارییانە دەستنیشانی کارمەندەکان دەکات و پۆستە گرنگەکانیش پشکی شێر دەدات بە پیاوان، ئەمەش دەرفەتی خۆسەلماندن لەبەردەم ژن کەم دەکاتەوە.

# خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ژنان لە شوێنی کاردا

ئەگەر ژنان بیانەوێت لە پیشەکانیاندا سەرکەوتوو و سەقامگیر بن، دەبێت دەستنیشانی خاڵە بەهێزەکانیان بکەن بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە لە بواری کارەکانیاندا بەکاریان بهێنن و سوودیان لێ وەربگرن و بەردەوامیش هەوڵی بەهێزکردنیان بدەن. هەروەها نابێت چاو لە خاڵە لاوازەکانیش بپۆشن، باشتر وایە دانیان پێدا بنێن بۆ ئەوەی بتوانن مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن و زاڵ بن بەسەریاندا. بۆ بەهێزکردنی خاڵە لاوازەکانیان، دەکرێت سوود لە ئەزموون و ئامۆژگاریی کەسانی باوەڕپێکراو و شارەزا ببینن.

خاڵە بەهێزەکانی ژنان لە شوێنی کاردا:

- لە بواری پەیوەندیدا باشترن بەراورد بە پیاوان: ئەم خەسڵەتەی ژنان، یارمەتیدەرە بۆ دوورکەوتنەوە لە هەندێک قەیران و کێشە، کە لە ئەنجامی هەڵە تێگەیشتن و خراپیی پەیوەندیکردندا دێنە ئاراوە.

- لەگەڵ تیمی کار باش خۆیان دەگونجێنن: ژنان سەلیقەیەکی باشیان هەیە بۆ کاری پێکەوەیی و گرووپ، بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی زانیاری و ئەزموونەکان و دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسیارێتیی دوور لە تاکڕەوی و ئارەزووی دەرکەوتن، ئەمەش وایان لێ دەکات نموونەیەکی نایاب بن بۆ کاری پێکەوەیی.

- خۆفێرکردن و هەوڵدان بۆ سەلماندنی خود: بە

بەراورد لەگەڵ هاوپیشە پیاوەکان، زۆر جار ژنانی کرێکار و کارمەند هەست دەکەن دەبێت لە پیاوان زیاتر کار بکەن و هەوڵی فێربوونی زیاتر بدەن بۆ ئەوەی بەسەر ئاستەنگەکاندا زاڵ بن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک، گرنگترینیان: ژنان دەزانن قورستر دەتوانن پۆست و پیشەی خوازراو و مووچەی بەرز بەدەست بهێنن بەراورد بە پیاوان، کە ئاسانتر دەستیان دەگات بە خواستەکانیان...

– گرنگیدان بە وردەکارییەکان: ژن خۆڕسکانە وردبینە و بایەخ بە وردەکاریی دەدات، ئەمەش بە ئەرێنی بۆ کار دەگەڕێتەوە، هەر بۆیە ژنان زۆربەی جار لە دۆزینەوەی هەڵەی بچووک لە شوێنی کارەکانیاندا سەرکەوتوو دەبن، کە رەنگە زۆرێک لە هاوپیشە پیاوەکان هەستیان پێ نەکردبێت.

– روانگەی ئەرێنی و رۆحیەتی گەشبینی: ژنان زۆربەی کات روانگەیەکی ئەرێنییان هەیە، ئەمەش یارمەتییان دەدات باشتر مامەڵە لەگەڵ قەیران و بارودۆخە سەختەکاندا بکەن، کە کاردانەوە و کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ژینگەی کارکردنیش دەبێت.

– توانای چارەسەرکردنی کێشەکان: بەشێوەیەکی گشتی، ژنان توانایەکی زۆریان هەیە بۆ دۆزینەوەی کێشەکان و گەڕان بەدوای بیرۆکە و رێگەی گونجاو بۆ چارەسەرکردنیان، هەروەها بە لایانەوە نە شەرمە

و نە ئەستەمە ئەگەر داوای هاوکاریی لە کەسانی تر بکەن بۆ مەبەستی گەیشتن بە چارەسەرەکان.

– گەڕان بەدوای کوالێتیی باشدا: بە حوکمی ئەوەی ژنان ڕۆژانە کەلوپەل و ئامرازەکان بەکار دەهێنن، بۆیە بەدوای کوالێتیی باشدا دەگەڕێن، ئەم خەسڵەتە، لە جۆری بەرهەم و کارەکانیاندا ڕەنگ دەداتەوە.

– شارەزایی لە ڕێکخستن: ژنان بەگشتی توانای ڕێکخستنێکی زۆر باشیان هەیە لە ڕێکخستنی کات و بەکارهێنانی سەرچاوەکان بەشێوەیەکی کارا و کاریگەر و تەواوکردنی ئەرکەکانیان لە کاتی خۆیدا.

– ژینگەی پاک: ئەو شوێنانەی کار کە ژن بوونیان تێیدا هەیە، دەبینین ڕاگرتنی ژینگەی پاک و جوانکاریی شوێنی کارەکان بەتەواوی بە دی دەکرێت.

– ژن لە فرەکاردا باشە: بەگوێرەی ماڵپەڕی (Survey Bee)، لەگەڵ ئەوەی ژنان زیاتر لە پیاوان کاریان پێ دەسپێردرێت و سەرەڕای زۆر پچڕانیان، ئاسانتر و خێراتر دەگەڕێنەوە سەر کارەکانیان و ئەنجامێکی باشتر و زیاتر لەچاو پیاوان بەدەست دەهێنن، ئەمەش بەهۆی ئەوەیە کە لە فرەکاردا باشن، بۆیە دەتوانن هاوسەنگیی لە نێوان کار و خێزاندا ئەنجام بدەن. ئەم توانایە کاریگەریی ئەرێنی لەسەر بەرهەمهێنانی ژنان هەیە.

# خاڵە لاوازەکانی ژن لە کاتی کار، یاخود گەڕان بە دوای کاردا

زۆربەی جار زۆرێک لە ژنان بە توندی ڕەخنە لە خۆیان دەگرن و بایەخ بە دەستکەوتەکانیان نادەن، ناڕازین لە ئەنجامی کارەکانیان، چونکە هەست دەکەن پێویستیان بە کاری زیاتر و دەرفەتی باشترە، ئەمەش دەبێتە هۆی هەستکردن بە ماندووبوون لە رووی دەروونی و جەستەییەوە و بە تێپەڕبوونی کاتیش، دەبێتە هۆی لەدەستدانی گوڕوتین.

هەندێک لەو خاڵە لاوازانەی کە لە لایەن بەشێک لە ژنان بە دی دەکرێن:

- ترس لە چاوپێکەوتن لە کاتی گەڕان بە دوای کاردا: زۆرێک لە ژنان هەست بە دڵەڕاوکێ و دوودڵی دەکەن لە کاتی قسەکردن لەبەردەم خەڵکدا، جا لە کۆبوونەوەدا بێت، یاخود لە کاتی چاوپێکەوتن بۆ کارێک. دەکرێت ئەمە چارەسەر بکرێت بە بەشداری لە خولی ڕاهێنانی پەیوەست بە هونەری قسەکردن لەبەردەم خەڵکدا.

- ڕاڕایی و کامڵی: هەندێک لەو ژنانەی کار دەکەن، دەیانەوێت باشترین و پێرفێکت بن لە کارەکانیاندا، ئەمەش بارگرانییەکی زیاد لە پێویستیان لەسەر دادەنێت و توانای بەردەوامبوونیان لەگەڵ خێرایی کارەکانیان کەم دەکاتەوە، لەکاتێکدا باشترین بژاردە، ئەوەیە کارەکانیان بە کوالیتیی بەرز و خێراتر تەواو بکەن و خۆیان بەدوور بگرن لە پێرفێکتی و کامڵی.

- نەبوونی ئەزموون و لێهاتوویی پراکتیکی و ڕاهێنانی تەکنیکی: ئەم خاڵە، یەکێکە لە خاڵە لاوازە دیارەکانی زۆرێک لە ژنانی کرێکار، زۆر جار دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەرفەتی ڕاهێنانی کرداری و خوێندن و ڕاهێنانی تەکنیکی لەبەردەستی ژناندا سنووردار کراوە، هەلی بەدەستهێنانی ئەزموون و لێهاتوویی پراکتیکییان کەمە، کە پێویستییەکی گرنگە بۆ ئەوەی کارەکانیان بە باشتر ئەنجام بدەن.

- هەندێک جار زیاد لە پێویست بایەخ بە وردەکاریی بچووک دەدەن: گرنگیدان بە وردەکارییە بچووکەکان، بەدڵنیاییەوە دەتوانێت سوودێکی بەراوردکاری بە ژنانی کرێکار و کارمەند بگەیەنێت لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانی ڕۆژانەیان، بەڵام زیادەڕەوی لە گرنگیدان بە وردەکارییەکان تا ڕادەی ڕاڕایی، کاردانەوەی نەرێنیی دەبێت و کاریگەری لەسەر ریتمی کارکردن دەبێت.

- دوودڵی لە ڕەتکردنەوەی بارگرانی و ئەرکی زیادە: زۆر جار ژنانی کرێکار ناتوانن ئەو ئەرکە زیادانە ڕەت بکەنەوە کە لە لایەن بەڕێوەبەر و هاوکارەکانیانەوە داوایان لێ دەکرێت، ئەمەش بارگرانییەکی زیاتریان دەخاتە سەر و دەبێتە هۆی هەستکردنیان بە ماندووبوون، کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر توانای ئەنجامدانی کارە سەرەکییەکانیان دەبێت.

– ترس: هەندێک ژن هەن کاتێک بارودۆخی سەخت و مەترسیدار بەسەریاندا زاڵ دەبێت، ترسی تەواویان لێ دەنیشێت و دەبێتە هۆی ئەوەی دەستبەرداری ئامانجەکانیان ببن و ئیرادەیان لەدەست دەدەن، ئەمەش زۆربەی جار لە کاتی دروستبوونی دۆخێکی نەخوازراودا پەیدا دەبێت. هەندێک خاڵی تریش هەیە کە ڕەنگە لە زۆربەی کەسدا بە ژن و پیاوەوە هەبێت، وەک: بێمتمانەیی، ڕەخنەگرتنی زۆر و لە هیچ ڕازینەبوون، کەللەڕەقی، کەسایەتی نەرێنییانە، دواخستنی کار، سەرقاڵی بە چەند کارێک و بێتوانایی لە دەستپێشخەری... هتد.

دەستنیشانکردنی خاڵی لاواز و بەهێز لای هەر تاکێک، چ ژن و چ پیاو، گرنگە، بەڵام جەخت و فۆکەسکردن لەسەر خاڵە بەهێزەکان، ژیانێکی باشتر فەراهەم دەکات و کەسەکە زیاتر هەست بە ئارامیی دەکات، بەڵام ئەوەش ناگەیەنێت گوێ بە خاڵە لاوازەکان نەدرێت. دەکرێت خاڵە لاوازەکان پۆلێن بکرێن، ئەوانەی بەئاسانی دەتوانرێت باشتر بکرێن، بۆ نموونە؛ لە ڕێگەی ڕاهێنان و خول و ڕێنوێنییەوە، دەبێت بخرێنە هەنگاوەکانەوە بە کردەوە. ئەوانەی ئەستەمترن، دەکرێت سوود لە ڕێنمایی پزیشک و پسپۆڕەکان وەربگیرێت، چەندین ڕێگە هەیە بۆ خۆبەهێزکردن، هیچ کەسێکیش نییە هەردوو لایەنەکەی نەبێت؛ خاڵی بەهێز و خاڵی لاواز.

# کارکردنی ژن و
# کەرتی تایبەت و گشتی

دیدگای لاوازی و نیوەیی بەرانبەر بە ژن، هێشتا گەورەترین بەشی ئەو کێشانە پێک دەهێنێت کە ژنان تا ئێستاش بەدەستیانەوە دەناڵێنن. سەرباری ئەو هەموو ئاڵنگارییانەی رووبەڕوویان دەبنەوە، ئەو کێشانەی دەبنە رێگر و و پەراوێزخستنیان، بەڵام توانیویانە لەو بوارانەدا کە کاریان تێدا کردووە، سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست بهێنن.

چەندین سەدەیە، لەگەڵ هاتنی چەندین نەوەی جیاواز، ئایدیا و ئایدۆلۆژیای جیاوا، کولتووری جیاواز، هێشتا ئەم دیدگایە بەسەر بە هەموو پایەکانی کۆمەڵگەدا زاڵە، هەیە ژنی کردووە بە کاڵایەکی بازرگانی و کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکات، هەشە دەیەوێت ژن نابینا و نابیست بێت و لە ماڵەوە قەتیس بکرێت لەژێر ناوی پاراستنی، هەشیانە بێبەرانبەر کاری کرێکاری و جووتیارییان پێ دەکەن. پیاویش هەیە خۆی وا لە قەڵەم دەدات کە باوەڕی بە یەکسانیی ژن و پیاو هەیە، بەڵام لە کرداردا بە پێچەوانەوە رەفتار دەکات و دووڕووە؛ ئەمانە لە کەسە دژەکان مەترسیدارترن. کەسانێکیش هەن بە ناوی ئایین و شەریعەتەوە بە هەڵە لێکدانەوە بۆ دەق و فەرموودەکان دەکەن و خۆیان دەکەن بە موشەریع و فەتوا دەردەکەن و هەمووشی بۆ چەوساندنەوەی ژنە.

لەگەڵ ئەم هەموو کێشانەی کە رووبەڕووی ژنان دەبنەوە، هێشتا زۆرانبازی لەگەڵ ئەم دیدگا

کۆنەپەرستانەیە دەکـەن بۆ ئـەوەی پێگەی خۆیان بەهێز بکەن و بیچەسپێنن، یەکێکیش لەو بوارانەی کە شەڕی بۆ دەکەن، ئابوورییەکی سەربەخۆیە. تێڕوانینی کۆمەڵگە وایە کە ژن لە کەرتی گشتیدا کار بکەن باشترە لە کەرتی تایبەت، ئەمەش بەهۆی چەندین فاکتەرەوەیە کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا ئاماژەیان بۆ دەکەین:

- نـەبوونـی بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی وەک ئـەوەی لـە کـەرتـی گشتی و یاساکانی کـاردا هەیە، هەروەها زۆر جار و لە زۆر شوێن دەرماڵەی مەترسییان پێ نادرێت ئەگەر کارەکانیان مەترسیدار و زیانبەخش بێت، وەک ئامرازێک و ئامێرێک کاریان پێ دەکەن، ئەگەر بە هەر هۆکارێکیش کەمێک لە کار بوەستن، بەبێ هیچ قەرەبوویەک و پاداشتێک دووریان دەخەنەوە.

- زۆر جـار بـەهـۆی نـەبوونـی کـار لـە جـۆری پسپۆڕییەکان، ناچار دەبن لە بوارێکدا کار بکەن کە پەیوەندی بە پسپۆڕییەکانیانەوە نییە، ئەمە کاریگەری لەسـەر ئـەدای کارەکەیان دەبێت و ناتوانن داهێنەر بن، ئەمە جگە لەوەی کەسەکە باری دەروونیی ئارام نابێت، دوای ماوەیەکیش ئەو زانستەی فێری بووە، بیری دەچێتەوە.

- بێبەش دەبـن لـەو ئیمتیازاتانەی کە لە کەرتی گشتیدا هـەیـە، وەک: پـلـەبـەرزکـردنـەوە، زیادکردنی مووچە، ئیفاد، خانەنشینی و بەخشینی زەوی...

- مۆڵەتی منداڵبوون و نەخۆشیی زۆر کەمترە بەراورد لە کەرتی گشتی.
- کاتەکانی کارکردن لە کەرتی تایبەت زیاترە لە کەرتی گشتی.
- لە کەرتی گشتیدا ئەگەری گەیشتن بە ناوەندی بڕیار زیاترە لە کەرتی تایبەت و پلەبەندی هەیە.
- یاساکانی بیمەی کۆمەڵایەتی کەموکوڕی تێدایە و جێگەی باوەڕیش نین و جاری واش هەیە لە لایەن خاوەنکارەوە بیمەی بۆ ناکرێت و بەدواداچوونیش نییە لە لایەن سەندیکا پەیوەندیدارەکان و حکومەتەوە.
- خاوەنکار مافی ئەوە دەدات بە خۆی هەر کات و بە هەر بیانوویەک بێت کرێکار، یاخود کارمەند لەسەر کارەکەی لابدات، بەبێ بوونی هیچ قەرەبوویەک.
- زۆر جار دیدگای کۆمەڵگە بۆ ژنی کرێکار یاخود خاوەن پیشە لە کەرتی گشتیدا تەندروستترە.
- ئەو ژنانەی لە کەرتی تایبەتدا کار دەکەن، لە هاوسەرگیری و منداڵبوون دەترسن، نەوەکوو ببێتە هۆی دەرکردنیان لە کار.

لەگەڵ ئەم هەموو ئاڵنگارییانەش، ژنان بەناچاری و بەهۆی ئەو بارە ئابوورییەی ناوچەکە و جیهان پێیدا تێدەپەڕێت، پەنا دەبەنە بەر کار بۆ پەیداکردنی بژێوی. ئەگەر کەرتی تایبەت وەک کەرتی گشتی مافەکانی تاک فەراهەم بکات، ئەوا قورسایی لەسەر کەرتی گشتی زۆر کەمتر دەبێتەوە.

# هەندێک ڕێنمایی پێش دەستپێکردنی کار، یاخود پڕۆژە

بۆ ئەوەی پرۆژەیەکی تایبەت بە خۆت دابمەزرێنیت و سەرکەوتوو بیت، پێویستت بە چەند تێبینییەک هەیە کە پەیڕەویان بکەیت، وەک:

- جدیبوون و ئارەزووو و ئامانج: هەر یەکێک لە ئێمە ئارەزوو و ئاواتێکی هەیە، کە هەوڵ دەدات بەدەستی بهێنێت. بۆ بەدەستهێنانیشی، دەبێت پلانمان هەبێت، پلانیش دەبێت هەنگاوی کرداریی بۆ بنرێت و هەنگاوەکان بەپێی ریزبەندی و لەبەرێتی جێبەجێ بکرێن، دەنا تەنیا لە حەز و ئارەزوودا دەمێنێتەوە و چەقبەستوو دەبێت.

- جیاوازبوون و تایبەتمەندی: ئەگەری ئەوە هەیە هەمان بیرۆکەی تۆ جێبەجێ کرابێت و بووبێت بە پرۆژە، رەنگە هەمان کاڵا بفرۆشیت؛ بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بیت، دەبێت جێدەست و تایبەتمەندیی خۆتی پێوە دیار بێت. باش نییە هەمان شێوازی سەرکەوتووی کارەکان کۆپی بکەیتەوە، دووبارەی هەمان شێوە بێت و مۆرکی خۆتی پێوە دیار نەبێت. گەر خەڵک تازەگەریی تێدا بە دی نەکەن، کەمتر رووی تێ دەکەن.

- چاوەڕوانیی سەرکەوتن و رەتکردنەوەی شکست: پێویستە باوەڕت بە توانا و سەرکەوتنت هەبێت و بە متمانەوە کار بکەیت، بۆ ئەوەی وشەی شکست نەچێتە ناو پرۆژەکەتەوە.

- دەستنیشانکردنی خاڵە بەهێزەکان: هەموو تاکێک خاڵی بەهێزی خۆی هەیە، کاتێک هەنگاو بۆ دەستەبەرکردنی پرۆژەیەک دەدەیت، بایەخ بەو خاڵە بەهێزانە بدە و بەهەندیان وەربگرە، ئەمە وا دەکات زیاتر سەرکەوتوو بیت. دەکرێت لە هەمان کاتدا خاڵە لاوازەکانیش بە فێربوون و ڕاهێنان بەهێز بکرێن.
- بایەخی بیرۆکە: بیرۆکە یەکەم هەنگاوە و گرنگە، پرۆژە بە بیرۆکە دەست پێ دەکات و هەموو قۆناغەکانیشی لەسەر بنەمای ئەو بیرۆکەیە دادەمەزرێن و بەڕێوە دەچن.
- پلاندانان بۆ دەستپێکردنی پرۆژە: پێویستە هەر پرۆژەیەک پلانێکی ڕوونی داڕێژراوی هەبێت، کە بتوانرێت بەو کەرەستانەی لەبەردەستدان، جێبەجێ بکرێت و پلانی جێگرەوەش هەبێت، کە پێی دەوترێت «پلان B».
- گرنگیدان بە وردەکارییەکان: دەبێت پرۆژەکە و قۆناغەکانی جێبەجێکردنی بەوردی بنووسرێن و لەگەڵ توانا و واقیعدا بگونجێن و لە خەیاڵپڵاوی دوور بن، بۆ هەر قۆناغێک کات دیاری بکرێت و هەوڵ بدرێت لە کاتی خۆیاندا بەئەنجام بگەیەنرێن، سەرەڕای ئەمانەش، بەدواداچوونی ورد بکرێت بۆ هەموو قۆناغەکان لە کاتی جێبەجێکردنیاندا.

- تیمی گونجاو و سەرکەوتوو: پێش دەستبەکاربوون و لە کاتی دەستبەکاربووندا، دەبێت تیمێکی باش هەڵبژێردرێت کارت لەگەڵدا بکات.

- ئامادەکاریی پێشوەختە: بۆ هەموو مەترسییەک خۆتت بۆ ئامادە کردبێت، بۆ نموونە؛ باری ئاسایش، گرانبوون یان نەمانی کەرەستە، گۆڕانکاریی کەشوهەوا، دۆخی بازاڕ...هتد، لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەوانە لە کاتی داڕشتنی پلانی پرۆژەکەت.

- تێگەیشتن لە بازاڕ و شوێنی کار: لەو خاڵە گرنگانەی کە دەبێت پێش دەستبەرکابوون هەڵسەنگاندنت بۆ کردبێت، دیراسەکردنی بازاڕ و ئەو شوێنەیە کە دەتەوێت کاری تێدا بکەیت، بۆ نموونە؛ ناکرێت خەون و پلانی دانانی رێستۆرانتێکت هەبێت لە کاتێکدا بازاڕ پڕ بووە لەو جۆرە رێستۆرانتە، ئەگەر جیاواز و ناوازە نەبێت، ئەوا سەرکەوتنی گەورە بەدەست ناهێنێت.

# توندوتیژیی دژ بە ژنان
# لە سیستمی ئابووریدا

زانستی ئابووری، لە داننان بە بەشداریی ژن لە ئابووریدا، شکستی هێناوە، بەتایبەتییش لە رووی ئەرکی منداڵبوون و چاودێریی بێبەرانبەر، بەڕوونیی دیارە بۆ لایەکی رەگەزیی شکاندوویەتییەوە.

چەمکی (مرۆڤی ئابووری) مەبەستیان پیاوی ئابوورییە، کە یەکێکە لە دیارترین نموونە لەم بوارە زانستییەدا. بۆ چەندین سەدە کرێی (کار) پێناسە کراوە، بەڵام هیچ کرێیەک بەرانبەر کاری ناوماڵ دانەنراوە. سیستمی ئابووریی سەرمایەداری، ئەرکی چاودێریی منداڵ و چاودێریی ئەندامانی خێزان و ئەرکی ناوماڵیان بە کار ئەژمار نەکردووە، بە بێ بەرانبەر خستوویانەتە ئەستۆی ژن، چونکە بە کارێکی بەرهەمهێنی کاڵا دانەنراوە کە کڕین و فرۆشتنی لە بازاڕدا پێوە بکرێت. مەبەستێکی شاراوە لە پشت ئەمەوەیە، ئەویش ئەگەر ژن ئەو ئەرکانەی ماڵەوە ئەنجام بدات، ئەوا پیاوان دەتوانن لە دەرەوە و لەناو کارگەکان کار بکەن و بەرهەمهێن بن، بەهۆی ئەمەشەوە: سوپایەک لە دەستی کاری بێ کار و بێ کرێ دروست دەبێت و سەرمایەداریش ئاسانتر دەتوانێت یاریی بە کرێی پیاوە کرێکارەکانەوە بکات و کرێکانیان لە ئاستێکی نزمدا دابنێت، بەڵام ئەگەر ژنانی ماڵ بەرانبەر مووچەیەک کاریان بکردایە، ئەوا بێگومان پیاوانی

کرێکار ناچار نەدەبوون داوای زیادکردنی کرێیان بکردایە بۆ دابینکردنی داواکاری و پێداویستییەکانی ژیان، بۆیە تەرخاننەکردنی نرخ و بەهایەک بۆ ئەو کارانەی ژن، ڕێگە لەبەردەم سەرمایەدار خۆش دەکات کە مووچەی کرێکاران لە ئاستێکی نزمدا بهێڵنەوە.

لەم ڕوانگەیەوە؛ کاری بێ مووچە بۆ ژنان، لە ڕەگ و ریشەوە لە سیستمێکی کۆمەڵایەتیدایە کە پیاوان بەشیاوتر دادەنێت بەراورد بە ژنان. لە ناوەڕۆکدا سیستمێکی ئابووریی نێرسالاری و ڕەگەزییە و بە شێوەیەکی فراوانتریش دەتوانین بڵێین نەک تەنیا چەوساندنەوەی مرۆڤە لەسەر بنەمای ڕەگەزی، بەڵکوو لەسەر بنەمای خاوەندارێتیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و زیادکردنی سەرمایەشە.

ئادەم سمیس، کە بە یەکەم تیۆریستی سەرمایەداری دادەنرێت و لە لایەن زۆر کەسیشەوە بە باوکی ئابووریی مۆدێرن ئەژمار دەکرێت، نزیکەی دوو سەدە لەمەوبەر لە لاپەڕەکانی کتێبە گەورەکەیدا (ئابووری و سامانی گەلان)، دوو جۆر لە کرێکاری جیا کردووەتەوە؛ یەکەمیان، کرێکاری بەرهەمهێنەرە و بەهایەکی ئابووری دابین دەکات بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی وەبەرهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییە نرخدارەکان، کە لە بازاڕدا

ئاڵوگۆڕیان پێ دەکرێت. دووەمیان، کرێکاری خزمەتگوزاری بێبەرهەمن، ئەوانەن لە کاتی تەواوکردنی کارەکانیان، لەناودەچن و هیچ نرخ و بەهایەکی سووڕاو (ئاڵوگۆڕ)ی پێوە ناکرێت، وەک: کاری ناوماڵ، کە بە رای ئادەم سمیس، هیچ شتێک نییە جگە لە ئارامی و ئاسوودەیی بۆ پیاوەکەی.

مێژوو زۆربەی کات ئەرک و ماندووبوونی ژنانی لەبیر کردووە، بە هەمان شێوە ئابووریناسان و تیۆریستەکانیشیان، ئەمەش جۆرێکە لە توندوتیژیی دژ بە ژنان لە سیستمی ئابووریدا، بەتایبەتییش لە سیستمی سەرمایەداریی نێرسالاریدا کە کاری ژن بەهەند وەرناگرێت.

ئەم سەردەمە، سەردەمی پێشبڕکێی وڵاتانە لە رووی پێشکەوتن و هێز و تواناوە، هیچ دەوڵەتێک، ناوچەیەک یاخود کارگەیەک یان هەر جووڵەیەکی سەرمایەداری ناتوانێت بچێتە ناو ئەو پێشبڕکێیەوە ئەگەر نیوەی کۆمەڵ بێکار بن، بۆیە دەبێت گۆڕانکاریی جۆریی لە زانستی ئابووریدا بکرێت و دیدگای فێمینیستەکان لە خۆ بگرێت و لەسەر هەموو ئاستەکان شیکاری و توێژینەوەی وردی بۆ بکرێت، تاکوو پێشکەوتن و بەردەوامیی بۆ هەمووان بێت و لە رێی هەمووانەوە بێت.

# بەهێزکردنی تواناکانی ژن

بەهێزکردنی تواناکانی ژن و گەیشتن بە یەکسانی، تەنیا ئەرکێکی ئەخلاقیی نییە، بەڵکوو ئەرکێکی ستراتیژی و نیشتمانییە، کە دەبێت باڵاترین و بەرزترین دەسەڵاتی سیاسی پاڵپشتی بێت و کاری لەسەر بکات، چونکە کاتێک ژنان بەهێز دەبن؛ خێزانەکانیان بەهێز دەبن، کۆمەڵگە پێش دەکەوێت، گەلان گەشە دەکەن، هاوڵاتی هاوسەنگتر و تەندروستتر و ئارامتر و داهاتوویەکی گەشاوەتری دەبێت. بەهێزکردنی تواناکانی ژنان، دەبێت بکرێت بە پرۆژەیەکی نیشتمانی و لە لایەن دەوڵەتەوە سەرپەرشتی بکرێت و وەک پرسێکی ستراتیژی رەفتاری لەگەڵدا بکرێت.

کە باس لە توانا دەکەین، مەبەستمان تواناکان لە هەموو روویەکەوەیە، بەتایبەتییش لە رووی ئابوورییەوە. بەهێزکردنی تواناکان و توانای ئابووریی بەتایبەتی، دوو لایەنی بەیەکەوە بەستراون و کلیلی گەشەپێدانی کۆمەڵگەیەکی تەندروستە. کاتێک ژن بەهێز دەبێت، بەشدارێکی بەرچاوی بووژاندنەوەی ئابووریی خێزان و کۆمەڵگە دەبێت. بۆ ئەم مەبەستەش، دەبێت ژینگەیەکی دروست هەبێت تا ژنان بتوانن چالاکانە و لێهاتووانە ببن بە بەشێک لە هێزی کار و ببنە هۆکارێک بۆ گۆڕانکاریی سەرتاسەری و ریشەیی.

بەهێزکردنی ئابووریی ژن، هۆکارێکە بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی، لە خێزانەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە ئەو وڵاتەی تێیدا دەژی و دەبێتە هۆکار بۆ گەشەسەندنی بەردەوام.

ژنان چۆن ببنە خاوەن ئابوورییەکی بەهێز؟

بەهێزکردنی ئابووریی ژنان، پێویستی بە داڕشتنی پلانێکی ورد و تۆکمە، هەمەلایەنە و درێژخایەن هەیە بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەو وڵاتەی لەم رووەوە بەدوایدا دەگەڕێن، هەروەها پێویستی بە هەوڵێکی چڕ هەیە بەرەو ئەو مەبەستە. ئەم خاڵانەی خوارەوە هەندێک لەو رێگەیانەن کە دەکرێت پیادە بکرێن بۆ بەهێزکردنی ئابووریی ژن:

- پەروەردە؛ یەکەم هەنگاوە بۆ بەهێزکردنی ئابووریی ژنان، لە رێگەی پەروەردەوە دەتوانرێت توانا و لێهاتوویی تاک گەشەی پێ بدرێت بۆ هاوشانی ئەو پێشکەوتنەی تەکنەلۆژیا و ئاڵنگارییەکانی بازاڕ. هەرچەندە لەم ساڵانەی دواییدا ژنان لە بواری خوێندندا پێشکەوتنی بەرچاویان بەخۆیانەوە بینیوە، هەروەها رێژەی ژنانی خوێندەوار و دەرچووانی زانکۆ زیادی کردووە، بەڵام زۆربەیان لەو بوارانەدا دەخوێنن کە بۆ بازاڕی کاری تایبەت ناگونجێن و هەڵبژاردنیشیان

یان لەسەر بنەمای تێڕوانینی کۆمەڵایەتی کراوە، کە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا هەندێک کار و پیشەیان بە لاوە پەسەندە بۆ ژنان، یاخود نمرەی دەرچـوون و دەچنە شوێنێک بەبێ ئـارەزوو و خواستی خۆیان، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەشداریکردنیان بە ڕێژەیەکی زۆر لە کەرتی تایبەتدا. بە دامەزراندنی ڕێژەیەکی زۆریشیان لـە کـەرتـی گشتیدا، دوای مـاوەیـەک هـەڵاوسـان لەو کەرتەدا دروست دەبێت وەک ئەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان ڕوویـداوە. بەمەش هەلی کار لە کەرتی گشتیدا کەم دەبێتەوە و ئامادەش نەکراون بۆ کەرتی تایبەت، لەم حاڵەتەدا هەردوو لایان لەدەست دەچێت.

- گـۆڕانـکـاری لـە نـاوەڕۆکـی هەندێک بابەتی خوێندندا بەو مەبەستەی ئەو جیاکارییانەی لەسەر بنەمای ڕەگـەزیـی هـەن، لابـبرێن و کـارەکـان جیا نـەکـرێـنـەوە، بـۆ نموونە؛ پـیـاوان خـەریکی کـاری قورسن و ژنـان خـەریکی کـاری ئاسان و کاری ناوماڵ، ئەو کارانەی کە بۆ ژن دانراون و ڕێگەیان پێ دراوە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، بۆ کۆمەڵگەیەکی نێرسالارین.

- جیانەکردنەوەی کـوڕ و کچ لە خوێندن و خوێندنگەکاندا، بۆ ئـەوەی بیرکردنەوەی جیاواز

له رووی پیشەوە دروست نەبێت و هەمان هەل لەبەردەستیاندا هەبێت.

بەپێی چەندین ئاماری خوێندنگەکان، دەر کەوتووە مامۆستاکان لە رووی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاوە زیاتر بایەخ بە رەگەزی نێر دەدەن.

- بایەخدان بە چەمکی بەهێزکردنی ئابووریی ژنان، کە رێگەیان پێ دەدات دەستیان بە سەرچاوە ئابوورییەکان بگات لە بازاڕدا و کۆنترۆڵی ئەو سەرچاوانە بکەن و کارێک بەدەست بهێنن کە لەگەڵ خواست و لێهاتووییەکانیاندا بگونجێت و سوود لە هاوکارییەکانی دەوڵەت ببینن کە لە رێی سولفە و قەرزی بچووکی پرۆژەکانەوە پێشکەشیان دەکات.

- کردنەوەی خولی تایبەت بە پەرەپێدانی خواست و لێهاتوویی ژنان لە لایەن حکومەت و رێکخراوە قازانجنەویستەکانەوە بۆ چۆنێتی ئیدارەدانی پرۆژەکانیان.

- بەرزکردنەوەی تواناکانی ژن بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی پرۆژەکانیان و کەمکردنەوەی بەربەستەکان.

بەهێزکردنی ئابووریی ژنان، هۆکارێکی گرنگە بۆ گەشەی ئابووری و گەشەی بەردەوامی گشتی.

زاڵبوون بەسەر نایەکسانی رەگەزیدا، دەبێتە هۆی زیادبوونی بەرهەمی گشتیی ناوخۆیی.

پسپۆڕانی بواری ئابووریی وڵاتە عەرەبییەکان، دەڵێن بە بەشداریی ژنان بەیەکسانی، بەرهەمی گشتیی ناوخۆیی لەساڵی ٢٠٢٥ بەرز دەبێتەوە و دەگاتە نزیکەی ١٢ ملیار دۆلار، ئەمەش یەکسان دەبێت بە قەبارەی بەرهەمی ناوخۆیی گشتیی ئابووریی ژاپۆن، ئەڵمانیا و بەریتانیا بەیەکەوە.

# سیاسەتی ئابووریی فێمینیستی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا

له سایەی قەیرانە درێژخایەن و یەک بەدوای یەکەکاندا، کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا ڕوو دەدەن، بزووتنەوە و ڕێکخراوە فێمینیستییەکانی ناوچەکە هەوڵیان داوە تێگەیشتنێکی فێمینیستی لە نێو ئەم هەموو کارەساتە فرەئاست و جۆراوجۆرانە کە ئێمە ڕووبەڕوویان دەبینەوە، بنیات بنێن. دەڵێن کاتی ئەوە هاتووە باس لە ڕێبازی «سیاسەتی ئابووریی فێمینیستی» بکرێت، هەرچەندە ئەم ڕێبازە بۆ هەموو کۆمەڵگەیەک گونجاوە، بەڵام لە ناوچەکانی ئێمە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، ئەویش لەبەر دوو هۆکار:

یەکەمیان: ئەم ناوچەیە زۆرترین ڕێژەی نایەکسانی و بێکاریی گەنجانی لە جیهاندا هەیە. زۆربەی وڵاتەکانیش بەدەست «نەخۆشیی هۆڵەندی»یەوە دەناڵێنن.

دووەمیان: زۆربەی وڵاتانی ئەم ناوچانە یان تووشی شەڕ هاتوون، یاخود لە سەرەدان، یان کاریگەریی شەڕیان لەسەرە.

ئەم دوو هۆکارە گرێدراوی یەکترن و کاریگەرییەکی گەورەی جیاوازیی جێندەریی لەم بەشەی جیهاندا دروست کردووە و لە هەردوو حاڵەتیشدا ژنان و پێکهاتە کەمینەکان زۆرترین پشکی زیانیان بەر دەکەوێت.

گەیشتن بە یەکسانیی جێندەری و بەهێزکردنی تواناکانی ژنان و کچان، ئەرکی دەوڵەتە، چونکە دەوڵەت بەرپرسیارە لە ئاسایش و خۆشگوزەرانیی هاوڵاتیان. هەموو ئەو پێداویستی و ئامرازانەشی لەبەردەستدایە ئەو سیاسەتانە بسەپێنێت و جێبەجێیان بکات. زیادکردنی رۆڵی ژنان و بەهێزکردنیان و زیادکردنی بەشدارییپێکردنیان، دەبەسترێتەوە بە رۆڵی یەکلاکەرەوەی ئەو سیاسەتانەوە. هەروەها دەبێت هاوشانی گۆڕانکاریی هۆشیاری و فەرهەنگی و بەرژەوەندی و پێکهاتە و دامەزراوەکان بڕۆن. ئەگەر هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەیەکەوە نەبن، ئەوا لە قسەی بریقوباق زیاتر هیچی تر نابن و بێسوود دەبن.

عیراقیش وەک زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵات و باکووری ئەفریقا، سیستمی ئابووری لە هەموو قۆناغەکاندا، رۆڵێکی نەرێنیی بەرانبەر بە ژنان گێڕاوە، سەرەڕای باشتربوونی خزمەتگوزارییەکانی سیستمی پەروەردە و تەندروستی بەرانبەر بە ژن، بەڵام بوونیان لە کایەی ئابووری و سیاسیدا پەراوێز خراوە، ژنان هێشتا زۆرترین رێژەی هەژارییان هەیە، بۆیە گۆڕینی پێگەی ژن و

ئازادکردنی وزەکانی لە کار و بەرهەمهێنان و داهێنان و مەعریفە و زانستدا؛ بەبێ گۆڕینی ئەم سیستمە بە سیستمێکی ئەلتەرناتیڤ، کە لەسەر بنەمای یەکسانیی دامەزرابێت، مومکین نییە، ئەوەش پێویستی بە گۆڕینی سیاسەتە گشتییەکان هەیە.

# ژن و
# ئابووریی کشتوکاڵی

ڕەنگە جێگەی سەرسوڕمان بێت بۆ کۆمەڵگەیەکی نێرسالاری، کە دۆزینەوەی کشتوکاڵ و یەکەم مامۆستاکانی ئەم بوارە، ژن بوون. هەر لە سەرەتای ژیانەوە، ژن و پیاو پێکەوە لە چالاکییە ئابوورییەکاندا بەشدار بوون، پیاوان خەریکی ڕاو بوون و ژنانیش بە تێپەڕبوونی کات لە جیهانی ڕووەک شارەزا بوون بۆ پەیداکردنی خۆراک و بژێوی.

لێرەدا نامەوێت بچمە سەر گێڕانەوەی چۆنێتی ئەم شارەزابوونە. لەو ساتانەی کۆمەڵگە ناونراوە کۆمەڵگەی دایکایەتی، منداڵ پەیوەندی بە دایکەوە هەبووە نەک باوک. ئەم مێژووە دەگەڕێتەوە بۆ ١٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر، لە ڕۆخ و کەنارەکانی ڕووبارەکانی عیراق و میسر و هیندستان و چین، هەر ئەمەش بووەتە هۆی جێگیربوونی خێزان لەو ناوچانە و دروستبوونی یەکەم پێکهاتەی کۆمەڵگە و دواتر شارستانیەتی لێ پەیدا بووە. لەبەر ئەوە، هەموو مرۆڤایەتی قەرزاری ژنن، بەڵام هەر کە شارستانیەت دەستی پێ کرد؛ لەو سەرەتایەوە دەست کرا بە چەوساندنەوەی ژن و دوورخستنەوەیان لە دەسەڵات، بەتایبەتییش دەسەڵاتی ئابووری.

وەک باسم کرد، ژن ئاشنایە بە کاری کشتوکاڵی و بۆ بەردەوامیی ژیان پشتیان پێ بەستووە. ژنان ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕاوە و دەیگێڕن لە سیستمی کشتوکاڵی و خۆراکیی ئێمەدا، وەک: جووتیار،

فرۆشیار، پاڵە، خاوەنکار و... هتد، بەڵام بارودۆخی کارکردن و دەرفەتە ئابوورییەکان و کاریگەریی نایەکسانیی جێندەرییان لەسەرە. سیستمی کشتوکاڵی و خۆراک، لە گرنگترین ئەو سێکتەرانە ئەژمار دەکرێت کە هەلی کار بۆ ژنان دەرەخسێنێت و دەرکەوتووە لە کۆی ئەو ژنانەی لە جیهاندا کار دەکەن، لە سەدا سی و شەشیان لە بواری کشتوکاڵ و خۆراکدا کار دەکەن، بەڵام لە رووی دەستکەوت و بەشداریکردنیان، زۆر جار نایەکسانن لەگەڵ پیاوان؛ جگە لە پەراوێزخستنیان، زۆربەی جاریش بارودۆخی کارکردنیان لە پیاوان خراپترە و رێکوپێک و سیستماتیک نییە و مەترسیدارە و ماندووبوونێکی زۆر دەخوازێت. زۆربەی جاریش بە نیوەکات کرێکارییان پێ دەکەن، بۆ نموونە؛ ژنان لە راوکردنی ماسی و بەخێوکردنی بوونەوەرە ئاوییەکاندا، لە سەدا حەفتا و یەکیان لە کۆی گشتیی کرێکارانی ئەم بوارە لە سەرتاسەری جیهان، بە نیودەوام کار دەکەن.

بۆ کەمکردنەوەی ئەو جیاوازییەی لە نێوانیاندا دەکرێت، پێویستە هەمان هەلی پیاوانیان بۆ بڕەخسێنرێت لە دەستگەیشتن بە سەرچاوە دارایی و خزمەتگوزارییەکان، تەکنەلۆژیا و راهێنان.

ئەو بوارانەی ژنان لە کەرتی کشتوکاڵیدا کاری تێدا دەکەن:

- کشتوکاڵ؛ وەک: جووتیار، پاڵە، خاوەنکار... ئەمەش لە ئاستی گەورە و بچووکدا.
- بەخێوکردنی ماسی و بوونەوەرە ئاوییەکان، راوەماسی.
- دروستکردنی خۆراکی کشتوکاڵی و بەرهەمەکانی.
- کۆکردنەوەی بەروبوومی کشتوکاڵی.
- پیشەسازیی بەروبوومی کشتوکاڵی.
- کارکردن لە کێڵگەی پەلەوەر و بەخێوکردن، یاخود بەخێوکردنی پەلەوەر لە ماڵەوە.
- بەرهەمهێنانی تۆو و فرۆشتنیان.
- گوڵفرۆشتن و کارکردن لە باخداریدا.
- شوانکارەیی و بەخێوکردنی مەڕوماڵات.
- دروستکردنی بەرهەمەکانی شیر (ماست، پەنیر، قەیماغ، کەرە و...هتد).
- کۆکردنەوە و فرۆشتنی گیا و خۆراکە وەرزییەکان، وەک: تۆڵەکە و کەنگر و قارچک...

یەکێک لە رێسا و دابونەریتە جیاکارییە کۆمەڵایەتییەکان؛ جیاکارییە لە نێوان ژن و پیاودا، کە لە ناوەڕۆکدا نایەکسانیی جێندەرییە، بەڵام بیرمان نەچێت؛ هیچ شتێک رەها نییە و دەکرێت گۆڕانکارییان بەسەردا بێت. نایەکسانییەکان تەنیا خۆیان لە نایەکسانیی جێندەریدا نابیننەوە، بەڵکوو لایەنی تریش هەن کە نایەکسانییان تێدا دەکرێت، وەک: تەمەن،

نەتەوە، ناسنامەی نەتەوە رەسەنەکان، کەمئەندامی، ئاستی باری ئابووری، دووریی جوگرافی و... هتد.

بەپێی راپۆرتێکی رێکخراوی فاو، یەکێک لەو جیاکارییانەی لە نێوان نێر و مێدا دەکرێت؛ پرسی مووچەیە، کە تیایدا هاتووە: بەکۆی گشتی، مووچەی ژنان لە سەدا هەژدە کەمترە لە مووچەی پیاوان لە کەرتی کشتوکاڵیدا. هەروەها لە هەر کاریگەرییەکی ژینگەیی و کەشوهەوا و بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە درمەکاندا، ژنان زیانمەندی یەکەمن لە رووی ئابوورییەوە. لە کاتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنادا، لە سەدا بیست و دووی ژنان بێکار بوون، لە بەرانبەردا پیاوان لە هەمان سێکتەر، تەنیا لە سەدا دوویان بێکار بوون. هەروەها زۆربەی جار لە دەستگەیشتن بە زەوی و موڵک، پیاوان ئاسانتر بەدەستی دەهێنن. بە هەمان شێوە تەکنەلۆژیای کشتوکاڵی و بەکارهێنانی ئامێرەکان بەگشتی.

گەیشتن بە یەکسانیی جێندەری، سوودێکی زۆر بە هەموو لایەک دەگەیەنێت. بە نەمانی ئەو جیاوازییە لە رووی بەرهەمهێنانی کێڵگەکان و جیاوازیی مووچەکانیان لە بواری کشتوکاڵدا، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی رادەی بەرهەمی ناوخۆیی جیهان بە رێژەی لە سەدا یەک، واتە نزیکەی یەک ترلیۆن دۆلاری ئەمەریکی. ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاسایشی خۆراک لە جیهاندا

به نزیکەی لە سەدا دوو و کاریگەری دەبێت لەسەر کەمبوونەوەی ژمارەی ئەو کەسانەی بەدەست کەمیی خۆراکەوە دەناڵێنن بە نزیکەی ٤٥ ملیۆن کەس بەپێی راپۆرتێکی رێکخراوی فاو.

ئەو پرۆژە گەورە کشتوکاڵییانەی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەی کشتوکاڵیی بە ژن و پیاوەوە لەو بوارانەدا کار دەکەن، بریتین لە:

١. بازرگانیی کشتوکاڵی، بە هەموو جۆرەکانییەوە.

٢. بەڕێوەبردنی کێڵگە و دامەزراوەکان.

٣. بواری نەخۆشی و ئافاتی کشتوکاڵی.

٤. زانستی خاک و رووەک.

٥. ئەندازیاریی کشتوکاڵی و باخ.

٦. ئەندازیاریی ئامێر و ئامرازەکانی کشتوکاڵی.

٧. دروستکردنی خۆراکی ئاژەڵی.

٨. دروستکردنی پەینی سروشتی.

٩. بەڕێوەبردنی سایلۆکان و عەمبارەکانی دانەوێڵە.

١٠. توێژینەوە و لێکۆڵینەوە دەربارەی باشترین رووەکی گونجاو بۆ وڵات.

١١. کردنەوەی پێشانگەی رووەک و گوڵ بۆ کڕین و فرۆشتن.

١٢. حەوزی بەخێوکردنی ماسی و بوونەوەرەکانی ناو ئاو.

١٣. نەمامگەی رووەک.

ئەمانە و چەندین جۆری تر.

# ڕۆڵی ژنانی گوندنشین
# لە بواری کشتوکاڵیدا

ژنانی گوندنشین، بە کارەکتەرێکی سەرەکیی کۆمەڵگەی گوندنشین و پرۆسەی گەشەسەندن دادەنرێن. لایەنێکی گرنگن لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی؛ جا چ رووەک، یاخود بەخێوکردنی ئاژەڵ بێت، شانبەشانی پیاوەکان رۆڵێکی گرنگ دەبینن لە کێڵگەی خێزانیدا، یاخود کێڵگەی کەسانی تر. خۆ ئەگەر بڵێین لە پیاوانیش زیاتر کار دەکەن، زیادەڕۆیی نییە.

لە راپۆرتێکی رێکخراوی فاو (FAO)دا ئاماژە بەوە کراوە کە ژنانی گوندنشین هەڵدەستن بە بەرهەمهێنانی لە سەدا شەست بۆ لە سەدا هەشتای خۆراک لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوودا.

ژنانی گوندنشین، لە ناوچەکانی ئێمەدا چەندین رۆڵ دەبینن لە بەرهەمی کشتوکاڵیدا، بە نزیکەیی لە سەدا حەفتای کارەکانی وەک: دابەشکردنی زەوی بۆ جۆرەکانی کشتوکاڵ، کێڵان، بژار، نەمامناشتن، چنینەوەی بەروبووم و لەدواییشدا پاککردن و تەتەڵەدا بەشدارن و رۆڵیان لە رۆڵی پیاوان جیا ناکرێتەوە و بەیەکەوە تەواوکەری یەکترن لە کار و چالاکییە کشتوکاڵییەکاندا. لە بواری بەرهەمەکانی ئاژەڵیشدا، رێژەی بەشدارییان دەگاتە لە سەدا هەشتا و زۆربەی جاریش بۆ پەیداکردنی سەرچاوەیەکی دارایی بۆ خۆیان، بەشدارن.

ژنـــان، مـەڕ و مانگا و بـزن بەخێو دەکـەن، هـەڵـدەسـتـن بـە کـاروبـارەکـانـی کـۆکـردنـەوە، شـوانـکـارەیی، لـەوەڕانـدن، پاککـردنـەوەی گـەوڕ و تـەویـلـە و شـوێـنـی ژیـانـیـان، بەرهەمهێنانی بەرهەمەکانی شیر، وەک: ماست، پەنیر، قەیماغ، رۆنـەکـەرە و کەشک و بەکارهێنانیان بۆ ژیانی رۆژانە و سەرچاوەیەکی ئابووریشە بە فرۆشتنی ئەو بەروبوومانە. هەروەها بەخێوکردنی پەلەوەر و زیادکردنیان و سوودوەرگرتن لە هێلکە و گۆشت و پەڕیان. ئەمە جگە لەوەی بەشێک لەو ژنانە کاری دەستییش دەکەن، وەک: چنین لە بابەتی رستن و چنین، فەرش، حەسیر، بەڕە و پێستە خۆشکردن و کۆکردنەوەی خوری و مووی مەڕ و بزن لە رێگەی بڕینیانەوە، ئەمانە و چەندین کاری تری پێویستیی رۆژانە. زۆربەی کاتیش وەک داهات بۆ خێزانەکە بەکاری دەهێننەوە.

بەپێی راپۆرتێکی رێکخراوی فاو، ژنان لە سەدا شەستی دەستکەوت و داهاتیان بۆ ماڵ و منداڵیان بەکار دەهێنن، لەکاتێکدا ئەو رێژەیە بۆ پیاوان لە سەدا چلە.

ئاڵنگاری و کێشەکانی بەردەم ژنانی گوندنشین:

ژنـانـی گوندنشین لـەسـەر بنـەمـای رەگـەزی رووبـەڕووی کێشە دەبـنـەوە، ئەمەش وا دەکات

ڕووبەڕووی هەژاری ببنەوە و زۆر جار دەستیان ناگات بە سەرچاوە سروشتییە پێویستەکانی وەک: زەوی و ئاو، یاخود دەسەڵاتیان بەسەردا نابێت، تەنانەت ئەگەر خاوەنیشی بن، بەمەش ئەو سەرچاوە کەمەی دارایی کە هەیانە، کەمتر دەبێتەوە. هەروەها لە رووی ڕێژەی نەخوێندەوارییەوە، ڕێژەی نەخوێندەواریی ژنانی گوندنشین بەرزە. بەپێی ڕووپێوێکی هەڵسەنگاندنی هەژاری لە عیراق لە ساڵی (٢٠١٧–٢٠١٨)، ژنانی نەخوێندەواری گوندنشین، ڕێژەیان دەگاتە ٢٩,٨٪ بەراورد بە ژنانی شار، کە لە ١٩,٤٪یە. لە هەمان کاتدا ڕێژەی ئەوانەی قۆناغەکانی خوێندن تەواو دەکەن، زۆر کەمترە بەراورد بە ژنانی شار. سەرەڕای ئەمانە، ژنانی گوندنشین زۆر کەم دەتوانن سوود لە پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای کشتوکاڵیی سەردەم بۆ گەشەی کاری کشتوکاڵی و ئاودێری وەربگرن.

بەربەستە کۆمەڵایەتییەکانی وەک: دابونەریت، کولتووری نێرسالاری، نەبوونی هۆشیاری دەربارەی ژن و ڕۆڵی ژن، لاوازیی ئاستی پەروەردەیی و کولتووریی ژنانی گوندنشین... جۆرێکن لە کۆسپ و کێشە بۆیان. ئەو شێوازە سەرەتاییانەی لە بەڕێوەبردنی ژیانیاندا بەکاری دەهێنن و ئەو

وێنایەی کولتووری باو و هەڵەتێگەیشتن لە شەرع و ئایین بۆیان کێشاون؛ هاندەر نین بۆ گۆڕانکارییەکی خێرا.

**ئاستەنگەکانی بەردەم ژنانی گوندنشین لە بواری ئابووریدا:**

ژنانی گوندنشین بەشێکن لەو سەرچاوە مرۆییانەی لە کەرتی کشتوکاڵی و ئاژەڵ بەخێوکردندا کار دەکەن، بەهەدەردانی ئەم هێز و توانایەی بەرهەمهێنان، کە نزیکەی سێیەکی ژنانی عیراق پێک دەهێنن، گەشەکردن دوادەخات و ڕێباز و ئامانجەکانی دەشێوێنێت.

هەرچەندە ڕێژەی بێکاری لە نێو ژنانی گوندنشین کەمترە بەراورد بە ژنانی شار، بەڵام ئاستی کارکردنیان لە پرۆژەی زۆر بچووکدایە، وەک: پیشەسازیی خۆراکە نەریتییەکان، پیشەسازیی دەستی، بەخێوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەر و بەرهەمەکانیان... توانای گەورەکردنی پرۆژەکانیان زۆر کەمە بەهۆی ئاستی داراییانەوە، بۆیە گرنگە دەوڵەت لەو قەرزە بچووکانەی دەدرێن بە خاوەن پرۆژە بچووکەکان، ژنانی گوندنشین زیاتر بگرێتەوە، چونکە ئەوان سەرچاوەیەکی گرنگی ئاسایشی خۆراک و کەمکردنەوەی ڕێژەی هەژارین.

وەک لەسەرەوە باسمان کرد، زۆربەی ئەو ئاستەنگ و گرفتانەی رۆڵی ژنانی گوندنشین لە کاری بەرهەمی کشتوکاڵیدا سنووردار دەکەن، بەربەست و کێشەی ئاسانن و دەتوانرێت چارەسەر بکرێن. دەکرێت بە ستراتیژی گەشەپێدان و پلاندانان ئەو بەربەستانە کەم بکرێنەوە بۆ ئەوەی بتوانن رۆڵی خۆیان بگێڕن لە بەدەستهێنانی گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵیدا، هەروەها دەتوانرێت کۆمەڵێک پلان دابڕێژرێن کە جێبەجێکردنیان ئەستەم نەبێت، بۆ نموونە؛ کردنەوەی پێشانگەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و پێشبڕکێ بۆ باشترین بەرهەم، لە رێگەی میدیاکانەوە زیاتر بایەخ بە کار و چالاکیی ژنانی گوندنشین بدرێت، کردنەوەی خولی تایبەت بۆیان، بەتایبەتییش راهێنانیان لەسەر بەکارهێنانی سیستمی مۆدێرن و تەکنەلۆژیای سەردەم... هەروەها رۆڵی رێکخراوە ناحکومییەکان زیاتر بکرێت و خۆیان لەناو شارەکاندا قەتیس نەکەن و بەرەو گوندەکان پەل بهاوێژن و چالاکیی بکەن. بەو شێوەیە دەتوانن لە چەندین رووەوە هاوکاریان بن و پەیوەندییان لەگەڵ رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک رێکخراوی فاو، پتەو بکەن.

# ژن لە کەرتی پیشەسازیدا

ژنـان خـاوەنـی توانا و بـەهـرەی زۆرن، بەڵام دەرفەتی گونجاویان نەبووە بۆ ئەوەی بتوانن لە کەرتی پیشەسازیدا بـەتـەواوی بەکاریان بهێنن. دەکرێت ژنان لە گەشەپێدانی ئەم کەرتەدا بەشدار بن، ئـەم لایـەنـەش وەک بـوارەکـانـی تر پێویستی بـە ستراتیژێکە بـۆی دابـڕێـژرێـت بـە مەبەستی کەمکردنەوەی ئەو بۆشاییە جیاوازییە جێندەرییە و زیـادکـردنـی ڕۆڵـی ژنـان لـەم کـەرتـەدا. یەکەم هەنگاویش، لـە پـــەروەردەوە دەسـت پـێ دەکـات بە ڕاهێنانی کچان بە هەمان شێوەی کوڕان لە بوارەکانی زانستی تەکنەلۆژی و جۆرەکانی تری زانستە پیشەییەکاندا.

لەگەڵ خێرایی شۆڕشی پیشەسازیی چوارەم، پێویستە ئایندەی کەرتی پیشەسازی بەشێوەیەکی هەمەلایەنە دابڕێژرێت، کە دڵنیا بین لەوەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بواریان بۆ بڕەخسێت تا بتوانن لە داهاتوودا ڕۆڵێکی گرنگ لەم کەرتەدا ببینن.

ئـەزمـوونـی دامـەزرانـدنـی ژنـان لـەم کـەرتـەدا، سەلمێنەری ئەوەیە کە ژنان دەتوانن هاوشێوەی پیاوان بەرهەمەکانیان بەدەست بهێنن و هەندێک وەبەرهێنیش پێیان وایە ژنان لە بواری پیشەسازیدا بەتواناترن لە پیاوان بەهۆی شارەزاییان لە کار،

پابەندبوونیان بە کات، مکوڕی و پشوودرێژییان.

زۆربەی بوارەکانی پیشەسازی لەم سەردەمەدا، پێویستی بە جەستەی بەهێز نییە، ئەمەش لە ئەنجامی پەرەسەندنی بوارەکانی تەکنەلۆژیا. هەروەها کارگەکانی جلوبەرگ و پێڵاو، کەلوپەلی ناوماڵ و نووسینگە، بەرهەمی پێستە و چەرم، پیشەسازیی جوانکاری، هەندێک جۆری پیشەسازیی خۆراک... زیاتر پشت بە ژنان دەبەستن.

هەندێک پیشەسازیی قورسیش هەن، کە ئێستا ژنان بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە ڕۆڵیان تێدا دەبینن، بۆ نموونە؛ پیشەسازیی ئۆتۆمبێل، ٢٠٠ ساڵە بە بوارێکی پیاوانە دادەنرێت. بەشێوەیەکی نەریتی، پیاوان زۆربەی پۆستەکانی سەرکردایەتی کۆمپانیا زەبەلاحەکانیان داگیر کردبوو، بەڵام لەم چەند دەیەیەی ڕابردوو، ژنان دەستیان کردووە بە شکاندنی بەربەستەکان و بە هەنگاوی گەورە بەرەوپێش دەچن. چەندین ژنە پێشەنگ لە پیشەسازیی ئۆتۆمبێلدا پیشانیان داوە کە ڕەگەز بەربەست نییە لەبەردەم سەرکەوتن ئەگەر هەمان دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت. لەو ژنانە؛ ماری بارا، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای جەنەراڵ موتۆرز، لیندا جاکسۆن، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای سیترۆن، گوین شۆتویل، بەڕێوەبەری

جێبەجێکاری کۆمپانیای سپەیس ئێکس، بریتا سێگەر، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای دایملر ئەی جی و مارسیدس ئەی جی، هێل نیس، شۆفێری ئۆتۆمبێلی پێشبڕکێی فەرەنسی... لەم نموونانە زۆرن، کە پێشەنگن و سەلماندوویانە ژنبوون ڕێگر نییە، ئەوەی ڕێگرە، بەربەستە کۆمەڵایەتییەکان و نەریتی نێرسالارییە.

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا هۆکارێکی گرنگە و ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە زیادبوونی ژمارەی ژنان لە پیشەسازیی ئۆتۆمبێلدا، چونکە تەکنەلۆژیا فاکتەرێکی نموونەییە بۆ دەرفەتی یەکسانی. ئێستا زۆربەی کارەکان بە ئامێری پێشکەوتووی تەکنەلۆژی ئەنجام دەدرێن، بۆیە ژنان دەتوانن جگە لە شۆفێری، کار لەسەر چاککردنەوە و خزمەتگوزارییەکانیش بکەن، یاخود نووسینگەی فێرکردنی شۆفێری بکەنەوە، هەرچەندە ناوبەناو دەبینرێن، بەڵام دەکرێت ژمارەکان زیاتر بکرێن. هەروەها دەتوانن کۆمپانیای تاکسی و بەکرێداری ئۆتۆمبێل، بەنزینخانە، شوێنی شووشتن و فرۆشتنی پارچە و پێداویستیی ئۆتۆمبێل بکەنەوە، یاخود کاریان تێدا بکەن.

# کارکردنی ژنان
# لە کەرتی پەروەردەدا

ژمارەی ژنان لە پیشەی کەرتی پەروەردەدا وەک مامۆستا، لەم ساڵانەی دواییدا و لە سەرانسەری جیهان بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز بووەتەوە، ئەمەش مایەی پرسیاری توێژەر و لێکۆڵەرەوەکانە، کە دەبینن هێشتا پیاوان لە زۆربەی کەرتەکانی تری کاردا زۆرینەن و باڵادەستن، بۆ لە کەرتی پەروەردەدا بەپێچەوانەوەیە و ڕێژەی خانمان وا بەرزە! بەپێی ئامارێکی ساڵی ٢٠٢٠ی یونسکۆ، ژنان لە سەدا پەنجا و پێنجی بواری پەروەردە و فێرکاری لە سەرتاسەری جیهاندا پێک دەهێنن. ئەم ڕێژەیە لە ئاستی دایەنگە و باخچەی ساوایان و قۆناغی سەرەتاییدا زۆر زیاترە. لە هەموو دامەزراوەکانی پەروەردە و فێرکاریدا (حکومی یان تایبەت) دیاردەی بوونی ژن زیاتر بە دی دەکرێت بەراورد بە پیاوان.

بەپێی ڕاپۆرتێکی وەزارەتی پلاندانانی عیراق لە ساڵی ٢٠١٨ لەسەر «واقیعی جێندەریی لە وەزارەت و دامەزراوەکان»، کە لەم ساڵانەی دواییشدا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە، ئاماژە بە ڕێژەکان کراوە و تێیدا هاتووە: لە وەزارەتەکاندا ڕێژەیەکی بەرزی فەرمانبەری ژن بوونیان هەیە، وەک: بانکی ناوەندی (حەوت ژن بەرانبەر بە سێ

فەرمانبەری پیاو)، لە وەزارەتی دارایی یەکسانن، لە وەزارەتی پەروەردە (شەش ژن بەرانبەر بە چوار پیاو) دامەزراون، بەڵام لە وەزارەتەکانی تر، ڕێژەکان پێچەوانە دەبنەوە و پیاوان چەندین ئەوەندەی ژنن، بۆ نموونە؛ لە وەزارەتی ناوخۆ، ڕێژەی ژنان لە سەدا دوو تێناپەڕێت، وەزارەتی نەوت ڕێژەی ژن لە سەدا دە تێناپەڕێت. لە ئەنجامدا بۆیان دەرکەوتووە هۆکاری ئەم جۆرە جیاوازییە لە دامەزراندن؛ دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان؛ خودی ژن و خێزانەکانیشیان پیشەی پەروەردەیان بەلاوە پەسەندترە لە کاری فەرمانگەکاندا، چونکە گەرەنتی بەرکەوتنی کەمتریان لەگەڵ پیاواندا هەیە. بەگشتی، دابەشبوونێکی کۆمەڵایەتی کۆنەپەرستانەی نێرسالارانەیە.

لە هەمان توێژینەوەدا دەرکەوتووە کە ڕێژەی ژنان لە پۆستی بەڕێوەبەری گشتیدا (٧,٣٪) تێناپەڕێت، وەک یاریدەدەر بەڕێوەبەر (٨,٧٪)، تەنانەت ئەو وەزارەتانەی کە ڕێژەیەکی زۆر لە ژنان دادەمەزرێنن، مەرج نییە بگەنە پۆستە کارگێڕییەکان. هەروەها ڕێژەی ژن وەک بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، لە سەدا سییە و لە بەرانبەردا لە سەدا حەفتا بۆ پیاوانە.

بەپێی توێژینەوەیەکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی ٢٠٢٠یش، ڕێژەی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیا لە عیراق، نزیکەی لە سەدا بیستە، کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر کەمە.

کەمیی ژن لە پۆستە باڵا کارگێڕییەکاندا، ڕێگری دەکات لە بوونی دیدی ژنان لە پرۆسەکانی پەرەپێدانی پلانی داهاتوو و پرۆسەی بڕیاردان، هەروەها چانسی هاوسەنگیی جێندەریی لە دامەزراوەکانی حکومەتدا کەم دەکاتەوە.

هیند یوسف مەجید، خوێندکاری کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سامەڕا، لێکۆڵینەوەیەکی لەژێر ناوی (ڕۆڵی ژنان لە خوێندنی باڵا) کردووە و زانکۆکانی عیراقی وەک نموونە وەرگرتووە و دەڵێت: ئابووریی عیراق و هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی، لەسەر بنەمای کەرتی گشتی دامەزراوە. ئەوەش دەردەخات پشتبەستن بەو ڕادەیە بە کەرتی گشتی، بەهۆی داڕووخانی ئابوورییە کە ناوچەکە لە ساڵی ٢٠١٤وە ڕووبەڕووی بووەتەوە. هەروەها دەڵێت: زانکۆکانی عیراق بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن پیاوانەوە بەڕێوەدەبرێن و ژنان دوورەپەرێز دەخرێن، ئەمەش قەیرانێکە لە خوێندنی باڵادا و

بەربەستە لە گەیشتن بە ئامانجەکانی و ڕێگرە لە گەشەی بەردەوام و هاوسەنگیی جێندەری.

هەرچەندە کارکردن لە کەرتی پەروەردەدا چیتر لە خەونەکانی کچان نییە، هەندێکیان لەبەر چەندین هۆ ئارەزووی پراکتیزەکردنی ئەو پیشەیەیان نەماوە، بەڵام تا ئێستاش هەندێکیان بەهۆی هەندێک فشاری خێزانییەوە ڕووی تێ دەکەن. پیاوان و ئەو خێزانانەی لەگەڵ دابونەریتە باوەکاندان، دان بەوەدا دەنێن کە پیشەی وانەوتنەوە بۆ خانمان بەگونجاوتر دەزانن لە پیشەکانی تر، چونکە کاتی زیاتریان دەبێت بۆ چاودێریی ماڵ و منداڵی خۆیان، ئەمە جگە لەوەی کاتی کارکردنی کەمترە و پشووی زیاترە و مۆڵەتی دووگیانی و نەخۆشیی منداڵیی زیاترە، هەروەها بەرکەوتنی لەگەڵ پیاوان کەمترە. ئەم بۆچوونە ڕوویەکی پراگماتیکیی هەیە بۆ کاری ژنان و واقیع وەک خۆی نابینێت، ژنی مامۆستا و پەروەردەیی زیاتر لەوانی تر کار دەکات، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کارەکەی دوای وانەوتنەوەش تەواو نابێت و ئەرکی خۆئامادەکردن و تاقیکردنەوە و پراکتیزەکردنی بەردەوامە. وەک زانراوە، پیشەی مامۆستایی، بە دووەم پیشەی سەخت لە جیهاندا ئەژمار دەکرێت دوای پیشەی کارکردن لە کانە

بەردینەکاندا، چونکە پێویستی بە وزەی ئاوەزی و جەستەیی و دەروونیی زۆر هەیە و وا دەکات کەسەکە لەوانی تر ماندووتر بێت.

هەرچەندە پیشەی مامۆستایەتی پیشەیەکی پیرۆزە و جێی ئەرزشە، بەڵام کارێک نییە تەنیا بە بەرگی ژناندا کرابێت.

# کارکردنی ژنان
# لە بوارەکانی پزیشکیدا

پیشەی پزیشکی یەکێکە لە پیشە مرۆییەکان، چونکە راستەوخۆ پەیوەندی بە تەندروستی مرۆڤ و کۆمەڵگەوە هەیە لە کەمکردنەوەی ئازار و نەخۆشییەکان و پاراستنی تەندروستی، هەروەها یەکێکە لەو پیشانەی کە گەورەترین پێگەی کۆمەڵایەتیی لەناو خەڵکدا هەیە. پیشەی پزیشکی، لەو پیشانەیە کە لەگەڵ سروشتی ژن لە پشوودرێژی و رۆحی مرۆڤدۆستی و وردبینیدا گونجاوە.

لە رووی مێژووییەوە، هەر لە زووەوە ژن کاری لەو بوارەدا کردووە. لە مێژووی سۆمەرییەکاندا، پزیشک وەک پایەی خواوەندی سۆمەرییەکان ئاماژەی پێ کراوە، بۆ نموونە؛ عەشتار، کە وەک خواوەندی پزیشکی مرۆڤ ناوی هاتووە. هەر لە شارستانیەتی سۆمەریدا بە پزیشکی پیاویان وتووە «ئازوو»، یان «ئاسوو»، بە پزیشکی ژنیشیان وتووە «ئاساتوو». یەکەم پزیشکی ژن ناوی «لوولوو» بووە. خواوەندی زانستی پزیشکییش، مێ بووە و ناوی «گولا» بووە، کچی خواوەندی ئانۆ بووە؛ ئەو ژنەیە کە داردەستێکی پێیە و مارەکان لە دەوری ئالاون، کە دروشمی پیشەی پزیشکییە و تاکوو ئێستاش بۆ زانستی دەرمانسازی بەکار دەهێنرێت.

لە مێژووی سۆمەرییەکاندا لە رێگەی خوێندن و فێربوونەوە ئەم پیشەیە کراوە، جگە لە کاهین و

کەسە ڕۆحییەکان. لە یاساکانی حامورابیدا یاسای بۆ داڕێژراوە، چەندین بەڵگەی مێژوویی لەم بارەیەوە ماونەتەوە. لە شارستانیەتی میسریی کۆندا، یەکەم ژن وەک پزیشک ناوی هاتبێت و لە بواری زانستیدا کاری کردبێت؛ مێریت پتاح (Merrit Ptah)ە، کە لە سەردەمی شانشینی سێیەمی میسردا بووە نزیکەی (٢٧٠٠پ. ز). لە شارستانیەتی کۆنی یۆنانیدا، (ئاگامیدی)ی پزیشک، ژن بووە، لە نووسینەکانی هۆمیردا لە سەردەمی پێش گەمارۆدانی تەروادە، ئاماژەی پێ کراوە.

ئاگنۆدیس کە لە سەدەی چوارەمی پێش زایین ژیاوە، بە یەکەم پزیشکی ژن لە ئەسینای پایتەخت دادەنرێت. ئاگنۆدیس سەرەتا وەک پیاو خۆی نیشان داوە، بۆ ئەوەی بتوانێت بەدوای راهێنانی پزیشکیدا بگەڕێت، چونکە ئەوکات ئەم پیشەیە بۆ ژنان قەدەغە بووە. بۆ خوێندن چووەتە ئەسکەندەریە و شاگردی هیرۆفیلۆس بووە، کە بە بەناوبانگترین شارەزای ئەناتۆمیی ئەو سەردەمە دادەنرێت. دوای تەواوکردنی خوێندنەکەی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەسینا و پۆشاکی پیاوانە دەپۆشێت و چارەسەری ژنانی نەخۆشی کردووە. پزیشکە پیاوەکان هەستیان کردووە ژنان وەک جاران سەردانیان ناکەن، کە ئەوەش

بەهۆی ئاگنۆدیسەوەیە، هەر بۆیە تۆمەتی ئەوەیان بۆ دروست کرد کە ژنان ئیغرا دەکات، ژنانیش خۆیان نەخۆش دەخەن بۆ ئەوەی سەردانی بکەن. لەو کاتەدا نەیاندەزانی ئاگنۆدیس ژنە نەک پیاو، تا ئەوەی لە کاتی دادگاییەکەدا جلوبەرگە پیاوانەکانی لابرد و خۆی ئاشکرا کرد کە ژنە. پزیشکەکان بەردەوام بوون لەسەر تۆمەتبارکردنی و ئەم جارە بە فێڵکردن و درۆکردن تۆمەتباریان کرد، بەڵام ئاگنۆدیس بە هاوکاریی ژنان و هەندێک لە پیاوان بێتاوانیی خۆی سەلماند و دادگا ئازادی کرد. ئەم دادگاییەی ئاگنۆدیس، کاریگەرییەکی زۆری هەبوو و بووە هۆی ئەوەی یاساکانی ئەسینا بگۆڕدرێن، بە جۆرێک کە ژنان بتوانن لە بواری پزیشکیدا کار بکەن بۆ چارەسەرکردنی ژنان.

بەم شێوەیە، لەوەتەی دەسەڵات لە ژن قۆرغ کراوە، ژنان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان شەڕ دەکەن.

یەکەم پزیشکی ژن لە عیراق، کە دەرچووی کۆلێجی پزیشکیی بێت و دابمەزرێت؛ خاتوو ئانا ستیانە، کە بە ڕەچەڵ ئەرمەنییە و دەرچووی ساڵی ١٩٣٩ بووە. خاتوو مەلەک ڕەزوق غەننامیش، یەکەم کچی موسوڵمان بووە چووبێتە کۆلێژی پزیشکیی شاهانە لە عیراق. هەروەها دکتۆر سانیحە ئەمین زەکی، کە لە پزیشکە پێشەنگەکانی عیراقە و بە

ڕەچەڵەک، هەم کوردە، هەمیش عەرەب و تورکمان، یەکەم خاتوونە چووبێتە کۆلێژی پزیشکیی بەغدا.

بۆ کاری پزیشکیی تایبەت بە نەخۆشییەکانی ژنـــان، زیـاتـر خـواسـت لـەسـەر ژنـانـە، چونکە نەخۆشەکان پێیان باشترە کێشەکانیان لەگەڵ پزیشکی ژن تاووتوێ بکەن. هەرچەندە پیاوان لەم ساڵانەی دواییدا سەرکەوتنیان لەم بوارەدا بەدەست هێناوە، بەڵام هێشتا یەکێکە لەو کارانەی داواکاریی لەسەر پزیشکی ژن زیاترە.

ئامارێک لە ساڵی ٢٠١٧ بڵاو کـراوەتـەوە باس لەوە دەکات کە لەو ساڵەدا بۆ یەکەم جار لە مێژوودا ژمـارەی پزیشکی ژن لە پزیشکی پیاو زیاتر بووە، بـەم شێوەیە ژنـان هـەمـوو ئاستەنگە کۆمەڵایەتی و ئەکادیمییەکانیان تـێـپـەڕانـدووە و لێهاتوویی و متمانەیان لەم بوارەدا بەدەست هێناوە. زۆرێک لەو پزیشکانە نموونەی پێشەنگن لە تێکەڵاوکردنی زانست و لێهاتوویی زانستی لە لایەک، میهرەبانی و چاودێریی دەروونیی نەخۆش لە لایەکی ترەوە و دەستکەوتی گەورەیان بەدەست هێناوە و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن.

لە هەمان ڕاپۆرتدا ئاماژە بۆ ئـەوە کـراوە کە ســەرەڕای ئـەم سـەرکـەوتـنـانـە، ژنـان هێشتا بە ڕێژەیەکی کـەم ڕاگـری کۆلێژە پزیشکییەکان و سەرۆک بەشەکانی ئەو بوارەن.

ئەو پسپۆڕییانەی پزیشکی ژن زیاتر بۆی دەچن، بریتین لە: ژنان، منداڵان، پێست، چاو، جوانکاری، ئامێرەکانی پشکنین (سۆنەر، مەمۆگراف، ئێم ئارِ ئای و تیشک...)، تاقیگەکان، لووت و قوڕگ و گوێ، ددان، چارەسەری نەخۆشییەکانی شێرپەنجە بە تیشک و کیمیاوی و فیزیایی، هەروەها دەرمانسازی بە هەموو بوارەکانییەوە.

ماری کوری، زانای فیزیا و کیمیا، یەکەم ژن بووە کە خەڵاتی نۆبڵی لەو دوو بوارەدا بەدەست هێناوە، تاکە ژنیشە کە دوو خەڵاتی نۆبڵی زانستیی وەرگرتبێت کە لە دوو بواری جیاوازدا بەدەستی هێناون.

ماری، بەشدارییەکی بەرچاوی لە بواری پزیشکیدا کرد و توانی بۆچوونی زانایان لەسەر مادە تیشکبەرەکان بگۆڕێت، ئەمەش یارمەتیدەر بوو بۆ دۆزینەوەی چارەسەری نەخۆشیی شێرپەنجە بە بەکارهێنانی ئایزۆتۆپ.

کاری پزیشکی، یەکێکە لە گرنگترین کارە مرۆییەکان و قورسترینیان لە رووی خوێندن و خۆماندووکردنەوە. جگە لە رووە مرۆییەکەی، سەرچاوەیەکی دارایی باش بۆ ژن فەراهەم دەکات.

# ژن
# لە بواری پەرستاریدا

چاودێریی تەندروستی و پەرستاری بەگشتی، زیاتر بە کاری ژن ناودەبرێت. کارێکی لەمێژینەی ژنانە، بەتایبەتییش لە کاتی جەنگە گەورەکانی جیهاندا، خانمانی پەرستار رۆڵی دیار و بەرچاویان هەبووە و لە بەرەی پێشەوەی جەنگەکاندا بوون. پەرستاری یەکێکە لەو پیشانەی زۆرترین داواکاریی لەسەر بووە بۆ ژنان، ئەویش بەهۆی لێهاتوویی، پشوودرێژی، رۆحیەتی مرۆڤدۆستانە، دڵنەرمی و بەسۆزی، بەخشین و خۆشەویستی، کە ئەم خەسڵەتانە لە ژندا زۆر بەهێزن.

پیشەی پەرستاری چەندین جۆرە و بەپێی بڕوانامە و شارەزایی کارەکانیان ئەنجام دەدەن.

لە کاتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بەهۆی قوربانیدان و ماندووبوون و بەتەنگەوەهاتنی نەخۆشەکان و دڵسۆزی نواندن، لە سەرتاسەری جیهاندا پەرستاران نازناوی (هێڵی یەکەمی بەرگری) یان بەدەست هێنا.

پیشەی پەرستاری لە چاودێریی تەندروستیدا زۆر گرنگە، بەتایبەتییش بۆ ئەو کەسانەی کە دەستیان ناگات بە پزیشک یاخود نەخۆشخانەکان دوورن لێیانەوە. هەروەها بۆ چاودێریی دایکان و منداڵبوون، یاخود منداڵی تازە لەدایکبوو و چارەسەرە سەرەتاییەکان و تیمارکردن، بەتایبەتی لە گوندەکان و

شوێنە دوورەدەستەکاندا، کە دەستگەیشتن بە پزیشک قورس و گرانە.

لەگەڵ ئەوەی پیشەی پەرستاری پیشەیەکی مرۆییانەیە بۆ ژن و پیاو، بەڵام هێشتا ئاڵنگاریی قورس و گەورە لەبەردەم ژناندا هەیە بۆ ئەم کارە، بەهۆی نەبوونی هۆشیاری دەربارەی چەمکی پیشەی پەرستاری و گرنگییەکەی لە تەندروستیی گشتیی هاوڵاتیاندا.

وەک هەر پیشەیەکی تر، ژنانی پێشەنگ و ڕێچکەشکێن لە بواری پەرستاریشدا ڕۆڵ و کاریگەرییان هەبووە لە گۆڕینی بیرکردنەوە و تێڕوانینە هەڵەکان، لەوانە:

خاتوو فلۆرێنس نایتینگڵ (١٨٢٠–١٩١٠): بە «خاتوونی چرابەدەست» یاخود «خاتوونی ڕووناکی» ناسراوە، ئەویش بەهۆی ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە بینی لە چارەسەرکردنی بریندارانی شەڕی کریمیا لە ساڵانی ١٨٥٤ - ١٨٥٦ کە شەوان چرایەکی بەدەستەوە دەگرت و چاودێریی بریندارەکانی دەکرد. هەروەها دامەزرێنەری پەرستاریی مۆدێرنە و لە ساڵی ١٨٦٠ یەکەم خوێندنگەی پەرستاری بەناوی (قوتابخانەی پەرستاریی نایتینگڵ) لە نەخۆشخانەی سانت تۆماس لە لەندەن. ١٢ی ئایار هەموو ساڵێک کە ڕۆژی لەدایکبوونی خاتوو فلۆرێنسە، ڕۆژی جیهانیی پەرستارانە.

کلارا بارتۆن (١٨٢١-١٩١٢): ئەویش بە «فریشتەی مەیدانی شەڕ» ناسراوە بەهۆی ئەو کارە گرنگانەی لە کاتی شەڕی ناوخۆی ئەمەریکادا ئەنجامی داون. خاتوو کلارا لە ساڵی ١٨٨١ ڕێکخراوی خاچی سووری ئەمەریکی دامەزراندووە و تا ساڵی ١٩٠٤ سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە بووە. هەروەها دەیان خاتوونی پەرستاری تر کە ناوەکانیان لە مێژوودا تۆمار کراوە و پێگەی بەرزیان هەیە لە خزمەت بە مرۆڤایەتی لەو بوارەدا.

ساڵی ٢٠٢٣ لە گۆڤاری (WORLD)ی ئەمەریکیدا ئاماژە بەوە دراوە کە عیراق لە کۆی ئەو ١٩٣ وڵاتەی زۆرترین پێویستییان بە پەرستار و مامان هەیە؛ پلەی ٧٢یەمینی جیهانی هەیە، هەروەها پلەی یازدەیەمینییش لە وڵاتانی عەرەبیدا. بە گوێرەی گۆڤارەکە، عیراق بۆ هەر دە هەزار کەسێک ٢٢,٥٦٪ پەرستار و مامان هەن.

تا ئێستاش ڕوانگەی کۆمەڵگە بەرانبەر بەم پیشە مرۆییە باش نییە و هەوڵی ناوزڕاندنیان دەدرێت، ئەویش بەهۆی سروشتی کارەکانیان کە بەرکەوتنیان لەگەڵ پیاوان زیاترە. لە لایەکی تریشەوە زۆرێک لە مافە پیشەییەکانیان دەستەبەر نەکراوە وەک کارمەندێکی گرنگی بواری تەندروستی.

عەقڵیەتی دواکەوتوو و دابونەریتی نەخوازراو و دەمارگیریی ئایینیی، ڕۆڵیان هەیە لە ناشرینکردنی زۆرێک لەم جۆرە پیشانەدا.

# ژن و کارکردن
# لە تاقیگەکانی پزیشکیدا

کارکردن لە تاقیگەکانی پشکنینی پزیشکیدا، لەو پیشانەیە کە بۆ خانمان زۆر گونجاوە، بەهۆی پشوودرێژی و سەلیقە و وردبینی و پاراستنی پاکوخاوێنیی تاقیگەکان، کە ئەم خەسڵەتانە لە ژندا هەن و بەرچاون. تاقیگەی پزیشکی، رۆڵێکی گرنگی هەیە لە دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکان و چاودێریی تەندروستی و پەرەپێدانی زانیاریی پزیشکی. ئەم بوارە پزیشکییە، بەشێوەیەکی گشتی زانست و تەکنەلۆژیا تێکەڵ دەکات بۆ دەستنیشانکردنی ئارێشەکانی تەندروستی. چەندین پسپۆڕیی خوێندن توانای کارکردنیان لەم بوارەدا هەیە، ئەمە جگە لە پسپۆڕیی تایبەتمەند کە بە یەکێک لە بوارەکانی پزیشکی دادەنرێت.

لە سەدەی رابردوودا ژنان رۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان لە پێشخستنی زانستی پزیشکیدا گێڕاوە، سەرەڕای ئاستەنگە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، توانیویانە سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنن و کاریگەرییەکی قوڵیان لەسەر ئەم بوارانە هەبێت.

**بەشداربوون و پێشەنگی**

ژنان بەشێکی گرنگن لە هێزی کاری تاقیگە پزیشکییەکان، زۆرێک لە ژنان وەک کارمەندی

تاقیگە و توێژەر و بەڕێوەبەری تاقیگە کاریان کردووە، بەرچاوترینیان:

- ماری کوری (١٨٦٧-١٩٣٤)؛ زانای گەورەی بواری فیزیا و کیمیاگەری بە رەچەڵەک پۆڵەندیی خاوەن دوو خەڵاتی نۆبڵ لە هەردوو بواری (فیزیا و کیمیا)، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر لێکۆڵینەوەی رادیۆئەکتڤیتی هەبووە.

- رۆزالیند فرانکلین (١٩٢٠-١٩٥٨): زانای بایۆفیزیک و رادیۆگرافەری لەدایکبووی بەریتانیا، کارەکانی بایەخێکی زۆریان هەیە و رۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە دۆزینەوەی پێکهاتەی DNA.

- گێرتی کۆری (١٨٩٦-١٩٥٧): زانا و توێژەرێکی ئەمەریکاییە، بەشداری کردووە لە دۆزینەوەی چارەسەری شێرپەنجە بە تیشک، یەکەم ژنە خەڵاتی نۆبڵی لە بواری پزیشکیدا وەرگرتبێت، هەروەک یەکەم ئەمەریکاییشە کە ئەو خەڵاتەی لە بواری زانستیدا بەدەست هێنابێت.

## ئاستەنگەکان

سەرەڕای پێشکەوتنەکان، هێشتا ژنان رووبەڕووی ئاستەنگ و بەربەست دەبنەوە، وەک:

- جیاکاریی رەگەزی لە دامەزراندن و بەرزکردنەوەی پلە.

- کەمیی نوێنەرایەتی لە پۆستە باڵاکاندا.
- ناهاوسەنگی لە مووچە بەراورد بە پیاوان.

لەگەڵ ئەوەش، ژنان سەرکەوتنی گرنگیان بەدەست هێناوە، بەتایبەتی لە رووی زیادبوونی ژمارەی ژنان لە خوێندنی باڵا و توێژینەوەی پزیشکیدا، هەروەها داهێنان لە تەکنیکە تاقیگەییەکان و میتۆدەکانی شیکردنەوە، ئەمە جگە لە باشترکردنی تێگەیشتن لە نەخۆشییە تایبەتەکانی ژنان.

سەرەڕای ئاستەنگەکان، ژنان رۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان لە تاقیگەکانی پزیشکیدا هەبووە و هەیە. بە زیادبوونی هەلەکان و کەمکردنەوەی جیاکارییەکان، چاوەڕوان دەکرێت رۆڵی ژن لەم بوارانەدا بەهێزتر و کاریگەرتر بێت لە داهاتوودا.

# ژن لە بوارەکانی ڤێتێرنەریدا

بواری ڤێتێرنەری بە شێوەی مۆدێرن، لە سەدەی ١٨دا دەستی پێ کرد، کاتێک یەکەم قوتابخانەی ڤێتێرنەری لە لیۆن (فەرەنسا) لە ساڵی ١٧٦١ دامەزرا. بۆ ماوەی زیاتر لە دوو سەدە، ئەم بوارە بەتەواوی لەلایەن پیاوانەوە قۆرغ کرابوو، ژنان هیچ دەرفەتێکیان نەبوو بۆ خوێندن و کارکردن وەک پزیشکی ڤێتێرنەری.

لە سەردەمی ئەمڕۆدا، بواری پزیشکی ڤێتێرنەری یەکێکە لە بوارە گرنگەکانی تەندروستی، کە تیایدا ژنان رۆڵێکی بەرچاویان هەیە، لەکاتێکدا تا رابردوویەکی نزیک، ئەم بوارە وەک زۆربەی بوارە زانستییەکانی دیکە، بەتەواوی لەژێر دەستی پیاواندا بوو. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمەوە ژنان چوونە ئەم بوارەوە و یەکەم پزیشکی ڤێتێرنەریی ژن، میگنۆن نیکۆڵسن بوو، کە لە ساڵی ١٩٠٣ بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری پزیشکی ڤێتێرنەریدا لە زانکۆی کۆرنێڵ لە ئەمەریکا وەرگرتووە. لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و گەشەکردنی بیرکردنەوەی ژنان و سەرهەڵدانی چەندین بزووتنەوەی فێمینیزمی لە ئەوروپا و ئەمەریکا، ژمارەی ژنان لەو بوارەدا زیادی کرد.

دوای جەنگی جیهانیی دووەم، بەهۆی کەمبوونەوەی ژمارەی پیاو و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان، دەرگاکان زیاتر کرانەوە بۆ ژنان. لە ساڵەکانی ١٩٥٠ و ١٩٦٠، ژمارەی ژنانی خوێندکار لە کۆلێژەکانی ڤێتێرنەریدا بەرەبەرە زیادی کرد.

پاشان لە ساڵانی ١٩٧٠ و دواتر، بەهۆی بزووتنەوەکانی مافەکانی ژنان و گۆڕانکارییە یاساییەکان دژی جیاکاری، ژمارەی ژنان لە بواری ڤێتێرنەریدا بەخێرایی زیادی کرد:

– لە ساڵی ١٩٦٠، ژنان تەنیا لە سەدا پێنجی خوێندکارانی ڤێتێرنەرییان پێک دەهێنا لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا.

– لە ساڵی ١٩٨٠، ئەم ڕێژەیە گەیشتە لە سەدا سی.

– لە ساڵی ٢٠٠٠، ژنان زیاتر لە سەدا پەنجای خوێندکارانی ڤێتێرنەرییان پێک دەهێنا.

– لە ساڵی ٢٠٢٤، نزیکەی لە سەدا هەشتای خوێندکارانی ڤێتێرنەری لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوا، ژنن.

لەگەڵ ئەوەش، لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەشداریی ژنان لە بواری ڤێتێرنەریدا درەنگتر دەستی پێ کرد و بەخێراییەکی کەمتر گەشەی کرد، بەڵام لە دەیەکانی دواییدا پێشکەوتنی بەرچاو هەبووە؛ لە وڵاتانی وەک ئێران، تورکیا، میسر و وڵاتانی کەنداو، ژمارەی ژنانی خوێندکاری ڤێتێرنەری بە بەردەوامی لە زیادبووندایە. هەروەها لە هەندێک لە زانکۆکانی ناوچەکە، ژنان ئێستا زیاتر لە سەدا چلی خوێندکارانی ڤێتێرنەری پێکدەهێنن.

لە هەرێمی کوردستانیش، بواری ڤێتێرنەری لە دوای ساڵی ٢٠٠٠ەوە پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بەتایبەتی دوای دامەزراندنی بەشی ڤێتێرنەری لە چەندین زانکۆی هەرێم، وەک زانکۆی سلێمانی و زانکۆی هەولێر، کە تیایاندا ڕێژەی ژنانی خوێندکار بەردەوام لە زیادبووندایە.

ئیتر ژنان خۆیان سەلماندووە و جێپەنجەیان دیارە، چەندین دەستکەوتیان بەدەست هێناوە، لەگەڵ ئەوەی چەندین بەربەست و ئاستەنگیان لە ڕێگەدا بووە، توانیویانە بیسەلمێنن ئەم کارە زیاتر بۆ ژن گونجاوە، ئەویش بەهۆی هەستی قووڵی سۆز و بەزەیی لایان، چونکە ئەگەر پزیشکی مرۆڤ خزمەتی مرۆڤ بکات، ئەوا پزیشکی ڤێتێرنەری خزمەتی مرۆڤایەتی دەکات.

زۆر کەس گرنگیی پزیشکی ڤێتێرنەری تەنیا لە چارەسەری ئاژەڵدا سنووردار کردووە، بەڵام ڕۆڵی زۆر گرنگتر دەگێڕن لە ڕووی تەندروستیی گشتی و ئاسایشی خۆراک و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی هاوسەنگ و تەندروست و پارێزگاری ژینگە.

زۆر بواری گرنگی ڤێتێرنەری هەن کە ژنان بتوانن کاری تێدا بکەن، لەوانە: چارەسەری نەخۆشییەکانی ئاژەڵ، بەخێوکردنی هەنگ، چارەسەری نەخۆشییەکانی ئاژەڵ و باڵندە بچووکەکان، دەرمانخانەی ڤێتێرنەری، جۆر و سەلامەتیی مادە سەرەتاییەکانی خۆراک و

بەرهەمە خۆراکییەکان، بازرگانیی خۆراکی ئاژەڵ و باڵندە، ڕاهێنانی ئاژەڵی ماڵی و سەگی پۆلیسی، ڕاهێنانی باڵندە، پشکنینی تەندروستیی ئاژەڵ و نەشتەرگەری لە نۆرینگە و نەخۆشخانە تایبەتەکانی ئەو بوارە، کاری ناو کێڵگەکانی ئاژەڵ و پەلەوەر، بازرگانیی فرۆشتنی ئاژەڵی ماڵی و باڵندە و ماسی، کە لەم بوارانەدا دەتوانن دەیان پرۆژە بەرهەم بهێنن. هەروەها چارەسەری ئەو نەخۆشییانەی لە ئاژەڵ و باڵندەوە بۆ مرۆڤ دەگوێزرێنەوە. ئەمانە و دەیان بیرۆکەی تر هەن، بۆیە ژنان نابێت سڵ بکەنەوە لەم جۆرە کارانە کە ئێستا لەم سەردەمەدا خواستی زۆریان لەسەرە.

زۆربوونی ژنان لە بواری ڤێتێرنەریدا، چەندین گۆڕانکاریی گرنگی بەدوای خۆیدا هێناوە، وەک: پەیوەندیی باشتر لەگەڵ خاوەن ئاژەڵەکان، گرنگیدانی زیاتر بە ڕەفتار و دەروونناسیی ئاژەڵان و پەرەسەندنی میتۆدە جێگرەوەکان و بەکارهێنانی میتۆدی کەمتر دژوار.

لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، ژنان گۆڕانکارییەکی مەزنیان بەسەر بواری ڤێتێرنەریدا هێناوە؛ لە قۆناغی نەبوون و ڕەتکردنەوەوە، تا بوون بە زۆرینەی خوێندکاران و پزیشکانی ڤێتێرنەر لە زۆربەی وڵاتاندا. ژنان نەک تەنیا توانیویانە ئەم بوارە بگۆڕن، بەڵکوو شەقڵێکی نوێشیان پێی بەخشیوە.

لە رووی مێژووییەوە؛ ئەو ژنە پێشەنگانەی کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا توانییان ببنە یەکەم پزیشکی ڤێتێرنەر، ڕێگەیان خۆش کرد بۆ نەوەکانی دواتر. ئەمڕۆ بواری ڤێتێرنەری لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوودا بووە بە یەکێک لەو بوارە پزیشکییانەی کە ژنان تیایدا زۆرینەن.

لە رووی کۆمەڵایەتییەوە؛ ئەم گۆڕانکارییە کاریگەرییەکی قووڵی هەبووە لەسەر شێوازی پیشەکە، جۆری خزمەتگوزارییەکان و پەیوەندیی نێوان پزیشکی ڤێتێرنەر و خاوەن ئاژەڵەکان. هەروەها بووە بە نموونەیەکی باش بۆ توانای ژنان لە بوارە زانستییەکاندا. لە رووی زانستییەوە؛ ژنان بەشدارییەکی بەرچاویان کردووە لە دۆزینەوە و پێشکەوتنەکانی بواری ڤێتێرنەریدا، بەتایبەتی لە بوارەکانی پزیشکی ئاژەڵە بچووکەکان، نەخۆشییە هاوبەشەکان و رەفتارناسیی ئاژەڵاندا.

سەرەڕای ئەو پێشکەوتنە گەورانە، هێشتا هەندێک ئاستەنگ و کێشە ماون کە پێویستە چارەسەر بکرێن، بەڵام ئەوەی جێی دڵخۆشییە ئەوەیە کە ئاراستەی گشتی بەرەو یەکسانیی زیاتر و دەرفەتی باشتر بۆ ژنان لە بواری ڤێتێرنەریدایە، ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەکردنی زیاتری ئەم بوارە گرنگە لە داهاتوودا.

# ژن لە بوارەکانی ئەندازیاریدا

بوارەکانی ئەندازیاری، هەمەچەشن و فراوانە.

پێش ئەوەی ئەندازیاری ببێت بە پیشە، یان بوارێکی تایبەتمەند بێت و پسپۆڕییەکی تایبەت بێت؛ بەشداریی ژن لەو بوارەدا دەستی پێ کردووە. ئەو ژنانەی لەو سەردەمەدا کاریان کردووە، شارەزاییان لە ماتماتیک و زانستدا هەبووە.

پیشەی ئەندازیاری، پیشەیەکە، پێگەیەکی گرنگ و داهاتێکی دارایی باش بۆ خاوەن پسپۆڕییەکانی دەستەبەر دەکات، چەندین دەرفەتی گرنگ بۆ دەرچووانی بەشەکانی دەڕەخسێنێت و دەروازەی فراوان بە روویاندا دەکاتەوە، جا چ لە کەرتی گشتیدا بێت، یاخود لە کەرتی تایبەت، ئەمەش بەهۆی فرەیی پسپۆڕییەکانیانەوەیە لە بازاڕی کاردا، کە پێویستییەکی زۆر هەیە بۆ ئاسانکاریی ژیانی خەڵک و پارێزراوترکردنی.

ئەگەرچی جاران ژنان دەرفەتی کەمیان هەبووە بۆ بەشداریکردن لە بوارەکانی ئەندازیاری، بەڵام نموونەی ژنانی پێشەنگمان زۆرە کە کاریان لەم بوارەدا کردووە، لێرەدا ئاماژە بە هەندێک لەو ژنانە دەکەین کە لە مێژوودا وەک داهێنەر ناسراون لە بوارەکانی ئەندازیاریدا:

- **هیپاتیا** (**٣٧٠ – ٤١٥ ز**)**؛** مامۆستای بیرکاری

و فەلسەفە بووە لە ئەسکەندەریە، ئامێری هایدرۆمێتری داهێناوە.

- **ئادا لۆڤلەس** (١٨١٥ – ١٨٥٢ز)؛ یەکەم پرۆگرامەری کۆمپیوتەرە لە مێژوودا. لەگەڵ ئەوەی تەمەنێکی کەم ژیاوە، ڕێسا بنەڕەتییەکانی بۆ زمانە بەرنامەسازییە مۆدێرنەکان دانا و ئێستا بە زمانی ئادا ناسراوە.
- **ئیمێلی وارن رۆبلینگ** (١٨٤٣ - ١٩٠٣)؛ دوای ئەوەی هاوسەرەکەی (واشنیگتۆن رۆبلینگ) کە سەرپەرشتیاری دروستکردنی پردی برۆکلین بوو لە نیویۆرک، تەندروستیی تێک دەچێت، خاتوو ئیمێلی، بەشداریی کاریگەری هەبوو لە دروستکردن و تەواوکردنی پردی برۆکلیندا. بەهۆی دڵسۆزیی بۆ کارەکەی، دوای تەواوکردنی پردەکە و لە کاتی کردنەوەیدا، یەکەم کەس بوو لە رۆژی ٢٤ی ئایاری ١٨٨٣ بەسەریدا رۆیشت.

لە سەرەتای سەدەی بیستەم، دوای ئەوەی کۆلێژ و پسپۆڕیی لە بواری ئەندازیارییە جۆراوجۆرەکان پەیدا بوو، چەند ژنێک، کە بە پەنجەی دەست دەژمێردران، پلەی زانستیی ئەندازیارییان بەدەست هێنا. سەرەتا بە چاوێکی نامۆوە سەیر دەکران، لەگەڵ بوونی چەندین گرفتیش، هەندێک ژن سەرکەوتنی ناوازەیان بەدەست هێنا، لەوانە: بیولا

لویز هێنری (١٨٨٧ – ١٩٧٣) کە بە خاتوو ئەدیسۆن ناوبانگی دەرکردبوو، خاوەنی ٤٩ داهێنانە و تۆمار کراون.

ژنان لە بوارەکانی ئەندازیاریدا بە هەموو بەشەکانییەوە، بوونی خۆیان سەلماندووە و پێگەیەکی پێشکەوتوویان لە بازاڕی کاردا دروست کردووە، بەتایبەتی لە بوارەکانی ئەندازیاریی کۆمپیوتەر، میکانیک، کارەبا و ژینگە... سەرکەوتنی گەورەیان بەدەستهێناوە و توانیویانە بە توانا و لێهاتوویی خۆیان سەرنجی پسپۆڕان رابکێشن. زۆر جار ژنانی سەرکەوتوو بوونەتە ئیلهامبەخش بۆ نەوەی داهاتوو، بەتایبەت بۆ کچانی گەنج کە خەونی پیشەیەکی ئەندازیارییان هەیە، چونکە لەگەڵ ئەوەی تا رادەیەکی باش بەشدارییان لەو بوارەدا کردووە، بەڵام مانای ئەوە نییە کە رێگەی بەردەمیان بە گوڵ چنراوە؛ زۆربەی جار لە قۆناغی سەختی ئابووریدا، زیانلێکەوتووی سەرەکی، ژن بوون.

پێش کردنەوەی کۆلێژی ئەندازیاری لە ساڵی ١٩٥٨ لە عیراق، ئەوانەی کاری ئەندازیارییان دەکرد، هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بوون. ئیتر لەو کاتەوە یەک لەدوای یەک دەست کرا بە کردنەوەی کۆلێژە پەیوەندیدارەکان و بەپێی پێداویستییەکان

بەشەکانی کۆلێژی ئەندازیاریی دەکرانەوە. هەر لە سەرەتاوە کچان بۆیان هەبوو بچنە ئەو کۆلێژ و بەشانەوە و وردە وردەش ڕێژەکە بەرەو هەڵکشان دەچوو. بەپێی چەندین ڕاپۆرت، ئێستا کچانی دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری، لە سەروو لە سەدا پەنجاوەیە، بەڵام دەبینین لە سەدا پێنجیان لە مەیدانی ئەو بوارانەدا کار دەکەن، لەکاتێکدا لە سەدا نەوەد و پێنجی پیاوان سوودمەند دەبن لە هەلی کاری مەیدانی. زۆربەی زۆری کچان لە نووسینگەکاندا کار دەکەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند بەربەستێک، لە سەرووی هەموویانەوە بەربەستی کولتووری و کۆمەڵایەتی، بەبێ گوێدانە بڕوانامە و لێهاتووییان.

بەپێی ڕاپۆرتێکی توێژینەوە کە لەسەر (تواناکانی سەرکردایەتی ژنانی عیراق) کراوە و هەندێک لایەنی پسپۆڕیی وەک نموونە وەرگیراون، لەوانە: پسپۆڕیی ئەندازیاری، دەرکەوتووە بەرانبەر هەر دە پیاوێک، یەک ژن لە ناوەندی بڕیاردان، بەڵام وەک کارمەندی ئیداری، لە سەرووی سەدا پەنجاوە ژنن، بەمەرجێک ژمارەی خوێندکارانی کچ لە هەموو بوارەکانی پسپۆڕیی ئەندازیاری (شارستانی، کارەبا، میکانیک، ژینگە، کۆمپیوتەر و بەرنامەسازی، ڕێگەوبان و تەلارسازی...)، هەمان

ڕێژەی خوێندکارانی کوڕن. هۆکاری ئەمانەش، وەک هەموو پیشەکانی تر، کولتوور و دابونەریتە نەخوازراوەکان و دەسەڵاتی نێرسالارییە.

زۆر جار هەندێک لە پیاوان ئامادە نین فەرمان لە ژن وەربگرن، بەتایبەتییش ئەگەر لە تەمەندا لەوان بچووکتر بن، چونکە فێر کراون تەنیا لە پیاوان فەرمان وەربگرن و ئەوانیان لەو بوارەدا بینینوە. تا ئەمڕۆش لە هەموو وڵاتان ڕێژەی ژنی خاوەن دەسەڵات لەو بوارانەدا کەمن. لەگەڵ ئەمانەش، بەشێک لە ژنان توانیویانە بگەنە ئاستی بەرز و ناسراون و جێدەستیان دیارە.

ژنانی سەرکەوتووی ئەم بوارە، ئامۆژگاریی ئەو کچانە دەکەن کە خولیای کاری ئەندازیارییان هەیە، کە: کارەکان بە هەند وەربگرن، پابەند بن بە بەدەستهێنانی ئەو خەونەی هەیانە، ڕووبەڕووی سەختییەکانی ڕێگەی گەیشتن بە خەونەکانیان ببنەوە و بەهۆی سەختی و بەربەستەکانەوە بەجێی نەهێڵن و ماندوو نەبن، بێدەنگ نەبن لەو ناحەقییانەی بەرانبەریان دەکرێت، ڕێگە بە هیچ کەسێک نەدەن زیانیان پێ بگەیەنێت تەنیا لەبەر ئەوەی کە مێیینەن، دڵسۆز بن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەر شانتان و هەنگاو بە هەنگاو بەسەر پلیکانەی سەرکەوتندا سەر بکەوە.

زەها حەدید، تەلارسازی سەرکەوتوو لەسەر ئاستی جیهان، کە بە ڕەچەڵەک خەڵکی موسڵە و لە بەغدا لەدایک بووە، خاوەنی ٩٥٠ پرۆژەی ناوازەیە لە جیهاندا و پرۆژەکانی لە ٤٤ وڵاتدا جێبەجێ کردووە. کارەکانی بە تایبەتمەندی و ناوازەیی ناسراون، چەندین خەڵاتی جیهانیی بەدەست هێناوە، کە یەکێکیان لە ئاستی خەڵاتی نۆبڵدایە. بە بەهێزترین ئەندازیاری جیهان وەسف کراوە و دەڵێت: «ژنان وەک پیاوان دەبێت هەوڵ بدەن و لە تازەگەریدا بەردەوام بن و خەیاڵیان فراوان بکەن».

گرنگترین شت ئەوەیە کە بەشداریی ژنان لە بواری ئەندازیاریدا تەنیا پرسێکی یەکسانی نییە، بەڵکو پرسێکی گرنگی زانستی و تەکنەلۆژیاشە. ژنان بیرکردنەوەی جیاواز، بۆچوونی نوێ، شێوازی داهێنەرانەی تایبەت بە خۆیان دەهێننە ناو ئەم بوارە پڕ لە داهێنانەوە، ئەمەش وا دەکات کە پرۆژە ئەندازیارییەکان زیاتر گشتگیر و کاریگەر بن.

چاوەڕوان دەکرێت لە داهاتوودا بەشداریی ژنان لە بوارەکانی ئەندازیاریدا بەردەوام لە گەشەکردن و فراوانبووندا بێت، چونکە ئێستا زۆر لە کۆمپانیا و دامەزراوە زانستییەکان هەوڵ دەدەن ژینگەیەکی پڕ لە یەکسانی و دادپەروەری بۆ ژنان بڕەخسێنن،

لەبەر ئەوەی هەمەجۆری لە بیرکردنەوە و ئەزموونندا، دەبێتە هۆی چارەسەری باشتر و ژیانێکی باشتر بۆ هەمووان. ئەمەش مانای ئەوەیە کە داهاتووی ئەندازیاری، داهاتووی هاوبەشی ژنان و پیاوانە، داهاتوویەک کە تیایدا توانا و بەهرەکان گرنگترن لە رەگەز.

# ژن و بازرگانیی ئەلکترۆنی

ژنان بەگشتی و ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی، لە کارکردندا ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاری دەبنەوە، کە ڕێگری لە پێشکەوتن و ئەدای کار و دەرکەوتنی دروست لە کارەکانیاندا دەکەن و کاریگەریی نەرێنی لەسەر بەدیهێنانی خەون و ئامانجەکانیان دەبێت. هەروەها ژنان ئەرکی بەخێوکردنی منداڵ و چاودێری و ئەرکی خێزانیان لەسەرە و ئەوانەش ڕێگرێکی ترن لە کارکردنیان لە دەرەوەی ماڵ. ئەمانە و چەندین گرفتی تر، کە لە بابەتەکانی پێشوودا باسمان کردوون. لەبەر ئەوە، بازرگانیی ئەلکترۆنی، چارەسەرێکی ئایدیاڵییە بۆ کاری ژنان، بەتایبەتییش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەو پێیەی دەتوانرێت بەشێکی زۆر لەو ئاستەنگ و بەربەستانە تێپەڕێنن، کە دێنە ڕێیان.

بازرگانیی ئەلکترۆنی، بە یەکێک لە دیارترین و باشترین ڕێگەکان دادەنرێت بە سوودوەرگرتن لە ئینتەرنێت کە لە سەرانسەری جیهاندا بەکار دەهێنرێت. ئەوانەی ئەو جۆرە کارانە دەکەن، پێویست ناکات لە ماڵەوە بۆ مەبەستی کار بچنە دەرەوە، هەروەها کاتەکانی کارکردن دەکەوێتە سەر ئارەزووی کەسەکە و خۆی کات و چۆنیەتی کارکردنەکەی دیاری دەکات، بۆیە ئێستا زۆرێک لە ژنان بۆ کاری بازرگانی لەسەر ئاستی جیهان و بەتایبەتییش وڵاتانی عەرەبی ڕوویان کردووەتە بازرگانیی ئەلکترۆنی، وەک چارەسەرێکی

گونجاو بۆ کارکردنیان بەبێ ئەوەی هیچ کێشە و ئاستەنگ و کەموکوڕییەکیان هەبێت لە چاودێریی خێزان و دابەشکردنی کات.

لەم خاڵانەی خوارەوەدا ئەوە روون دەکەینەوە کە بۆچی بازرگانیی ئەلکترۆنی بە چارەسەرێکی گونجاو دادەنرێت:

- **سەرچاوەیەکی باشی داهاتە:** لە سوودە دیارەکانی بازاڕی ئەلکترۆنی؛ دابینکردنی داهاتێکی جێگیر و چارەسەرکردنی کێشەی بێکارییە، بەتایبەتییش دوای بڵاوبوونەوەی فرۆشتن لە رێگەی ئۆنلاینەوە بە قەبارەیەکی گەورە لە سەرتاسەری جیهان و دامەزراندنی کۆمپانیای گەورەی تایبەت بەو بوارە.
- **بەهرەی بازرگانی:** کارکردن لە بازرگانیی ئەلکترۆنیدا، بەهرە شاراوەکانی بواری بازرگانی بەگشتی دەردەخات، ئەوانەی ئەو کارە دەکەن، توانیویانە وردبینتر و قووڵتر ببنەوە و ببنە خاوەن ستراتیژ و پلان بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بن و بتوانن کێبڕکێ لەگەڵ کەسانی تر بکەن، هەوڵ دەدەن باشترین کوالیتی و باشترین ریکلام بۆ کاڵاکانیان بکەن و پەیوەندییەکانیان لە رووی کۆمەڵایەتییەوە فراوانتر بکەن.
- **بارودۆخی ئابووری:** هەموو جیهان بە هەلومەرجێکی ئابووریی سەختدا تێپەڕ دەبێت، لەم بارودۆخەدا،

بازرگانیی ئەلکترۆنی بوارێکی گرنگ بوو بۆ ژنان لەو بازاڕەدا کار بکەن بە ڕێژەیەکی بەرز.

- **پەیوەندیی خێزانیی پتەوتر دەکات:** لە زۆربەی کاتدا هەموو ئەندامانی خێزان بەشدار دەبن لە بیرۆکە و پلان و کڕین و فرۆشتندا بە سەرپەرشتیی دایکەکە.
- **هەلومەرجی ئاسان:** بواری بازرگانیی ئەلکترۆنی یەکێکە لەو بوارە قازانجبەخشانەی جیهان کە پێویستی بە هەلومەرجی سەخت و ئالۆز نییە بۆ ئەوەی ژنان دەستیان پێی بگات.
- **پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکان:** ئەو ژنانەی بێکارن و کاری ماڵ ئەنجام دەدەن، کاتێکی زۆری بەتاڵیان بەدەستەوەیە، لەم سەردەمی فرەیی تەکنەلۆژیایەدا، بەشێکیان کاتەکانی خۆیان بە سۆشیالمیدیا و ئەپەکانی (فەیسبووک، ئینستگرام، یوتیوب و سناپچات...)، هەروەها تەلەڤزیۆن و فیلم زنجیرەکان بە ڕێ دەکەن، بەڵام ئەو ژنانەی کە کاری بازرگانیی ئەلکترۆنی دەکەن، دەڵێن بەتەواوی کاتەکانی پڕ کردوونەتەوە و بووەتە سەرچاوەیەکی داراییش بۆیان.

یەکێک لە خاسیەتە باشەکانی بازرگانیی ئەلکترۆنی ئەوەیە کە تێچوویەکی ئەوتۆی نییە، سەرەکیترین کەلوپەل و پێویستی، بریتییە لە کامێرایەکی باش کە لە ئێستادا لە زۆرێک لە مۆبایلەکاندا هەیە.

به شارەزابوون لە دەستکاریکردنی ڤیدیۆکان و سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیا، دەتوانرێت لە یوتیوب کەناڵی تایبەت دروست بکرێت و ئەو ڤیدیۆیانەی لەو بوارەدا کە شارەزاییان تێیدا هەیە، بڵاوی بکەنەوە، وەک: گەشتکردن، خواردن و شرینی ئامادەکردن، دایکایەتی، جوانکاری، چاودێری و خزمەتی قژ و پێست و چەندین بواری تر...

لێرەدا ئاماژە بە هەندێک لەو کارانە دەکەین کە دەتوانرێت لە رێگەی بازرگانیی ئەلکترۆنییەوە ئەنجام بدرێن:

• **چێشتلێنان:** ئەگەر توانای دروستکردنی خواردنی بەتامت هەیە و لە خۆت رادەبینی، ئەوا دەکرێت ئەم بەهرەیە بەکار بهێنیت بۆ دەستپێکردنی کارێکی تایبەت بە خۆت بەسوودوەرگرتن لە چێشتخانەی ماڵەکەت و ئامادەکردنی چەندین جۆر خواردن و فرۆشتنیان، ئەمەش بە دوو رێگە دەکرێت:

یەکەم: بە بەشداریکردن لە ئەپڵکەیشنی خواردنی ئامادەکراوی ماڵەوە، وەک ئەپڵیکەشنی تەڵەبات و هتد...

دووەم: پەیجێکی تایبەت بە خۆت لە سۆشیالمیدیا دروست بکە و چەندین جۆر لەو خواردنانەی تێدا نمایش بکە کە مەبەستە، هەروەها نرخی هەر ژەمێک دیاری بکەیت و لە رێگەی هاورێکانتەوە ریکلامی زیاتر و فراوانتری بۆ بکەیت.

- **دایەنگە**: ئەگەر پەیوەندیت باشە لەگەڵ منداڵ و پشوودرێژیت، دەتوانیت لە ماڵەکەی خۆت شوێنێکی گونجاو ئامادە بکەیت بۆ ئەوەی منداڵان تێیدا ئارام بن و کات بەسەرببەن، کارەکەشت لە سۆشیالمیدیا نمایش بکە.
- **خوێندنگەی زمانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی یاخود هەر زمانێک کە شارەزاییت تێیدا هەیە**: ئەگەر پسپۆڕییت لە زمانێکدا هەبێت، دەتوانیت وانە بڵێیتەوە بەوانەی ئارەزووی فێربوونی زمانیان هەیە. دەتوانیت سوود لە ماڵپەڕی (Verbal Planet) وەربگریت بۆ کردنەوەی ئەکاونتێکی تایبەت، لەو جۆرە ماڵپەڕانە زۆرن کە هاوکارت بن.
- **توێژەری ئینتەرنێت**: ئەگەر کەسێکی وردبین بیت، ئەوا ئەو کارە بۆ تۆ زۆر گونجاوە، زۆرێک لە کۆمپانیا بازرگانییەکان پێویستیان بە کەسێکە لە توێژینەوەکانی ئۆنلایندا باش بێت. دەتوانیت سوود لە ماڵپەڕی (indeed) وەربگریت، لە هەمان کاتدا خزمەتگوزاریی گەڕان بەدوای چەندین جۆری تری کاردا لە ماڵەوە دەستەبەر دەکات، وەک سەنتەری پەیوەندی (call center) یاخود دیزاینەری ماڵپەڕەکان.
- **تاقیکردنەوەی سایتەکان**: ئەم کارە بۆ تاقیکردنەوەی کوالێتیی ماڵپەڕێکی دیاریکراو دەبێت، چونکە زۆرێک لە کۆمپانیاکان پێویستیان بە

دامەزراندنی کەسانێک هەیە شارەزاییان هەبێت لە تاقیکردنەوەی ماڵپەڕی کۆمپانیاکەیان و وردبینی و زانینی سوود و زیانەکانی ماڵپەڕەکەیان.

- **وەرگێڕانی دەنگ بۆ دەق:** ئەرکەکانی ئەم کارە بریتییە لە گۆڕینی فایلە دەنگییەکان بۆ دەقی نووسراو، وەک ئەوەی گوێ لە وتارەکان یاخود وانەکانی زانکۆ و سیمینارەکان دەگرێت و دەیگۆڕێت بۆ دەقی نووسراو.
- **شارەزایی لە جوانکاری:** ئەگەر ئەزموونت هەیە لە ماکیاژ و شێوازەکانی راندنەوە و بایەخدان بە پێست و قژ و جەستە... ئەگەر ئەم کارەت بۆ گونجاو بێت، تەنیا پێویستت بە پەیجێکە لە فەیسبووک یان ئینستگرام و کارەکانتی تێدا نمایش بکەیت. هەروەها ئەگەر توانای دروستکردنی هەندێک جۆری (سکراب و کرێم و...هتد)ی ئۆرگانیکت هەیە، ئەوا دەتوانیت بازاڕی بۆ پەیدا بکەیت.
- **وەرگێڕان:** ئەگەر لە دوو زمان یاخود زیاتر بەباشی شارەزاییت هەبێت و توانای وەرگێڕانت هەبێت، ئەم کارە بۆ تۆ گونجاوە، بەتایبەتی لە ڕێگەی کۆبوونەوە و کۆنفرانسە ئۆنلاینەکانەوە.
- **بەرگدووری و خشڵ دروستکردن:** ئەم کارە ئێستا زۆر برەوی هەیە، ئەمەش لە ڕێگەی ئەکاونتێکەوە دەتوانیت بەرهەمەکانت نمایش بکەیت لەگەڵ نرخ و کوالێتییان.

• **فرۆشتنەوە و ئاڵوگۆڕی جلوبەرگ و کەلوپەلی ناوماڵ و جلی کۆنە** (**دەستی دوو**): ئەم کارەش لە ئێستادا بەتایبەتی لە ئەوروپا زۆرە، ئەمەشیان هەر لە ڕێگەی ئەکاونت و ماڵپەڕەوە ئەنجام دەدرێت و نرخ لەسەر کاڵاکان دادەنرێت، هەندێک جار ئەگەر کەمێک چاککردنیان پێویست بێت، ئەوا خۆت دەتوانیت ئەو کارە بکەیت.

• **فرۆشتنەوەی یاریی منداڵان و کەلوپەلەکانیان** (**بەکارهاتووەکان**): ئەو یارییانەی کە بەپێی تەمەنی منداڵەکە سوودیان کەم دەبێتەوە، دەکرێت لە ڕێگەی ئەکاونتێکەوە کڕین و فرۆشتنیان پێوە بکرێت، هەروەها هەندێک جێگە و کەلوپەلی خەوتنی منداڵیش بە هەمان شێوە.

• **ڕێکخستنی بۆنە و ئاهەنگەکان**: ڕێکخستنی بۆنە و ئاهەنگەکانی وەک ئاهەنگی ڕۆژی لەدایکبوون و خەنەبەندان... پێویستی بە سەرمایەیەکی زۆر نییە و دەتوانرێت لە پرۆژەیەکی بچووکدا ئەنجام بدرێت، باشترە بەردەوام بیرۆکەی تازە بێننە ئاراوە بۆ نمایشی کارەکان.

ئێستا ئەم دەرفەتە لەبەردەست ژنانی بێکاردا واڵایە کە بتوانن فرۆشگەی ئۆنلاین بەڕێوە ببەن و بەرهەم و کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لەو ڕێگەیەوە بفرۆشن.

# ژنانی
# یاساناس و پارێزەر

لە بەستێنی مێژووی دادگەری و یاسادا، بوونی ژنـان وەک پـارێـزەر و دادوەر، بـە رەهەندێکی گرنگ دادەنرێت بۆ دەستەبەرکردنی دادپەروەری و یەکسانی. ژنان لێهاتوویی خۆیان لەم پیشەیەدا سەلماندووە، بوونیان پێویستییەکی حەتمی و بەشێکی دانەبڕاوە لە پرسی کاری ژنان بەگشتی.

بۆ ماوەیەکی درێژی مێژوویی، ژنان بەتەواوی لە پیشەی یاسایی دوورخرابوونەوە. لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا، تا سەرەتای سەدەی بیستەم، مافی خوێندنی یاسا و پیادەکردنی وەک پیشە، بۆ ژنان قەدەغە کرابوو، بەڵام لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، ژمارەیەکی زیاتر لە ژنان دەستیان کرد بـە شکاندنی بەربەستەکان لـە بـواری یـاسـادا. بزووتنەوەی مافەکانی ژنان و گۆڕانکارییەکانی یاسایی و کـۆمـەڵایـەتـی لـە دەیـەکـانـی ١٩٦٠ و ١٩٧٠، دەرگـای زیاتری بۆ بەشداریی ژنـان لە بـواری یاسادا کـردەوە. لەم ساڵانەی دواییشدا، پێشکەوتنی بەرچاو لە بەشداریی ژنان لە بواری یاسادا بەدی هاتووە. لە زۆربەی وڵاتاندا، ژمارەی ژنانی خوێندکاری بواری یاسا زیادی کردووە و لە هەندێک وڵاتدا بگرە لە پیاوانیش زیاتر بوون. ژنان گەیشتوونەتە پلەی بەرزی دادوەری و سەرۆکی دادگا لە چەندین وڵاتدا.

بەشداریی ژنان لە پیشەی یاساییدا، کاریگەریی گرنگی لەسەر سیستمی دادوەری هەبووە. توێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە بوونی دادوەرانی ژن دەبێتە هۆی پێشکەشکردنی روانگەی جیاواز کە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ بڕیاردان لە کەیسە ئاڵۆزەکاندا. لە لایەکی تریشەوە، بوونی پارێزەرانی ژن، یارمەتیدەرە بۆ نوێنەرایەتیکردنی باشتری قوربانیانی ژن، بەتایبەتی لە کەیسەکانی توندوتیژیی خێزانی و دەستدرێژیی سێکسیدا، چونکە هەندێک قوربانی هەست بە راحەتیی زیاتر دەکەن لەگەڵ پارێزەری ژندا. هەروەها توێژینەوەکان پیشانی دەدەن کە پارێزەرانی ژن بە رێژەیەکی زیاتر لە پیاوان بەشداری دەکەن لە خزمەتگوزاریی یاسایی خۆبەخش و کاری دادپەروەری کۆمەڵایەتیدا، کە یارمەتیدەرە بۆ زیادکردنی دەستگەیشتن بە دادپەروەری بۆ کەسانی کەم داهات و پەراوێزخراو. سەرەڕای پێشکەوتنەکان، نایەکسانی ئابووری هێشتا بۆ ژنان لە بواری یاسادا بەردەوامە. لە زۆربەی وڵاتاندا، پارێزەرانی ژن بە رێژەیەکی بەرچاو مووچەی کەمتر لە پارێزەرانی پیاو وەردەگرن، تەنانەت کاتێک کە هەمان ئاستی ئەزموون و لێهاتووییشیان هەیە.

ژنـان لـە بـواری یاساییشدا، وەک زۆربـەی بوارەکانی تری ژیان، هێشتا بەرەورووی چەندین بەربەستی کۆمەڵایەتی دەبنەوە، لەوانە:

- **پێشداوەری رەگـەزی**: پێشداوەری دەربـارەی تواناکانی ژنـان لە بـواری یاسـادا، بەتایبەتی لە هەندێک بواری وەک یاسای بازرگانی یان کەیسە تاوانکارییەکان، هێشتا بەردەوامە.
- **هاوسەنگیی نێوان کار و ژیانی خێزانی**: زۆربەی ژنان هێشتا بەرپرسیارێتی سەرەکیی بەخێوکردنی منداڵ و کاروباری ناوماڵیان لە ئەستۆدایە، کە بەربەستێکی گەورەیە لە پیشەیەکدا کە پێویستی بە کاتی زۆر هەیە.
- **فەرهەنگی نێرسالاری**: لە زۆرێک لە کۆمپانیای یاساییەکاندا فەرهەنگی نێرسالاری زاڵە، کە دەبێتە هۆی سنووردارکردنی پێشکەوتنی پیشەیی ژنان.

بوونی ژنانی سەرکەوتوو لە بوارەکانی یاسادا و بینینی ژنـان لە پلە بەرزەکانی یاسایی، وەک دادوەری باڵا یان سەرۆکی کۆمپانیای یاسایی، کاریگەریی ئەرێنی لەسەر خوێندکارانی ژن هەیە و یارمەتیدەرە بۆ نەوەی نوێی ژنان تا بچنە ناو ئەو بـوارەوە. لەم بوارەشدا خانمانی پێشـەنگ و رچەشکێن هەبوون و رۆڵی گەورەیان بینیوە لە

تێپەڕاندنی بەربەستەکاندا، لەوانە: کلارا شۆرتریج فۆلتز (Clara Shortridge Foltz)، لە ساڵی ١٨٧٨ بوو بە یەکەم ژن کە مافی پارێزەریی بە دەست هێنا لە ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئەویش دوای خەباتێکی زۆر دژی ئەو یاسایانەی کە ڕێگر بوون لە بەردەم ژناندا. لە ئەوروپاش، خاتوو لیدیا پۆیت (Lidia Poët)، لە ١٧ی حوزەیرانی ١٨٨١ لە کۆلێژی ماف بڕوانامەی بەدەست هێنا و یەکەم خانمە پارێزەری ئیتاڵیی هاوچەرخ بوو، پاش دوو ساڵ کارکردن، لە ٩ی ئاب ١٨٨٣ بە زۆرینەی دەنگی ئەندامان، بە ٤٥ دەنگ لە کۆی ٥٠ دەنگ، ناوی لە لیستی پارێزەرانی تۆرینۆدا تۆمار کرا، بەڵام نووسینگەی داواکاری گشتی ئەوەی ڕەت کردەوە و ناوی لە لیستی پارێزەران لابرا، ئەوەش کاردانەوەیەکی بەهێزی لە لایەن ژنانەوە لێ کەوتەوە و بوو بە بزووتنەوەیەک بۆ داواکاریی مافی ژن، کە بتوانن وەک پارێزەر کار بکەن. لە عیراقیش، خاتوو ئەمینە ڕەحال، یەکەم ژنی عیراقی بوو کە لە عیراقدا کاری پارێزەری بکات. لە ١٢ی حوزەیرانی ١٩٤٣ وەک یەکەم پارێزەر بووە بە ئەندامی سەندیکای پارێزەران.

ئەمە وەک کاری پارێزەری، بەڵام بۆ بوون بە دادوەر، لە زۆر وڵاتی جیهاندا ئەو مافە بۆ ژنان

درەنگتر بەدەست هات؛ لە ئەمەریکا، فلۆرێنس ئالێن (Florence Allen) لە ساڵی ١٩٢٢ بوو بە یەکەم ژن کە وەک دادوەری دادگای باڵا دامەزرا. لە عیراقیش، خاتوو زەکیە ئیسماعیل حەقی، لە ٩ی شوباتی ١٩٥٩ یەکەم دادوەری ژن بووە و دواتر لە ١٩٦٤ بووە بە قازی. ئەم خاتوونە، کە کوردە و ژنێکی زۆر چالاک بووە لە هەموو بوارەکاندا، یەکەم قازیی ژن بووە لە عیراق و وڵاتانی عەرەبیدا. هەروەها ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بوو لە پاش رووخانی رژێمی سەدام.

لە ئێستادا لە زیاتر ١٥٥ قازیی ژن لە عیراقدا بوونیان هەیە. بەم پێیەش، ژمارەی پارێزەری ژن و دادوەر و قازی، تا رادەیەکی باشە، چونکە دەرکەوتووە پیشەیەکی گونجاوە بۆ ژنان. بە خۆماندووکردن و بەهێزکردنی پێگە لەم بوارەدا، ئەگەری بەرەوپێشەوەچوونی زۆری هەیە بۆ ناوەندەکانی بڕیار، یاخود بارێکی ئابووریی باش و دەستکەوتی مادیی زۆریان هەبێت. بوارەکانی یاساناسی ئەوەندە فراوان بووە، دەتوانن لە چەندین بواریدا کار بکەن.

بەشداریی ژنان لە پیشەی یاساییدا، سەرەڕای کێشە و بەربەستەکان، پێشکەوتنی گرنگی بەدەست هێناوە لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا.

ئەم پێشکەوتنە نەک تەنیا کاریگەریی لەسەر ژیانی پیشەیی ژنان هەبووە، بەڵکو سیستمی دادوەری و کۆمەڵگەشی بەهێزتر کردووە.

بۆ بەدەستهێنانی یەکسانیی راستەقینە لە بواری یاسادا، هێشتا کاری زیاتر پێویستە. ئەمەش پێویستی بە هەوڵی بەردەوامی دامەزراوە یاساییەکان، حکومەت و کۆمەڵگە هەیە بۆ نەهێشتنی بەربەستەکان و دروستکردنی ژینگەیەک کە تێیدا توانا و لێهاتوویی، نەک رەگەز، ببنە بنەمای سەرکەوتن.

روانینی ئایندە بۆ پیشەی یاسایی پێویستە وا بێت کە فرەچەشنی و یەکسانی رەگەزی نەک تەنیا وەک ئامانج، بەڵکوو وەک پێویستییەکی بنەڕەتی بۆ سیستمێکی دادوەریی دادپەروەر و کاریگەر سەیر بکرێت.

# ژنان لە پۆستە باڵاکانی ئابووریدا

لە چەند دەیەی رابـردوودا، بەشداریی ژنان لە بـواری ئابووری و بەتایبەتی لە پۆستە باڵاکانی ئابووریدا، گۆڕانکاریی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە. سەرەڕای پێشکەوتنە بەرچاوەکان، هێشتا کەلێنی رەگەزی و بەربەستی جۆراوجۆر هەن کە رێگرن لەبەردەم گەیشتنی ژنان بە بەرزترین ئاستەکانی بڕیاردان لە بواری ئابووریدا.

بەپێی توێژینەوەیەک کە لە ساڵی ٢٠٢٢ کراوە، دەرکەوتووە ژنان لە سەدا دە بۆ لە سەدا بیست و چواری پۆستە باڵاکانی ئابوورییان لە جیهاندا بـەدەسـتـەوەیـە، لـەوانـەش: نـێوەنـدی ئەکادیمی، کەرتی تایبەت و گشتی دەگرێتەوە. هەروەها لە هەمان توێژینەوەدا دەرکەوتووە کە لە ١٠ کەس لە پارێزگاری بانکە ناوەندییەکان، تەنیا یەکێکیان ژنە، لە وەزیری داراییشدا، لە سەدا بیستیان ژنن... هـەروەهـا ژنـان سەرۆکایەتی سێ دامـەزراوەی گەورەی ئابووریی نێودەوڵەتیی دەکەن، ئەوانیش (سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، رێکخراوی بازرگانیی جیهانی و بانکی ناوەندیی ئـەوروپـا)ن، هەروەها وەزیـری گەنجینەی ئەمەریکا، کە خاتوو (جانێت یێلین)ە، بەڵام هێشتا ژنان وەک کەمینەیەکی بچووک لە بوارەکەدا دەمێننەوە، هێشتا پیاوان زاڵن بەسـەر ئەم بوارەدا.

گـویـدۆ فـریـبـێـل، پـرۆفـیـسـۆر لـە زانـکـۆی فرانکفۆرت، لە راپۆرتێکدا رایگەیاندووە کە لە سەدا چلی پۆستەکانی دکتۆرای باڵا و پرۆفیسۆر و مامۆستای وانەبێژ، ژنـان کـاری تێدا دەکـەن، بـەڵام بۆ ئاستی بـاڵای کارگێڕی، رێژەکە بۆ لە سـەدا بیست و حـەوت دادەبـەزێـت، ئەمەشی گەڕاندووەتەوە بۆ کولتووری کێبڕکێ لە جیهانی ئابووری و بازرگانیدا و بە دژایەتی ژنی پێناسە کردووە. ئاماژەی بەوەش کردووە کە زۆر گرنگە ژمـارەی ژن لە بـواری ئابووریدا زیاد بکرێت و دەبێت ئەو دوو رەگـەزە پێکەوە بەربەرەکانێی پرسە نەخوازراوەکانی کۆمەڵایەتی و دابونەریت بکەن.

هۆکارێکی تـری پشت کەمیی نوێنەرایەتی ژنـان لەو کـەرتـەدا، بە بـڕوای هـەندێک لەوانەی خۆیان بە شـارەزا دادەنێن!! دەڵێن گوایە پیاوان لە ماتماتیک و بیرکردنەوەی شیکاریدا بەتواناترن. بەداخەوە، زۆر وتنەوەی ئەم قسەیە، کاریگەریی نەرێنی لەسەر ژن دروست کردووە، وای کردووە ژنـان دوودڵ بن لە هەڵبژاردنی ئەم پسپۆڕییە، کە ئەمەش بووەتە هۆکار بۆ کەمبوونەوەیان لەو بوارەدا.

لە توێژینەوەیەکی تردا ئاماژە بەوە کراوە کە لە وڵاتانی رۆژهەڵات، ئەو ژنانەی سەرپەرشتیی کۆمپانیاکان دەکەن، لە سەدا پێنج تێپەڕ ناکەن، لەسەر ئاستی جیهانییش، تەنیا ٨,٨٪ی بەڕێوەبەری جێبەجێکار لە ٥٠٠ گەورەترین کۆمپانیاکانی جیهان لە خانمانن، لەکاتێکدا ٤٤,٧٪ی کۆی کارمەندەکانیان ژنن.

سەرەڕای بەربەستەکان، چەندین ژنی سەرکەوتوو هەن کە گەیشتوونەتە بەرزترین پۆستەکانی ئابووری لە جیهاندا، هەندێک نموونە لەو ژنانەی کە سەرپەرشتی گەورە کۆمپانیاکان دەکەن و کاریگەرییان لەسەر پرسی ژن و ئابووری هەیە، لەوانە:

کاسرین گراهام: لە ساڵی (١٩٧٣ تا ١٩٩١) بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای واشنتۆن پۆست بووە، کە یەکەم خانمە ببێتە بەڕێوەبەری جێبەجێکار لەو کۆمپانیایە. کاسرین توانیی رۆڵێکی سەرەکی لە سەرکەوتنی رۆژنامەی (واشنتۆن پۆست)دا ببینێت، لە ماوەی سەرکردایەتیکردنیدا، داهاتەکانی نزیکەی بیست هێندە گەشەی کرد و رۆژنامەکە بووە کۆمپانیایەکی گشتی و لە بۆرسەی نیویۆرکدا پۆلێن کرا.

ئورسولا بێرنز: لە ساڵی ٢٠٠٩ وەک بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای زیرۆکس دەستنیشان کرا. یەکەم ژنە رەشپێستە کە وەک بەڕێوەبەری جێبەجێکاری یەکێک لەو کۆمپانیایانەی لە (فۆرچن ٥٠٠) پۆلێن کراون، کاری کردووە. لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت زۆر کەس پێیان دەوتم لە سێ شتدا بەدبەختم: رەشپێستم، کچم، هەژاریشم. لەگەڵ ئەوەش، وەک بەڕێوەبەری جێبەجێکار، سەرکردایەتی کڕینی کۆمپانیای (Affiliated Computer Services)ی کرد و کڕینەکە بە بڕی ٦٠٤ ملیار دۆلار بوو، کە بە گەورەترین سەرمایەی کڕین لە مێژووی کۆمپانیاکانی (فۆرچن ٥٠٠) ئەژمار دەکرێت. گۆڤاری فۆربیس، بە یەکێک لە ٢٠ ژنە بەهێزەکانی دنیا ئەژماری کردووە.

ئەم ژنانە نەک خۆیان بەتەنیا نموونەیەکی زیندووی سەرکەوتنی ژن لە کارە گرنگەکاندا نیشان دەدەن، بەڵکوو لە هەمان کاتدا هاندەرن بۆ ژنانی تر و کاریگەرییان لەسەر دامەزراندنی زیاتری ژن لەو بوارەدا هەبووە.

سەرەڕای پێشکەوتنە بەرچاوەکان لە چەند دەیەی رابردوودا، هێشتا کاری زۆر ماوە بکرێت بۆ گەیشتن بە یەکسانیی رەگەزی لە پۆستە باڵاکانی ئابووریدا. زیادکردنی نوێنەرایەتی ژنان

لەم پۆستانەدا؛ تەنیا پرسێکی ڕەوایی و کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکوو پرسێکی ئابووریی گرنگیشە، چونکە توێژینەوەکان بەردەوام ئەوە نیشان دەدەن کە فرەچەشنیی ڕەگەزی دەبێتە هۆی باشترکردنی بڕیاردان و زیادکردنی بەرهەمهێنان.

# ژن لە کاری میدیایی و ڕۆژنامەوانیدا

لە سەردەمی ئەمڕۆدا، میدیا و راگەیاندن رۆڵێکی گرنگ و بەرچاو دەگێڕن لە بەرجەستەکردن و پێکهێنانی وێنەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی ژنان لە کۆمەڵگەدا. میدیا وەک ئامرازێکی بەهێز، دەتوانێت ببێتە هۆی گۆڕانکاری ئەرێنی یان نەرێنی لە پێگەی ژنان بەگشتی و بواری ئابووریدا بەتایبەتی.

هەوڵێکی گەورەی جیهانیی هەیە بۆ ئەوەی ژنان بتوانن لە هەموو کایەکانی ژیاندا پێش بکەون و رۆڵی خۆیان لەناو کۆمەڵگەکاندا چالاک بکەن، ئەمەش لە روانگەی بڕوابوون بەوەی کە هاوبەشێکی جەوهەرییە لە گەیشتن بە گەشەکردن و پێشکەوتن. سەرەڕای ئەمەش، هێشتا بۆچوونە کۆنەپارێزەکان و دابونەریتە نەخوازراوەکان رۆڵێکی نەرێنی دەبینن لە بوونی ژن لە چەندین جۆری پیشە و کاردا، لەوانەش کارکردن لە میدیاکاندا، هەر بۆیە دەبینین رێژەی ئەو ژنانەی کە لە بواری میدیاییدا کار دەکەن بەراورد بە پیاوان، لە هەموو وڵاتانی جیهاندا نزمە. بەشێوەیەکی گشتییش زیاتر پێشکەشکردنی هەواڵی تەلەڤزیۆنی و رادیۆییدا دەردەکەون و لە میدیا چاپکراوەکانیشدا زۆر کەمن و زۆربەی جاریش بۆچوونەکانیان وەک نووسەر و رۆژنامەنووس بەهەند وەرناگیرێت. تا ئێستاش ژنان لە سەدا بیست زیاتر نین کە وەک

شارەزا لە بڵاوکراوە هەواڵییەکاندا دەردەکەون، وەک پەیامنێریش، لە سەدا چل کەمترن لەسەر ئاستی جیهان. کەمیی ژنان لەو بوارانەدا، هۆکارێکە بۆ کەمدەرخستنی واقیعی ژن و وێنە راستەقینەکان دەربارەی کێشەکانی مافی ژن و چەندین بواری نەرێنی.

بەپێی توێژینەوەکان، سەرەڕای پێشکەوتنە بەرچاوەکان لە بواری یەکسانیی رەگەزیدا، هێشتا ژنان بەشێوەیەکی نایەکسان لە میدیاکاندا نوێنەرایەتی دەکرێن. ئەم نوێنەرایەتییە نایەکسانە، کاریگەریی راستەوخۆی هەیە لەسەر بەشداری ئابووری ژنان، چونکە:

– رۆڵە کلێشەییەکان کە زۆر جار ژنان تێیدا پیشان دەدرێن، وەک دایک، هاوسەر یان سکرتێر، پێگەی ئابووری و مووچەی کەم دەگرێتەوە، یاخود بوونی کلێشەی نەریتی و باو سەبارەت بە پۆلێنکردن لەسەر ئاستی «پیشەی ژنانە» و «پیشەی پیاوانە».

– کەمتر دەرخستنی ژنان لە پۆستە بەڕێوەبەری و سەرکردایەتییەکاندا لە میدیادا، بیرۆکەیەک پەخش دەکات کە ژنان گونجاو نین بۆ ئەو پۆستانە، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر هەلی کاری ژنان لە بەشە بەرزەکانی ئابووریدا دروست دەکات.

بوارەکانی میدیا، دەرفەتێکی گرنگە لەبەردەم ژندا بۆ کارکردن، جگە لە لایەنە مادییەکەی، بۆ گۆڕین و چاککردنی ئەو وێنا باوەش کە هەیە، بەڵام بەپێی داتاکانی رێکخراوی یونسکۆ، ژنان تەنیا نزیکەی لە سەدا بیست و حەوتی پۆستە بەڕێوەبەرییە بەرزەکان لە کەناڵە میدیاییەکاندا بەدەست دەهێنن. ئەم کەمییە لە نوێنەرایەتی، کاریگەری دەبێت لەسەر جۆری ناوەڕۆکی بابەتی بەرهەمهاتوو، هەروەها بڕیارە ئابوورییەکانی میدیا و رووماڵکردنی چیرۆکەکان، کە زۆرجار لە بەرژەوەندیی پیاواندایە.

کە باس لە بوونی ژن لە دامەزراوە میدیاییەکاندا دەکەین، دوو بەشە، لایەنی یەکەم، ئامادەبوونی ژن لەسەر ئاستی ناوەندی بڕیار لە دامەزراوەکانی میدیادا، لایەنی دووەم، ئامادەبوونی پرسەکانی ژن لە ناوەڕۆکی بەرنامە و هەواڵەکاندا. رەنگە ژنان لە هەموو قۆناغەکانی دامەزراوەکانی میدیاییدا هەبن، بەڵام تا دەگاتە ئاستی ناوەندی بڕیار، وردە وردە کەم دەبنەوە و بەپێی چەندین ئامار، لەو پۆستانەدا لە سەدا دە تێناپەڕن. بێگومان بوونی ژن لە ناوەندەکانی بڕیاری میدیاکاندا، کاریگەریی راستەوخۆی دەبێت و پاڵنەر دەبێت بۆ بوونی پرسەکانی ژن لە ناوەڕۆکی بەرنامە و هەواڵەکاندا.

کێشەی راستەقینە، تەنیا لە نەبوونی ژن نییە

بەشێوەیەکی گشتی، بەڵکوو ئەگەر هەشبێت، وێنا باوەکەی ژن نیشان دەدەرێت. ژنانی خاوەن پیشە، ژنانی گوندنشین و هەوڵەکانیان، ژنانی شوێنە دوورەدەستەکان و ئازار و نەهامەتییەکانیان، زۆر کەم لە میدیاکاندا دەردەکەون.

لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا لایەنێکی گرنگی میدیا بۆ ژنان، میدیای کۆمەڵایەتییە، کە دەرفەتی نوێی بۆ ژنان خولقاندووە بۆ چالاکیی ئابووریی سەربەخۆ، چونکە پلاتفۆرمەکانی میدیای کۆمەڵایەتیی وەک ئینستاگرام و فەیسبووک بوونەتە شوێنی فرۆشتن و بازرگانی بۆ ژنانی خاوەن پرۆژەی بچووک، هەروەها بلۆگەرەکان و «ئینفلوێنسەر»ەکان، کە ژمارەیەکی بەرچاویان ژنن، سەرچاوەی داهاتی نوێیان دۆزیوەتەوە. جگە لەوەش، راهێنان و کۆرسی ئۆنلاین، رێگەیەکی نوێن بۆ زیادکردنی داهاتی ژنان.

ژنان دەتوانن لە بواری میدیاییدا دەرفەرتی زۆر بدۆزنەوە بۆ کارکردن، بۆ نموونە؛ رۆژنامەنووسی، پەیامنێری، شرۆڤەکاری و توێژینەوە، پێشکەشکاری بەرنامە و هەواڵ، بێژەر... کە ئەم بوارانە خواستی زۆریان لەسەرە. بۆ ئەمانەش ژنان پێویستیان بە شارەزایی لە رووداوەکاندا هەیە و هەروەها بیرکردنەوەی لۆژیکی و بێلایەنی.

بەتێپەڕبوونی کات، چەندین کەناڵی جۆراوجۆر پەیدا بوون، ماڵپەڕە هەواڵییەکان و راپۆرتی سۆشیالمیدیا و رۆژنامەگەریی سەربەخۆ زیاتر بوون، ژنان ئێستا وەک پەیامنێری سەرەکی، بێژەری هەواڵ و سەرنووسەر لە میدیا بەناوبانگەکاندا هەن، ئەگەر بە رێژەیەکی کەمیش بێت.

میدیا و راگەیاندن دەتوانن رۆڵێکی گرنگ بگێڕن لە توانامەندکردنی ئابووریی ژنان یان بەپێچەوانەوە. بە پشتگیری بۆ رۆڵی سەرکردایەتیی ژنان لە میدیادا و بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی هاندەر بۆ یەکسانی، میدیا دەتوانێت ببێتە هۆکاری گۆڕانکاری ئەرێنی. هەروەها بە زیادبوونی ژمارەی ژنان لە پیشەی میدیا و راگەیاندندا، بەتایبەتی لە پۆستە بڕیاردەرەکاندا، دەتوانێت ببێتە هۆی گۆڕانی ئاراستەی میدیا، باشترکردنی وێنەی ژنان و دروستکردنی میدیایەک کە بەرژەوەندیی ئابووریی هەموو چینەکانی کۆمەڵگە لەخۆ بگرێت.

گرنگە کە پشتگیری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری هەبێت بۆ هەنگاوی ئەرێنی بەرەو میدیایەکی یەکسان کە تێیدا دەنگی ژنان بەهێز بێت و رۆڵی ئابوورییان بەڕێزەوە پیشان بدرێت. بەم شێوەیە، میدیا دەتوانێت ببێتە ئامرازێک بۆ توانامەندکردنی ژنان، نەک کۆت و بەندێک بۆ گەشەکردنی ئابوورییان.

# ژنان لە کاری فرۆکەوانیدا

ژنان له بواری فڕۆکەوانیدا ڕێگەیەکی درێژیان بڕیوە، لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە کە تەنیا چەند پێشەنگێک هەبوون تا ئەمڕۆ کە دەیان هەزار ژنە فڕۆکەوان لە سەرتاسەری جیهاندا خزمەت دەکەن. سەرەڕای ئەو پێشکەوتنە، هێشتا ئاستەنگی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی لە بەردەمیاندا هەیە.

ژنان هەر لە سەرەتاوە چالاکانە بەشدارییان لە بواری فڕۆکەوانیدا کردووە، لە فڕینی (باڵۆن)ەوە دەستیان پێ کردووە، بەدرێژایی پێشکەوتنی فڕۆکە و هێلیکۆپتەر و تەکنەلۆژیای گەشتکردن بۆ بۆشایی گەردوون بەشدار بوون، ئەگەرچی ژمارەشیان کەم بووبێت. لە ساڵانی سەرەتای سەدەی پێشووەوە ژنان وردە وردە چوونە ناو بوارەکەوە، هەرچەندە ژمارەیان کەم بوو، بەڵام ڕچەشکێن بوون و نموونە بوون بۆ ژنان و کچانی دوای خۆیان و بوێرییان پێ بەخشین. ئێستا ژمارەیان لەزیادبووندایە و لە هەموو بوارەکانی فڕۆکەوانیدا کار دەکەن، وەک: فڕۆکەوان (کاپتن)، تیمی پێشوازی یان خزمەتگوزاری، پیشەسازیی فڕۆکە، گەشتی ئاسمانی، ئەندازیاریی فڕۆکەوانی، کارگێڕیی کۆمپانیای هێڵی ئاسمانی...

لە ماوەی هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا، ژنان دەوری گرنگیان لە بواری

فڕۆکەوانیدا گیرا، بەتایبەتی بۆ گواستنەوەی فڕۆکە سەربازییەکان و ڕاهێنان. بۆ نموونە؛ لیدیای لیتڤیاک، یەکێک لە دیارترین ژنە فڕۆکەوانەکانی یەکێتیی سۆڤیەتە لە سەردەمی جەنگی جیهانیی دووەمدا، کە تێیدا پێنج بۆ دوازدە سەرکەوتنی تاکەکەسیی بەدەست هێناوە لە کاتی هێرشکردنە سەر فڕۆکە ئەڵمانییەکان. سەرەڕای ئەم بەشداریکردنە گرنگە، دوای کۆتایی جەنگ زۆربەی ژنە فڕۆکەوانەکان ناچاربوون بگەڕێنەوە بۆ ڕۆڵە نەریتییەکانیان لە ماڵەوە، چونکە ڕێگەیەکی درێژیان لەبەردەم مابوو بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی یەکسان لەگەڵ پیاوان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

فڕۆکەوانی کارێکە پێویستی بە ماوەی درێژی دوور لە ماڵەوە و کارکردن لە خشتەیەکی ناڕێکدا هەیە، کە دەکرێت کێشە دروست بکات بۆ ژنان، بەتایبەتی ئەوانەی کە بەرپرسیارێتیی خێزانیان هەیە. بەپێی لێکۆڵینەوەیەک، لە سەدا چل و چواری ژنە فڕۆکەوانەکان ئاماژەیان بەوە داوە کە هاوسەنگیی نێوان کار و ژیانی تایبەتی، یەکێکە لە گەورەترین ئاستەنگەکانی بەردەمیان.

هەندێک کۆمپانیا هەوڵیان داوە سیاسەتی نوێ پەیڕەو بکەن بۆ پشتگیریکردنی ژنە فڕۆکەوانەکان، وەکوو دابینکردنی مۆڵەتی دایکایەتی باشتر و

خشتەی کاری نەرمتر، بەڵام هێشتا کاری زۆر ماوە بۆ ئەوەی بواری فڕۆکەوانی ببێتە بوارێکی دۆستانەتر بۆ ژنان لە رووی ئابوورییەوە.

**ژنانی پێشەنگ:**

خانمانی پێشەنگ ریگەیان بۆ نەوەی داهاتووی ژنە فڕۆکەوانەکان کردەوە، سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی کۆمەڵگە بە گومانەوە سەیری توانای ژنانیان لەم بوارەدا دەکرد.

- سالی ١٩١٠ لە فەرەنسا، خاتوو ریمۆند دی لارۆش (Raymonde de Laroche) یەکەمین ژن بوو لە جیهاندا کە لایسێنسی فڕۆکەوانیی وەرگرت.
- هەر لە ساڵی ١٩١٠، هارییەت کیومبی (Harriet Quimby) بوو بە یەکەمین ژن لە ئەمەریکا کە مۆڵەتی فڕۆکەوانی بەدەستهێنا.
- فڕۆکەوانی فەرەنسی، ماری مارڤینگ، یەکەم کەس بوو کە پێشنیاری بەکارهێنانی فڕۆکەی فریاگوزاریی خێرا (ئەمبولانس)ی بۆ حکومەتی فەرەنسی کرد لە ساڵی ١٩١٠.
- ئەمیلیا ئێرهارت (Amelia Earhart)، ناوێکی ناسراوە لە مێژووی فڕۆکەوانیدا؛ یەکەمین ژن بوو بەتەنیا ئۆقیانووسی ئەتڵەسی بە فڕۆکە ببڕێت لە

ساڵی ١٩٣٢، هەروەها یەکەمین کەس بوو (ژن یان پیاو) کە ئۆقیانووسی ئارام بڕی لە هاوایەوە بۆ کالیفۆرنیا.

• جۆزەفین حەداد، یەکەم ژنی عیراقی بوو بە پلەی کاپتن و لە ساڵی ١٩٤٩ مۆڵەتی وەرگرت دوای دامەزراندنی هێڵی ئاسمانیی عیراق لە ساڵی ١٩٤٥. خاتوو دالیا بورهان، دووەم ژنی عیراقییە کە پلەی کاپتنی فڕۆکەی وەرگرت لە ساڵی ٢٠٠٥. هەروەها خاتوو رەنوو جاف، یەکەم کاپتنی هێلیکۆپتەری جەنگییە لە عیراق، کە خەڵکی سلێمانییە و دوای راهێنانێکی قورس، توانی بگاتە ئەو پلەیە و وەک یەکەم ژنی کورد و عیراق لەو بوارەدا کار بکات.

ئێستا هەندێک لەو دەروازانە بە رووی ژنانی کوردیشدا کراونەتەوە تا بتوانن لەو بوارەدا بەشدار بن، وەک: فڕۆکەوانی، ئەندازیاری فڕۆکە، خزمەتگوزاریی وێستگەی فڕۆکەخانە، زانستی فڕۆکەوانی، ستافی پێشوازیی فڕۆکەوانی، کارکردن لە نووسینگەی فرۆشتنی تکت، کارمەندی فڕۆکەخانە، رێنیشاندەر، بەڕێوەبردنی نووسینگەی فڕۆکەوانی... ئەم بوارانەش بەهۆی کردنەوەی بەشی ئەندازیاریی فڕۆکەوانیی لە کۆلێژی ئەندازیاریی زانکۆ سەلاحەدین لە هەولێر، ئێستا لە هەرێمی کوردستان بەردەستن. هەروەها ئەکادیمیای

فڕۆکەوانیی عیراق دەرگایان بۆ ژنان کردووەتەوە بۆ فڕۆکەوانیی مەدەنی، چەندین ئەکادیمیای تریش هەن بۆ هێلیکۆپتەری کشتوکاڵی و فریاگوزاری، بۆیە ئێستا دەرفەتەکان باشترن و دەکرێت بەپێی ئارەزوو ئەو کارە هەڵبژێریت کە دڵخوازی خۆتە.

### نەریتە نەرێنییەکان

لێکۆڵینەوەکان نیشانیان داوە کە گەشتیاران هێشتا لە هەندێک کەیسدا متمانەیەکی کەمتریان بە ژنە فڕۆکەوانەکان هەیە، سەرەڕای ئەوەی کە هیچ بەڵگەیەک نییە پشتگیری لەوە بکات کە ژنان کەمتر لە پیاوان شارەزان یان سەلامەتن لە فڕۆکەوانیدا. نەریتە نەرێنییە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت کاریگەری نەرێنییان لەسەر ورەی ژنان هەبێت و وایان لێ بکات هەست بە نامۆیی بکەن لەم بوارەدا.

### کاریگەریی پەروەردە و میدیا

لە دەیەکانی دواییدا، گۆڕانکاری ئەرێنی لە هەڵوێستی کۆمەڵگەدا بەرانبەر بە ژنان لە پیشە «نەریتی پیاوانە»کاندا ڕوویداوە. میدیاکان ڕۆڵێکی گرنگیان لەم گۆڕانکارییەدا هەبووە، ئەویش بە نیشاندانی وێنەی ژنە فڕۆکەوانە سەرکەوتووەکان و هاندانی گێڕانەوەی ئەرێنی.

لە رووی پەروەردەشەوە، ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو دەریخستووە کە وەبەرهێنان لە پەروەردە و راهێنانی کچان و ژنان لە بواری فڕۆکەوانیدا، کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ئابووری هەیە. بۆ نموونە؛ لە ئیسلەندا، کە بە یەکێک لە پێشەنگەکانی یەکسانیی رەگەزی دادەنرێت، رێژەی ژنە فڕۆکەوانەکان نزیکەی لە سەدا دوازدەیە، کە دوو ئەوەندەی تێکڕای رێژەی جیهانییە. هەروەها کۆمپانیاکانی وەک «ئیمارات» و «قەتەر ئێروەیس» لە ساڵانی دواییدا هەوڵیان داوە سەرمایەگوزاری لە جۆرێک بەرنامەی راهێناندا بکەن کە بەتایبەت بۆ ژنان دیزاین کراوە و دەکرێت ببێتە هۆی زیادبوونی ژمارەی ژنە فڕۆکەوانەکان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

بە سەیرکردنی داهاتوو، نیشانەی ئەرێنیی هەن کە بەرەو یەکسانی زیاتر لە بواری فڕۆکەوانیدا دەڕۆین. زیادبوونی ژمارەی کچان لە بوارەکانی STEM، زیادبوونی هۆشیاری کۆمەڵایەتی سەبارەت بە گرنگیی یەکسانی رەگەزی و پەیڕەوکردنی سیاسەتی یەکسانی لە زۆربەی کۆمپانیا و دەوڵەتەکاندا، هیوای ئەوە دەدەن کە لە داهاتوودا ژنانی زیاتر دەبینین لە ناو کابینەی فڕۆکەکاندا.

# ژن و خزمەتی سەربازی

مـێـژووی خـزمـەتـی سـەربـازی، مـێـژوویـەکـە دەگەڕێتەوە بۆ چوار هـەزار ساڵ پێش ئێستا. لە چەندین کولتووری جیاواز و لە نێو چەندین جۆری گەلاندا، لە زۆر حاڵەتدا، بەرگریکردن لە خاک و نیشتمان تەنیا لە پیاواندا سنووردا نەبووە، بەڵکوو ژنانیش هاوشانی پیاوان لە زۆر ئەرکدا بەشدارییان کردووە و رۆڵی زۆریان بینیوە. هەرچەندە رۆڵیان لە هێزە چەکدارەکاندا، بەتایبەتییش لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا کـەم بـووە لـە سـەردەمـی شـەڕە کۆنەکان تاوەکوو سەردەمی بە نیزامیکردنی هێزی سەربازی.

هەرچەندە بە شێوەیەکی گشتی، جەنگاوەری و پاسەوانی بە ئەرکی پیاوان دادەنرا لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا، بـەڵام نموونەی ژنـانـی جەنگاوەر بەدرێژایی مێژوو دەبینرێن:

- **سکیثییەکان**: لێکۆڵینەوە ئارکیۆلۆژییەکان ئاماژە بە بـوونـی ژنـانـی جـەنـگـاوەر دەکـەن لـە نـاو خێڵە کۆچەرەکانی سکیثییەکاندا.

- **ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی**: ژنان رۆڵیان هەبووە لە بەرگریکردن لە قەڵاکان کاتێک هاوسەرەکانیان لە شەڕدا بوون.

- **ژنانی دەسەڵاتدار**: کەسایەتیی وەک بوودیکا لە

بەریتانیا، فو هاو لە چین، سوپایان ڕێکخستووە و سەرپەرشتی و بەشداریی شەڕیان کردووە.

لە ماوەی هەردوو جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەمیشدا، ژنان ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە:

- **ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا:** لە جەنگی جیهانیی دووەمدا زیاتر لە ٣٥٠ هەزار ژن لە هێزە چەکدارەکاندا خزمەتیان کردووە، بەڵام زۆربەیان لە بوارەکانی پەرستاری و کارگێڕیدا بووە.

- **یەکێتی سۆڤیەت:** نزیکەی ٨٠٠ هەزار ژن خزمەتیان کردووە، زۆربەیان لە یەکە پزیشکی و دژەفڕۆکەکاندا، بەڵام هەندێکیان وەک تەقەکەر، تانکوان و فڕۆکەوانیش خزمەتیان کردووە.

- **بەریتانیا:** بەشی ژنانی سوپای دەریایی شاهانە (WRNS) و هێزی ئاسمانیی شاهانە بەشی ژنان (WAAF) دامەزران بۆ پشتگیریکردنی هەوڵە جەنگییەکان.

بە تێپەڕبوونی کات، قەدەغەکانی سەر بەشداریی ژنان لە شەڕدا کەمبووەتەوە، ئەمەش ڕێگەی خۆش کردووە بۆ بەشداریی زیاتری ژنان لە بوارەکانی سەربازیدا. زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکان ئێستا ڕێگە بە ژنان دەدەن خزمەت لە زۆربەی پلە و پۆستەکانی سەربازیدا بکەن. وڵاتانی وەک نەرویج، ئیسرائیل، سوید

و ئەرجەنتین خزمەتی سەربازییان بۆ هەردوو ڕەگەز یەکسان کردووە. هەروەها هەندێک وڵاتی وەک کوردستان و مەکسیک، یەکەی تایبەت بە ژنانیان دروست کردووە بۆ ئەرکە تایبەتەکان.

**ئەزموونە جیهانییەکان**

- لەناو ڕێکخراوی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ)، ژنان توانیویانە پۆستی باڵای سەربازیی لە وڵاتانی هاوپەیمانییەکەدا بەدەست بهێنن، وەک: بەلجیکا، کەنەدا، دانیمارک، فەرەنسا، کۆماری فیدراڵیی ئەڵمانیا...

- ئیسرائیل یەکێکە لە پێشەنگەکانی بەشدارییپێکردنی ژنان لە هێزە چەکدارەکاندا، ژنان و پیاوان هەردووکیان ناچارن خزمەتی سەربازی بکەن، هەرچەندە ماوەی خزمەت و ئەرکەکان جیاوازن.

- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بە تێپەڕبوونی کات پێشکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێناوە، لە ساڵی ٢٠١٦ەوە هەموو پۆستە سەربازییەکان بێ جیاوازی ڕەگەزی کراونەتەوە. ئێستا ژنان زیاتر لە سەدا حەڤدەی هێزە چەکدارەکانی ئەمەریکا پێک دەهێنن.

- وڵاتانی سکەندەناڤیاش نموونەی پێشەنگن لە یەکسانیی رەگەزی لە بواری سەربازیدا. نەرویج، یەکەم وڵاتی ناتۆ بوو کە خزمەتی سەربازی بۆ ژنان کرد بە ناچاری. سویدیش خزمەتی سەربازیی ناچاری بۆ هەردوو رەگەز تێیدا هەڵبژاردنی هەیە.

-یەکەکانی پاراستنی ژنان (YPJ)، لە کوردستانی سووریا، رۆڵی گرنگیان هەبوو لە شەڕی دژی داعش و بوونە رەمزی بەرەنگاربوونەوە و خەباتی ژنان لە جیهاندا.

بەشداریی ژنان لە بواری سەربازیدا، گۆڕانکاری لە تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ رۆڵە رەگەزییەکان دروست کردووە، بۆ نموونە؛ یارمەتی شکاندنی ئەو بۆچوونەی داوە کە تەنیا پیاوان دەتوانن لە بواری بەرگریدا کار بکەن. هەروەها ژنان سەلماندوویانە کە دەتوانن ئەرکە فیزیکییە قورسەکان ئەنجام بدەن، کە پێشتر پێیان وابوو تەنیا تایبەتە بە پیاوان. لە لایەکی تریشەوە بەشداریکردنی ژنان لە هێزە چەکدارەکاندا، بەشێکی گرنگی بزووتنەوەی یەکسانیی رەگەزیی بووە.

**بەربەستەکانی بەردەم بەشداریی ژنان لە هێزە چەکدارەکاندا**

سەرەڕای پێشکەوتنەکان، ژنان هێشتا ڕووبەڕووی بەربەست دەبنەوە، گرنگترینیان:

- **دەستدرێژیی سێکسی**: ڕێژەی بەرزی دەستدرێژیی سێکسی لەناو هێزە چەکدارەکاندا، بووەتە کێشەیەکی گەورە.

- **کولتووری پیاوسالاری**: کولتووری سەربازی، بەشێوەیەکی مێژوویی لەسەر بنەمای بەهای پیاوسالاری دامەزراوە، کە ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی ژینگەیەکی نەگونجاو بۆ ژنان.

- **شوناس و ڕۆڵ**: زۆر جار ژنان دەبێت لە نێوان شوناسی خۆیان وەک ژن و وەک سەرباز هاوسەنگی دروست بکەن.

بەشداریی ژنان لە بواری سەربازیدا، کاریگەریی ئابووریی بەرفراوانی هەیە، لەوانە:

- **کەمکردنەوەی نایەکسانیی ئابووریی ڕەگەزی**: مووچە و خانەنشینیی سەربازی، یارمەتی کەمکردنەوەی بۆشایی نێوان داهاتی ژنان و پیاوان دەدات.

- **باشترکردنی بژێویی خێزان**: کاتێک ژنان دەبنە ئەندامی هێزە چەکدارەکان، ئەمە دەبێتە هۆی باشترکردنی بژێویی خێزان.

- **زیادکردنی چالاکیی ئابووری:** مووچە و سوودەکانی سەربازی، دەبنە هۆی زیادبوونی توانای خەرجکردن، ئەوەش دەبێتە هۆی باشتربوونی ئابووریی ناوخۆیی.

هەرچەندە بەشداریی ژنان لە بواری سەربازیدا بەردەوام جێی مشتومڕ بووە، بەڵام گۆڕانکاری گەورەی بەخۆیەوە بینیوە لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا و پێشکەوتنی گەورە بەدی هاتووە، لەگەڵ ئەوەش، هێشتا رێگایەکی درێژ لەبەردەمدایە بۆ گەیشتن بە یەکسانیی تەواو. بەشداریی ژنان لە هێزە چەکدارەکاندا نەک تەنیا بابەتێکی یەکسانیی رەگەزییە، بەڵکوو پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەیی و ئابووریشەوە هەیە.

هەنگاوی داهاتوو دەبێت فۆکەس بکرێتە سەر چۆنیەتی دروستکردنی ژینگەیەک کە تێیدا ژنان بتوانن بەشێوەیەکی یەکسان و بە رێزەوە خزمەت بکەن، لە هەمان کاتدا، سوود لە بەهرە و تواناکانیان وەربگیرێت بۆ بەهێزکردنی ئاسایشی نەتەوەیی.

# ژن و
# وەرزش

لە دەیەکانی دواییدا، بەشداریی ژنان لە بواری وەرزشدا بەڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە؛ ئێستا ژنان شانبەشانی پیاوان لە بواری وەرزشدا بەشدارن و دەتوانن لە پێشبڕکێ و نمایشی وەرزشیی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا کێبڕکێ بکەن. لە ئۆڵۆمپیادی ٢٠٢١ ژنانی هەندێک لە وڵاتانی بەشداربوو توانییان مەدالیای زێڕ بەدەست بهێنن.

وەرزشەوانی پیشەگەر، داهاتێکی زۆری دەبێت و ناو و ناوبانگێکی نایاب بەدەست دەهێنێت. جگە لە مووچە و ئیمتیازەکانی تر، ئێستا وەرزشەوان لە ڕێگەی ریکلام و بەشداریی پاڵەوانێتییەکان و دەستپێکردنی کار و پیشەی خۆیان، پارەی زیاتر بەدەست دەهێنن.

سەرەڕای پێشکەوتنە بەرچاوەکان، هێشتا نایەکسانییەکی گەورە هەیە لە نێوان داهاتی وەرزشکارانی ژن و پیاو، بۆ نموونە؛ بەپێی توێژینەوەکان، مووچەی تێکڕای وەرزشکارانی پیاو لە زۆربەی وەرزشەکاندا نزیکەی چوار بۆ دە جار زیاترە لە مووچەی وەرزشکارانی ژن. ئەم جیاوازییە بەڕوونی دەردەکەوێت کاتێک سەیری گرێبەستەکانی یاریزانان و داهاتی سپۆنسەر و

پارەی خەڵاتەکان دەکەین.

لەگەڵ ئـەوەش، دەبێت ئـامـاژە بـەوە بکەین کە دۆخەکە لە گۆڕاندایە و لە هەندێک بواردا پێشکەوتنی بەرچاو بەدی دەکرێت، بۆ نموونە؛ لە وەرزشی تێنسدا، چەندین پاڵەوانێتیی گەورە، وەک ویمبڵدۆن، پارەی یەکسانیان بۆ براوەکانی هەردوو رەگەز دابین کردووە. هەروەها کۆمپانیا گـەورەکـانـی وەک نـایـک و ئـەدیـداس، زیـاتـر سەرمایەگوزاری لە وەرزشکارانی ژندا دەکەن. لە لایەکی تریشەوە، بینەرانی وەرزشـی ژنان بەتایبەتی لـە یارییە گرنگەکاندا، وەک جامی جیهانیی تۆپی پێی ژنان، زیادی کردووە.

**کاریگەریی ئابووریی وەرزشی ژنان، لەسەر چەندین ئاست گرنگە، لەوانە:**

هەلی کار: وەرزشی ژنان هەلی کاری زۆری بۆ ژنان خولقاندووە، نەک تەنیا وەک یاریزان، بەڵکوو وەک راهێنەر، مامۆستای وەرزش لە خوێندنگەکاندا، پەیامنێریی وەرزشی یاخود پێشکەشکاری بابەتە وەرزشییەکان، ناوبژیوانی، پارێزەری وەرزشـی، پزیشکی وەرزشـی، گـەڕان و دۆزیـنـەوەی توانا

شاراوەکانی کەسە لێهاتووەکان، بەڕێوەبەری دامەزراوەکانی وەرزشی، فرۆشتنی کەلوپەلی وەرزشی و بارزگانیی لەم بوارەدا، پسپۆڕی خۆراک و فرۆشتنی خۆراکی تایبەت بە وەرزشەوانەکان و چەندین بواری تر... ئەمەش کاریگەریی ئەرێنی لەسەر دۆخی ئابووریی ژنان هەیە.

- پەرەپێدانی بازاڕی نوێ: زیادبوونی بەشداریی ژنان لە وەرزشدا، بووەتە هۆی پەرەپێدانی بازاڕی نوێ بۆ بەرهەمە وەرزشییەکانی تایبەت بە ژنان. بەپێی راپۆرتەکان، بازاڕی کەلوپەلی وەرزشیی ژنان ساڵانە بە رێژەی نزیکەی لە سەدا حەوت گەشە دەکات.

- کاریگەری لەسەر وەبەرهێنان: وەبەرهێنان لە وەرزشی ژناندا لە زیادبووندایە. کۆمپانیاکان دەبینن کە سپۆنسەری وەرزشی ژنان دەتوانێت قازانجی باش دەستەبەر بکات، بۆ نموونە؛ کۆمپانیاکانی وەک ڤیزا و کۆکاکۆلا، بەشێوەیەکی بەرچاو وەبەرهێنانیان لە سپۆنسەری یارییە نێودەوڵەتییەکانی ژنان زیاد کردووە.

یەکێک لەو کارانەی لە ئێستا برەوێکی زۆری هەیە، راهێنەری لەشجوانییە، هەم بە کردنەوەی

خول بۆ راهێنان لە سەنتەرەکاندا، هەمیش لە ئۆنلایندا، بەتایبەتییش بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەرچاوی کەسانی قەڵەو لە سەرانسەری جیهاندا، کە دەکرێت تەنیا لە ڕێگەی کامێرای پێشکەوتوو و تایبەتمەند و هەندێک ئامێری وەرزشییەوە لە ماڵەوە ئەم کارە ئەنجام بدرێت. هەروەها راهێنەریی مەلەوانی و بایسکلسواری و شاخەوانی و چەندین جۆری تری وەرزش.

وەرزشی ژنان، لایەنی گەورەی ئابووریی هەیە کە تا ئێستا بەتەواوی بەکار نەهاتووە؛ بە گرتنەبەری ستراتیژی گونجاو، دەکرێت لە داهاتوودا پێشکەوتنی زیاتر لەم بوارەدا بەدی بهێنرێت. ئەگەر بتوانین ئەو بەربەستانەی لەبەردەم پێشکەوتنی وەرزشی ژناندا هەن لاببەرین، ئەوا نەک تەنیا یارمەتی ژنان دەدەین بۆ گەیشتن بە پۆتانسیالی خۆیان، بەڵکوو سوودی ئابووری بۆ کۆمەڵگەش دەبێت.

# ژن و هونەر

بوارەکانی هونەر، جگە لەوەی حەز و ئارەزوو و هەست لە خۆ دەگرن و بەهرە شاراوەکان دەردەخەن، دەکرێت وەک پیشەیەکیش بژێوی لەسەر بنیات بنرێت، بەتایبەتییش ئەگەر حەز و ئارەزوو و بەهرەکان بە زانستی بکرێن و خوێندن و بەدواداچوونیان هەبێت.

بەدرێژایی مێژوو ژنان رۆڵێکی گرنگ و بەردەوامیان لە بوارەکانی هونەردا هەبووە، بەڵام زۆر جار رەنگدانەوەی ئەو رۆڵە لە مێژووی هونەردا کەمتر بووە لەوەی شایستەی بێت. لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، رۆڵی ژنان لە بوارەکانی هونەردا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. سەرەتا پێویستە لە مێژووی ژنان لە هونەردا بکۆڵینەوە؛ لە سەردەمە کۆنەکاندا ژنان بەشداریی گرنگیان لە بوارەکانی وەک نەخشاندن، دوورین، چنین و زۆر بواری تری هونەریدا کردووە، بەڵام زۆربەی کات ئەم هونەرانە وەک «هونەری دەستی» یان «پیشەی دەستی» سەیر دەکران و بەهای ئابووری و هونەریی کەمتر بەو بەرهەمانە دەدرا کە ژنان دروستیان دەکرد.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، ژنانی هونەرمەند زۆربەی کات تەنیا لە بنەماڵە دەوڵەمەندەکاندا

دەرفەتی پەروەردەی هونەرییان بۆ دەڕەخسا و زۆر جاریش لە دەرەوەی ماڵەوە نەیاندەتوانی کاری هونەری بکەن.

لە سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەمدا ژنان توانییان بەشداریی زیاتر لە کاری هونەریی فەرمیدا بکەن، بەڵام هێشتا سنووردارییەکی زۆر هەبوو لەسەر چۆنیەتی کارکردن و بابەتەکانی کە دەیانتوانی کاری لەسەر بکەن.

لە سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا، پێگەی ژنان لە بواری هونەردا گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا هات. لە رووی ئابوورییەوە، دەتوانین چەند رەهەندێک لێک بدەینەوە:

**یەکەم: نرخی کارە هونەرییەکان:**

بەپێی توێژینەوەکان، هێشتا جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان نرخی کارە هونەرییەکانی هونەرمەندانی ژن و پیاودا. لە ساڵی ٢٠١٨دا لێکۆڵینەوەیەک دەریخست کە بەرهەمە هونەرییەکانی ژنان بە تێکڕا نزیکەی لە سەدا چل کەمتر لە بەرهەمە هاوشێوەکانی پیاوان دەفرۆشرێن. ئەم جیاوازییە، کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر داهاتی هونەرمەندانی ژن و توانای خۆبژێوییان لە رێگەی هونەرەوە هەیە.

**دووەم: نوێنەرایەتی لە گەلەرییەکاندا:**

لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە تەنیا نزیکەی لە سەدا سیی هونەرمەندانی نیشاندراو لە گەلەرییە گەورەکانی جیهاندا، ژنن. ئەمەش بەو مانایەیە کە ژنان کەمتر دەرفەتی نیشاندان و فرۆشتنی بەرهەمەکانیان لەو شوێنانەدا هەیە کە زۆرترین بەهای ئابووری بۆ هونەرمەندان دەستەبەر دەکەن.

سێیەم: کۆکردنەوە و مۆزەخانەکان:

بەپێی داتاکان، تەنیا نزیکەی لە سەدا پازدەی بەرهەمە هونەرییەکانی کڕدراو لەلایەن مۆزەخانە گەورەکانی جیهانەوە، بەرهەمی هونەرمەندانی ژنن. ئەمەش کاریگەری لەسەر میراتی کولتووری و مێژوویی هونەری ژنان هەیە و بەردەوامیی جیاوازی لە بازاڕی هونەردا دروست دەکات.

**سەرەڕای ئاستەنگەکان، ژنان لە چەندین بواری هونەریدا توانیویانە ڕۆڵێکی گرنگ لە دروستکردنی بەها ئابوورییەکاندا بگێڕن، وەک:**

- **پیشەسازی فیلم و میدیای نوێ:** لە بواری سینەما و میدیای نوێدا، ڕۆڵی ژنان لە دەرهێنەری، نووسین، بەرهەمهێنان و ڕۆڵبینیندا بەرچاوە و بەردەوام لە زیادبووندایە. بەپێی ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٢٣، ژنان بەشداریی لە بەرهەمهێنانی نزیکەی لە سەدا بیست

و پێنجی فیلمە سەرکەوتووەکاندا دەکەن، ئەمەش بەرانبەر دەبێت بە دەیان ملیار دۆلار داهاتی ساڵانە.

• **دیزاین و هونەری کرداری:** لە بواری دیزاین، وێنەکێشانی گرافیکی و هونەری کرداریدا، ژنان توانیویانە پێگەیەکی بەهێز بۆ خۆیان دروست بکەن. لەم بوارانەدا، ژنان لە کۆمپانیا گەورەکانی دیزاین، ریکلام و میدیادا پێگەی گرنگیان هەیە و داهاتێکی بەرچاو بۆ خۆیان و کۆمپانیاکانیان دروست دەکەن.

• **هونەری دیجیتاڵ و تەکنەلۆژیای نوێ:** لە بواری هونەری دیجیتاڵ و تەکنەلۆژیای نوێی وەک (NFT) دا، ژنان توانیویانە بێ پێویستی بە گەلەری و ناوەندە کلاسیکییەکان، بەرهەمەکانیان راستەوخۆ بفرۆشن و داهاتی بەرچاو دەستەبەر بکەن. لە ساڵی ٢٠٢١ و ٢٠٢٢دا، چەندین هونەرمەندی ژن توانیویانە لە رێگەی ئەم تەکنەلۆژیا نوێیەوە بەرهەمەکانیان بە نرخی زۆر بفرۆشن.

**سەرەڕای پێشکەوتنەکان، هێشتا کۆمەڵێک ئاستەنگ لەبەردەم ژناندا هەن کە کاریگەرییان لەسەر لایەنی ئابووریی ژیانیان وەک هونەرمەند هەیە، لەوانە:**

• **راهێنان و پەروەردە:** هێشتا لە زۆرێک وڵاتاندا، بەتایبەتی وڵاتانی جیهانی سێیەم، ژنان کەمتر دەرفەتی پەروەردە و راهێنانی پیشەییان لە بوارە

هونەرییەکاندا بۆ دەرەخسێت، بەتایبەتی لە بوارە تەکنیکییەکانی وەک موزیک و فیلمسازیدا.

- **تۆڕی پەیوەندییەکان:** تۆڕی پەیوەندییەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە سەرکەوتنی هونەرمەنداندا دەگێڕێت، بەڵام زۆر جار ژنان کەمتر دەرفەتی چوونە ناو ئەو تۆڕانەیان هەیە، کە دەکرێت یارمەتیدەریان بێت بۆ فرۆشتن و نیشاندانی بەرهەمەکانیان.
- **پێوەری دووانە:** هێشتا جۆرێک لە پێوەری دووانە لە هەڵسەنگاندنی کاری هونەریی ژناندا هەیە. زۆر جار کارەکانیان وەک «هونەری ژنانە» پۆلێن دەکرێن و کەمتر بەهای پێ دەدرێت لە ڕووی نرخ و نیشاندانەوە.

سەرەڕای ئەمانە، لە چەند ساڵی ڕابردوودا نرخی بەرهەمی هونەرمەندانی ژن بە ڕێژەیەکی خێراتر لە هونەرمەندانی پیاو زیادی کردووە، هەرچەندە هێشتا جیاوازییەکی زۆر هەیە. پێشبینی دەکرێت بەم ئاراستەیە بەردەوام بێت و بەرەبەرە جیاوازییەکان کەم بێتەوە. هەروەها تەکنەلۆژیا نوێیەکان و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان دەرفەتی تازەیان بۆ ژنان دروست کردووە تاوەکوو بێ پێویستی بە ناوەندە کلاسیکییەکان، بەرهەمەکانیان نیشان بدەن و بفرۆشن.

# ژن و هەندێک
# پرۆژەی دۆستی ژینگە

ژنان رۆڵێکی سەرەکییان هەیە لە بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکانی وەک: خاک، ئاو، دارستان، وزە و...هتد، هەروەها پەیوەندیی راستەوخۆ هەیە لە نێوان تەندروستیی ژنان و کەمیی سامانە سروشتییەکان، بەتایبەتیی لە ناوچە دوورەدەستەکان و ئەو شوێنانەی کە بەدەست کەمیی سەرچاوەکانەوە دەناڵێنن، ئەوەش وا دەکات ژنان هەوڵەکانیان دووهێندە بکەن بۆ دەستەبەرکردنی بژێویی خێزانەکانیان لە رووی گەڕان بەدوای سەرچاوەی ئاو و خۆراک بۆ بەردەوامیی ژیان و بەکارهێنانی سەرچاوەی ناتەندروست بۆ بەرهەمهێنانی وزە، وەک: دار و خەڵووز...

پرۆژە ژینگەییەکان دوو سوودی گرنگیان هەیە؛ یەکەمیان سوودی مادی و دارایی، دووەمیشیان سوودەکانیەتی بۆ خودی ژینگە. ئەو پرۆژانەی ژینگەیین، زۆرن، لێرەدا هەندێک لەو پرۆژە سوودبەخشە داراییانەی کە گونجاون بۆ ئەو ژنانەی بەدوای کاردا دەگەڕێن، دەخەینە روو:

- بەکارهێنانی پاشماوەی قوماشی بەرگدروو و کارگەکان، خوریی کارگەکانی چنین و فەرش، پێستە و چەرمی کارگەی پێستە... بۆ دروستکردنی ئێکسسواراتی تایبەت، پێداویستییەکانی ناوماڵ و

میوانداری، یاریی بووک و جلوبەرگی بووکی منداڵ لە ڕێگەی دوورین و چنینەوە.

- **پرۆژەکانی کۆمپۆست:** گۆڕینی پاشماوەی خۆراک و خاشاک بە جیاکردنەوەیان و ئەوەی دەتوانرێت بکرێت بە زبڵی بتمۆس بۆ گوڵ و باخ، لەجیاتی بەکارهێنانی زبڵی کیمیاوی کە زیان بە تەندروستی و ژینگە دەگەیەنێت.

- **کتێبخانەی کتێبی کۆن؛** دروستکردنی کاغەز، یەکێکە لەو پیشەسازییانەی لە بەرهەمهێنانیدا درەخت بەکار دەهێنرێت، بەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی رووبەری سەوزایی لەسەر گۆی زەوی و زیانێکی گەورە بە ژینگە دەگەیەنێت، بۆیە تا بکرێت هەر کەسە لە شوێنی خۆیەوە کەمترین کاغەز بەکار بهێنین، بۆ ئەمەش دەتوانرێت کتێبە کۆنەکان بە نرخێکی کەم بکڕدرێنەوە و پاش کەمێک چاککردن بفرۆشرێنەوە. ئەم پیشەیە تەنانەت پێویستی بە دوکان و بازاڕیش نییە، دەتوانرێت فرۆشگەیەک لەسەر ئینتەرنێت بۆ ئەمە مەبەستە دابنرێت و لە ڕێگەیەوە کڕین و فرۆشتن بکرێت.

- **دروستکردنی بەرهەمی نوێ لە کەرەستەی بەکارهاتوو** (Upcycling): وەک دروستکردن و فرۆشتنی کەلوپەل و دیاریی دۆستی ژینگە؛ ئەم کارە لە ماڵەوە، یاخود لە شوێنێکی دیاریکراو بۆ دروستکردنی دیاریی دۆستی

ژینگە دەکرێت، پێویستی بە کەمێک دەستڕەنگینی و بیرکردنەوەی ژینگەیی هەیە. لە ڕێگەی پەیوەندییەکانی ئینتەرنێت و واڵەکانەوە ریکلام بۆ کەلوپەلەکان بکرێت و نرخ و پێکهاتەکانی لەسەر دابنرێت. لەم پرۆژانەدا دەکرێت جانتا، کیسەی قوماش، یاریی منداڵ و پاکەتی خۆراک و چەندین جۆری تری کەلوپەلی ناوماڵ و دیاریی دروست بکرێن و بفرۆشرێن.

- **گەشتیاری دۆستی ژینگە** (Eco-tourism): وەک ڕێکخستنی گەشتی ژینگەیی بۆ ئەو کەسانەی ئارەزووی سەردانی ناوچە سروشتییە دەستلێنەدراوەکانیان هەیە.

– کڕینەوەی کەلوپەلی کۆن و چاککردنەوەیان و فرۆشتنیان، وەک کەلوپەلە لە تەختەدروستکراوەکانی ناوماڵ.

– کردنەوەی نووسینگەی ڕاوێژکاریی ژینگەیی لە رووی یاسایی و هەڵسەنگاندنی پرۆژەکانەوە.

– دانانی شوێنی بەکرێدانی پایسکل و هاندانی خەڵک بۆ بەکارهێنانیان، بەمەرجێک شوێنەکە گونجاو بێت، بەتایبەتییش لە کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوون.

ژنان دەتوانن لە ئاستی جیاوازدا بەشداری لە پرۆژەکانی دۆستی ژینگەدا بکەن؛ چ وەک خۆبەخش، کارمەند، دامەزرێنەر، ڕاهێنەر، یان ڕێکخەر. هەروەها پرۆژەکان دەتوانن لە ئاستی خێزان، کۆمەڵگە، شار و تەنانەت وڵاتیشدا ئەنجام بدرێن.

# ژن و
# پیشەخۆژێنییەکان

پیشە خۆژێنییە کولتوورییەکان بەشێکی گرنگن لە ناسنامەی نەتەوەیی و میراتی کولتووریی هەر کۆمەڵگەیەک. لەم بوارەدا، ژنان رۆڵێکی بنەڕەتی و گرنگیان هەیە لە پاراستن، پەرەپێدان و گواستنەوەی ئەم میراتە بۆ نەوەکانی داهاتوو.

لە مێژووی کوردەواریدا، ژنان هەمیشە پارێزەری سەرەکیی میراتی کولتووریی بوون لە ڕێگەی پیشە دەستییەکانەوە. رۆڵی ژنان لە چنین، دروستکردنی بەرگی نەریتی، رازاندنەوە و دروستکردنی کەرەستەی ماڵ، نموونەی بەرچاوی ئەم پاراستنەن. ئەم پیشانە نەک تەنیا بەرهەمی دەستی، بەڵکوو گواستنەوەی چیرۆک، ئەفسانە و بەهاکانی کۆمەڵگە بووە لە ڕێگەی نەخش و نیگارەکانەوە.

پیشە خۆژێنییە کولتوورییەکان، سەرەڕای لایەنی ئابووری، وەک بەرهەمێکی هونەرییش، رۆڵێکی گرنگ و تایبەتیان لە ژیانی مرۆڤ و مرۆڤایەتیدا هەبووە و هەیە، بەتایبەتییش ئەو پیشانەی نەوە دوای نەوە کراون و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە.

پیشە کولتوورییەکان زۆرن، دیار نییە کامیان پێش ئەوی تر دروست بووە و دەستی پێ

کردووە، بەڵام هەموویان بۆماوەیین. رۆشنبیری و کولتووری زۆربەی گەلانن و لە بەشێکی زۆریاندا هاوبەشن و هەندێکیشیان تایبەتمەندە بە گەلێک، یاخود بە ناوچەیەک، یان بە چەند خانەوادەیەکەوە وابەستەن و تایبەتن.

ئەو پیشانە سەرەتای دروستبوونیان بەهۆی پێویستییەوە بووە، دواتر بووە بە کار و یارمەتیدەر و باشکردنی دەرامەتی تاک و کۆمەڵ و بەرزکردنەوەی ئاستی بازرگانی، هەروەها بۆ رووبەڕووبوونەوەی رادەی هەژاری و بێکاری بووە.

ئەو پیشانە لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵ بوون، زۆر جار ئەستەمە بزانرێت رەسەنیی ئەو کارە دەستییانە سەر بە کام نەتەوەیە. رێکخراوی یونیسکۆ لەو رێکخراوانەیە کە ئەرکی ساخکردنەوەی مۆرکی پیشەکان دەگرێتە ئەستۆ بەپێی بەڵگە مێژوویی و جوگرافییەکان، هەندێک لەو پیشانە تا ئێستاش بەها و بایەخی خۆیان لەدەست نەداوە و هۆکارێکن بۆ پەیداکردنی بژێوی و زیادکردنی گەشتوگوزار.

لێرەدا هەندێک لەو پیشانە باس دەکەین کە لە عیراق و کوردستاندا هەبوون و بەردەوامن و مۆرکی ناوچەکەیان پێوەیە، کە دەبێت

دامەزراوەکانی دەوڵەت زیاتر بایەخیان پێ بدەن بۆ ئەوەی لەناونەچن. ئەم پیشە کولتوورییانە، وەک زمـــان و مـێـژوو مـۆرکـی نــەتــەوەن و بنەمایەکی گرنگن بۆ پاراستنی کولتوورەکەمان، نابێت ڕێگە بدەین دوژمنانمان قۆرخیان بکەن بۆ خۆیان.

**هەندێک لەو پیشانەی کە کاری ژنان بوون:**

**سابوون دروستکردن:** یەکێکە لەو کارانەی کە لە سلێمانی لەسەر دەستی ژن دەستی پێ کردووە. مـێـژووی دروسـتـکـردنـی سـابـوون لـە سلێمانی دەگەڕێتەوە بۆ یەک دوو ساڵ دوای دروستکردنی سلێمانی لە ساڵی ١٧٨٤ لە لایەن ئیبراهیم پاشای بابانەوە. کاتێک پایتەختی بابانەکان لە قەڵاچوالانەوە هێنرایە سلێمانی و قەڵاچوالان بەیەکجاری چۆڵ کرا، خەڵکەکە هەمووی هاتنە ناو سلێمانی، لەناو ئەمانەدا ژنێک هەبوو بەناوی (خەجەی خوچان)، ئەم ژنە بە لێهاتوویی و زیرەکیی خۆی توانیی سابوون دروست بکات؛ سەرەتا بە شێوەیەکی سـەرەتـایـی بـوو، لـەنـاو مەنجەڵێکی بچووک (چـەوری، بەز و پیو، دونگ)ی لەگەڵ خۆڵەمێش شەو و ڕۆژێک دەکوڵاند، دواتر دەیکردە دەفری بچووکەوە، کە سارد دەبـووەوە، بە چەقۆ لەتی

دەکردن و لە سەربان لەبەر خۆردا هەڵیدەخستن تا وشک دەبوونەوە. ئەو سابوونە بۆ جلشتن بەکار دەهێنرا.

پاش یەک دوو ساڵ، ئەم ژنە توانیی مەنجەڵەکە گەورە بکات کە پێیان دەوت «تبیان»، خۆڵەمێشەکەشی گۆڕی بۆ رووەکی «قلی»، بەو شێوەیە جۆری سابوونەکەی باشتر کرد.

ئەم خاتوونە دوو جۆر سابوونی بەرهەم دەهێنا؛ سابوونی بەز، بۆ شتنی جلوبەرگ، لەش و قاپوقاچاخ، هەروەها سابوونی سەرکەف کە بۆ دەموچاو بەکار دەهات.

دواتر خەڵکێکی زۆر ئەو کارەیان دەکرد، تا جەنگی جیهانیی یەکەم (١٩١٤) ساڵانە ٥٠٠ تەن سابوون لە سلێمانی بەرهەم دەهێنرا و دەبرا بۆ هەموو شارەکان.

تا ئێستاش ئەو گەڕەکەی کە ئەو ژنەی تێدا نیشتەجێ بوو و سابوونی لێ دەکرا، هەر بە سابوونکەران بەناوبانگە، بەڵام بەداخەوە، بەهۆی داگیرکردن و حوکمی بێگانە، ئەو پیشەسازییە گرنگە لەناوچوو و شاری سلێمانی لە شاری بەرهەمهێنەری سابوونەوە گۆڕا بۆ شاری بەکاربەری سابوون.

**جۆڵایی**: جۆڵایی بۆ دروستکردن و چنینی جاجم، بەڕە، پۆپەشمین، بەرماڵ، شاڵی رانکوچۆغە و گەلێک کەلوپەلی جوانکاریی ئەسپ و وڵاخ... بوو. بۆ نموونە؛ جاجم بە دەزووی لۆکە یاخود خوری دروست دەکرا، کە هەندێک جار سیمیان تێکەڵ دەکرد و رەنگ دەکران، جۆڵاکان شارەزا بوون لە نەخشکردنیان و ئیلهامیان لە کولتوور و ژینگەی کوردستان وەردەگرت. بەداخەوە، ئەم کارەش لەناوچووە و بەدەگمەن دەبینرێت.

ئەم کارەش زۆربەی بە شان و بازووی ژنان دەکرا و بە ئامێرە سەرەتاییەکان بەرهەمی نازدار و ناوازەیان دروست دەکرد.

**تەشیڕستن و تەون**: زیاتر بۆ خوری یاخود لۆکە بەکار هاتووە. ئەم کارەش ژن کردوویەتی و لەوبارەیەوە وتراوە پیاو دوو ژنی ویستووە (یەکێک بۆ تەون و تەشی، یەکێک بۆ قسەخۆشی). چەرخەش هەبووە بۆ مووڕستن و دەکرا بە بەن. هەروەها خەڕەکیش هەبوو، کە ئامێرێک بوو بەنیان پێ هەڵ دەکرد. ئەم پیشەیە زیاتر ژنە دیانەکان دەیانکرد.

**چنینی لفکە و پووزەوانە و گۆرەوی**: لە خوری و بەن دروست دەکران، هەر لە شووشتنەوەی خوری و رەنگکردن و تەشی رستن، هەمووی کاری

ژن بوون و پاش دروستکردنیان لە بازاڕەکاندا دەفرۆشران. لفکەی ئایا لە سلێمانیدا بەناوبانگ بووە.

**دروستکردنی کڵاو:** هەر ناوچەیە جۆرێکی تایبەتی کڵاویان دروست دەکرد. لە شاری کۆیە کڵاوی پیاوان زۆر تایبەت و ناوازە بوو. هەر لە بڕین، دوورین، چنین، نەخشاندن، فتیلەکردن و لەقاڵبدانی، هەمووی کاری ژنان بوو. دواتر لە بازاڕەکاندا یاخود دەستگێڕەکان دەیانفرۆشت. بەداخەوە، ئەمەش زۆر کەم بووەتەوە و خەریکە نامێنێت. جۆرێکی تری کڵاو هەبوو بە قولاپ و دەرزی دەچنرا، ئەمانە زیاتر لە ناوچەکانی هەورامان هەبوو.

**دروستکردنی زەرف:** زۆر جار لە کاغەزی کیسەی چیمەنتۆ دروست دەکران. بەرگی یەکەم و ناوەوە فڕێ دەدرا و ئەوانی تر دەبڕدران و بە هەویر دادەخران، پاشان لەبەر هەتاو وشک دەکرانەوە و دەدران بە دوکاندارەکان لە بەرانبەر پارەدا. هەندێک جاریش لە پەڕەی کتێبی کۆنی خوێندنگەکان دروست دەکران.

**کاری جگەرە:** هەر لە بژاری تووتن و چاککردن و کوتانی تا جگەرەتێکردن و هەڵپێچانیان

(سەرگرتنەوە)، ئەم کارانە ژنان بۆ دوکاندارەکان دەیانکرد و لە بەرانبەردا پارەیان وەردەگرت.

**بەرگدوورین:** بە تاک یاخود بە پارچە و کۆ ژنان لە ماڵەوە جلیان دەدووری بە مەکینە یاخود بە دەست. ئەم پیشەیە تاوەکوو ئێستاش لەسەر ئاستێکی بەرفراوان بەردەوامی هەیە و ژنان لە ماڵەوە یاخود لە دوکان و کارگەکانی تایبەت بە جلوبەرگدا کار دەکەن.

**نەخشاندنی جلوبەرگ:** هەندێک ژنی دەستڕەنگین بە موور و دەزوو و دەزوویی ئاڵتوونی و سیمی پوولەکە جلوبەرگیان دەنەخشاند، ئەم کارە تا ئێستاش بەردەوامە و پەرەشی پێ دراوە.

**نەخشی ئەتەمین و چنین:** بەتایبەتی بۆ چەرچەف و چەرچەفی بێشکە و سەربێشکە دەکرا.

**کاری زەنگیانە:** بۆ چنین یان نەخشاندنی چەفتە، چارۆگە، سەرپۆش، ژێرچەنە، سەرپەرچەم و بازن دەکرا، ئەم کارەش هەر لەلایەن خانمانی دەستڕەنگینەوە دەکرا.

**دروستکردنی لێفە و دۆشەک و سەرین:** زۆربەی جار ئەم کارە دیانەکان دەیانکرد، کارێکی پێکەوەیی ژن و پیاو بوو. لێفە و دۆشەک لە لۆکە یان خوری دروست دەکران و دەدووران، سەرین و بالیفەکانیش لە پەڕی پەلەوەر دروست دەکران.

**خومچێتی**: ڕەنگیان دەکردە کوپە و مەرکانەی گەورەوە و قوماشی خام، بلووری، شاڵ، کڵافە و بەن و جارجاریش خورییان تێدا ڕەنگ دەکرد. ئەم کارە ژن و پیاو پێکەوە لە خومخانەدا دەیانکرد. هەروەها

چویتییش هەبوو، کە جۆرە ڕەنگێک بوو (شینی ئاسمانی)، قوماش و جامانە و دەرپێی خامی سپی و چەرچەفیان پێ ڕەنگ دەکرد.

**جلشتن و نانکردن**: نان بە ساج و بە تەنووریش دەکرا، ئەم کارکردنە زۆر باو بوو، هەموو کارەکە بە دەست دەکرا و کاری ژن بوو. لە ئێستاشدا هەندێک خانم هەن بۆ بژێویان کاری نانکردن دەکەن و پێیان دەوترێت «نانکەر»، جا لە ماڵی خۆیاندا بێت یاخود لەو شوێنانەی تایبەتن بەو کارە.

**مامانی**: کارێکی زۆر گرنگ بوو، ئێشتاش لە زۆر شوێن ماوە و ئەو ژنەی کە منداڵەکە لەسەر دەستی دەبوو، پێی دەوترێت «مامان»، ڕێزێکی تایبەتیی هەبوو و وەک دایکی دووەم سەیر دەکرا. کارێکی ئاسان نەبوو، ئەو خاتوونانەی ئەم کارەیان دەکرد، دەبوو شەو و ڕۆژ ئامادە بن، خۆشیان کارەکەیان زۆر لا مەبەست بوو، چونکە لەسەر

دەستیان ژیانێکی نویێ دەهاتە بوون و نەدەبوو هیچ کەمتەرخەمییەک بکەن.

**کارکردن لە ماڵاندا:** ئەمەش کارێک بوو ژن و پیاو دەیانکرد، بەڵام زۆرێک لەوانەی ئەو کارەیان دەکرد، ژن بوون.

**حەمامچی و ناتری حەمام:** جاران زۆرێک لە ماڵەکان حەمیان نەبووە یان وەک پێویست باش نەبووە، بۆیە حەمامی دەرەوە زۆر هەبووە و یەکێک بووە لە پێویستییەکان هەر شار و شوێنێک، ئێستا بەهۆی بوونی حەمامی باش و سەردەمییانە لە هەموو ماڵێکدا، زۆر کەمبووەتەوە و وەک جاران نەماوە. کاتی خۆی یان حەمامی تایبەت بە ژنان هەبوو، یاخود لە حەفتەیەکدا چەند رۆژێک تەرخان بوو بۆ ژنان، لەو کاتانەدا حەمامچیی ژن و ناتر هەبوو، کە ژنێک بوو بە پارە خانمی تری دەشێلا یان دەشووشت.

**دروستکردنی سپیاو:** سپیاوی قەڵایی لەلایەن هەندێک ژنەوە دروست دەکرا و بە مسقاڵ دەفرۆشرا، سپیاوی سۆیبە بەناوبانگ بوو.

**دروستکردنی ملوانکەی مێخەک و سمڵ:** بۆ بۆنخۆشی و جوانی بوو، ژنان دروستیان دەکردن و لە بازاڕدا دەفرۆشران.

**جوانکاری:** کاتی خۆی ئەو ژنـەی ئەو کـارەی دەکـرد، پێیان دەوت «دەمـوچـاوهـەڵگـر»، وەک سالۆنێکی گەڕۆک وابوو، لەو کاتانەی پیاوان لە ماڵ نەدەبوون، بانگ دەکران بۆ ماڵان.

**بەربووک:** ژنێکی باوەڕپێکراو بوو، لەگەڵ بووک دەنێردرا بۆ ماڵی زاوا.

**دروستکردنی گوڵاو:** لە زۆر شاری کوردستان، بەتایبەت لـە رۆژهــەڵات زۆر بـاو بـوو. ژنـان گوڵەباخە بۆنخۆشەکانیان لێ دەکـردەوە پێش ئەوەی هەتاو و مێرووەکان لەناویانبەرن، دواتر گەڵای گوڵەکانیان هەڵدەوەراند و دەیانشووشتەوە و دەخرایە ناو مەنجەڵێک و ئاوی تێ دەکرا، لە ناوەڕاستی مەنجەڵەکەدا دەفرێکی قووڵ دادەنرا بە سـەرقاپی قایم دادەپـۆشـرا، هەندێک جار بە هەویر دەوری سـەرقاپی مەنجەڵە دەگـیـرا، کە دەکەوتە هەڵم، پارچەیەک سەهۆڵ یاخود پەڕۆی سارد دەخرایە سەر مەنجەڵەکە و هەڵمی ئاوەکە دەبـووە ئاو و دەکـەوتـە نـاو دەفـرەکـە، ئەمەش دەبووە گوڵاو و لە بازاڕەکاندا لەناو شووشـەدا دەفرۆشرا.

**هەرشتەبڕینەوە:** ئەم کارە لە ناوچەکانی کۆیە زۆر بـاو بـوو، زیاتر ژنـە دیانەکان دەیانکرد و برژاندنیشی هەر ژن دەیکرد.

**مەڵۆ نانەوە:** پیاوان گەنم و جۆیان دەدووریییەوە و ژنـان دەیانکرد بە مەڵۆ و کۆیان دەکردنەوە. ژنانی گوندی وەک پاڵە ئەو کارانەیان دەکرد.

**دەستاڕکردن:** هەندێک ژن هەبوون لە بەرانبەر بڕێک پـارەدا دەچـوونـە مـاڵان بۆ هاڕینی گەنم، ساوەر و قەرەخەرمان.

**وشککردنەوەی میوە:** بەتایبەتی مێووژ، کشمیش، قەیسی، هەنجیر، توو و فرۆشتنیان لە بازاڕ.

**وشککردنەوەی خـۆراک:** چەندین جـۆری خـۆراک وشک دەکرانە بە مەبەستی هەڵگرتیان بۆ وەرزی سـەرمـا یـاخـود فرۆشـتـنـیـان، لـەوانـە: کـەشـک، دانــدۆک، دۆیـنـە و ترخێنە... هـەروەهـا چەندین جۆری خواردنی کولتووریی دیکە دروست دەکرا بەمەبەستی فرۆشتنیان، جا لە ماڵەوە بێت یاخود لە بازاڕدا، وەک: سەمەنی، رووبەهەنار، باسووق، دۆشاو، تەڕەساس، ترشیات و شێلمبەترش... ئەم کارە تاوەکوو ئێستا هەر هەیە و پەرەی پێ دراوە.

**سوێرکردن:** ژنـان لە ماڵەوە قـەزوان، چواڵە و چەقالەیان سوێر دەکرد و بە خەڵک و بازاڕیان دەفرۆشت.

**دروستـکـردنـی شیرینی:** سـەرەڕای ئـەوەی هـەر ناوچەیەک شیرینییەکی تایبەت بە خـۆی هـەیە، لەگەڵ ئـەوەش، شیرینییەکان بەگشتی لەلایەن

ژنانەوە دروست دەکران و دەفرۆشران. بۆ نموونە؛ لە سلێمانی چەندین جۆری شرینیی وەک: کێک، کولیچە، پاقلاوە، برمە (بەتایبەتی برمەی ئامەی جۆڵا)، حەلاوە تەیب، شروبی، محەلەبی و کاستەر و جۆرەکانی تر هەبوون.

ئامینە خانی جۆڵا، ناسراو بە ئامەی جۆڵا، جۆرێکی تایبەت لە برمەی دروست کردووە کە تا ئێستاش دروست دەکرێت، ئەوەندە پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە وەک براندێکی لێ هاتووە، دەیان کەس بەم ناوەوە ئەم کارە دەکەن و بە سەدان ژن کاری تێدا دەکەن.

دروستکردنی ناوساجی، شلکێنە و کەلانە: ئەم جۆرە کارەش کاری ژن بوو، بەڵام ئێستا پیاوانیش ئەم کار دەکەن و بازاڕیان لەبرەودایە.

**فرۆشتنی پەنیر**: بەتایبەتی پەنیر ژاژی و پێستە، ئەمانەش ژنە رەوەندەکان لە شاخەوە دەهاتن بۆ ناوشارەکان و دەیانفرۆشت لە بەرانبەر پارە یاخود ئازووقەدا.

**دەرمانی گیایی**: زۆر ژن هەبوون شارەزاییان هەبوو لە دروستکردنی دەرمانی میللیدا، لە گژوگیا و بنێشتەتاڵ و سمڵ و زاخ و چەندین کەرەستەی تر.

دروستکردنی تەندوور، کەندوو، کوپە و ئاگردان: ئەمانە لە قوڕ و کا دروست دەکران. کەندوو، بۆ هەڵگرتنی خۆراک بەکار دەهات.

**دروستکردنی شانە و تیرۆک:** ئەمانە ژنە دۆمەکان دەیانکرد و وەک دەستگێڕ دەیانفرۆشت.

**دروستکردنی سەبەتە (سەوەتە):** تریانە، قوڵینە، تریانەی قوول، پڵاوپاڵێو... دروست دەکران و بۆ بەکارهێنانی رۆژانە و هەڵگرتن و پاراستنی خۆراک بەکار دەهاتن. ئەمانە لە شووڵکی تەڕ دروست دەکران، ئەو شووڵکانە چەند باریکتر بوونایە، کارەکان سفت و جوانتر دەردەچوون.

**کاری دەستی بە قامیش:** قامیش رووەکێکە بەچڕی و بە رووبەرێکی فراوان لە ناوچە زۆنگاوەکان و رۆخی رووبارەکان دەڕوویت. ئەم قامیشانە کۆ دەکرێنەوە و دەکوترێن و بە چەند هەنگاوێک ئامادە دەکرێن، دواتر دەچنرێن و حەسیر، یاخود فەرش، باوەشێن، سەبەتە و کەندوویان لێ دروست دەکرێت. هەروەها لە باشووری عیراق خانووی قامیشەڵان و میوانخانەی لێ دروست دەکرێت، کە شاکارێکی تەلارسازیی دابونەریتییە لە سەردەمی سۆمەرییەکانەوە دەستی پێ کردووە و بەردەوامە.

**کڵاشی هەورامان** (**کڵاشی دۆمی**): ئەم کارە ژن و پیاو دەیکەن؛ زیاتر پیاوان بنی کڵاشەکە دروست دەکەن و ژنانیش سەرەوەی دەچنن. کەوشێکی رەسەنی کوردییە و لەدێرزەمانەوە هەورامییەکان دروستیان کردووە. جاران تەنیا بۆ پیاوان دروست دەکرا، بەڵام ئێستا پەرەی پێ دراوە و جۆری تایبەت بۆ ژنانیش دروست دەکرێت.

ئەمانە و چەندین جۆری تری کاری کولتووری و خۆژێنی لەلایەن خانمانی بەسەلیقە و دەستڕەنگینەوە دەکران و بەشێکیان تا ئێستاش بەردەوامی و پەرەیان پێ دراوە.

لە سەردەمی ئەمڕۆدا، رۆڵی ژن لە پیشە خۆژێنییەکاندا بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە؛ ژنان نەک تەنیا وەک بەشدار، بەڵکوو وەک پێشەنگیش لە دنیای کار و بازرگانیدا دەردەکەون.

لە رابردوودا، بەشداریی ژنان لە دنیای کاردا سنووردار بووە، زۆربەی کات ژنان لە چوارچێوەی ماڵەوە کاریان کردووە و دەرفەتی پیشەیی کەمتریان بۆ رەخساوە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا، ئەم بارودۆخە بەشێوەیەکی ئەرێنی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. ژنان توانیویانە سنوورەکان ببەزێنن و ببنە خاوەنی پیشە و کاری خۆیان.

لەم نێوەندەدا، پیشە خۆژێنییە کولتوورییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پاراستنی میراتی کولتووری و بەهێزکردنی ئابووریی ناوخۆیی. ژنان وەک بەشێکی سەرەکی لەم پرۆسەیەدا، دەتوانن لە ڕێگەی داهێنان و بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ، ئەم پیشانە بگەیەننە ئاستێکی بەرزتر. پشتگیریکردنی ژنان لە پیشە خۆژێنییە کولتوورییەکاندا، واتە پشتگیریکردنی پاراستنی میراتی کولتووری و بەهێزکردنی ئابووریی کۆمەڵگە.